KURDISTAN



# سەفەرەکانی پاریس و کوردستان نامەی ژمارە ٢٥

بیشاپ(ئیزابیێلا ئیێل بیرد)

وەرگێران : کەماڵ حەسەنپوور

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# سەفەرەکانی پارس و کوردستان نامەی ژمارە ٢٥

## گاخەود ١٨ ی سێپتامبر



خانمی بیشاپ (ئیزابێللا ئێل بیرد) جیهانگەڕێکی ئینگلیسی، لە یەکی ژانوییەی ١٨٩٠ سەفەرێکی بەناو پارس و کوردستان دا لە بەسرەوە دەستپێکرد کە دوو ساڵی پێچوو. دوای گەڕانەوە، خانمی بیشاپ بەسەرهاتی ئەم سەفەرەی لە تویی کتێبێکی دوو بەرگی بە ناوی "سەفەرەکانی پارس و کوردستان" بڵاو کردەوە.

نامەی ژمارە ٢٥ کە باسی سەفەر لە هەمەدان بەرەوە ورمێ دەکا بەشی هەرە زۆریم وەرگێڕاوەتەوە و لێرە بە چەند بڕگەیەک پێشکەشتانی دەکەم کە هیوادارم بە دڵتان بێ.!

-------------------

ئەمە سەفەرێکی دژوارە. ئوروپایی زۆر بە دەگمەن بەم ڕێگایانە دا ڕۆیشتوون، مەنزڵگەکان لێک دوورن و منیش بە ڕاستیی هێندە ساغ نیم کە سەفەر بکەم، چونکە نەمتوانیوە تاوەکە (تەب) لە کۆڵ خۆم بکەمەوە. بەڵام ڕۆژ و شەوگاری سارد رزگارییدەرمن.

دۆستە هەمەدانییەکانم بەدرەقە (هاوڕێیی بەڕێکردن) یان کردم، خاتوو سی ئێم، ئاغای واتسۆن، قەشە ئۆڤانێس و کوڕەکەی، گشتیان بە سواری ئەسپ، خاتوو واتسۆن و کۆرپەکەی بە سواری گوێدرێژ و چەند خزمەتکارێکیش بە پێیان، و خانمی ئێم و خاتوو ئالێکساندر بە کالیسکەیەکی ئامریکایی کە جووتە ئەسپێک ڕایاندەکێشا، دوکتور ئالێکساندێر، پیاوێکی دوومیتر بەرز و زۆر باریک وەک "پێشقەراول" سواری یەکیان ببو تا کالیسکەکە بە شوێنی دژواردا بپەڕێنێتەوە، ئیبراهیم هەمووکارەی ژنەکان بە تفەنگێک بە پشتییەوە و سواری ئەسپ بەدوایاندا دەهات. دوو لە ژنەکان و قەشە خۆجێییەکە شەو مانەوە. گەڕانەوە بۆ ژیانی کەمپی شتێکی خۆش نەبوو، چونکە یوهانێس هیچی لێ نازانێ و هەموو شتێک تێکەڵ پێکەڵە. یەکەم بەیانییش خۆش نەبوو، چونکە وەڵاغدارەکە،



سەرچاوە
Serchawe

شاربان، هات و بە نارەزایەتیی و بە دەنگی بەرز قسەی دەکردن و دەیگوت ئەگەر لەگەڵ کاروانە مەزنەکە نەڕوا و لەگەڵ ئەوان پشوو نەدا ئەوان تەنیا پیاوێکم پێدەدەن و چەند هەڕەشەیەکی تریشی پێوە زیاد کردن. خاتوو ئێم لێی تووڕە بوو، و ڕێککەوتنەکەیانی وەبیر هێناوە و ئیبراهیم پێی گوتن ئەگەر ڕێککەوتنەکە بەو شێوە کە هەڕەشەیان کردبوو پێشێل بکەن، " لە کاتی گەڕانەوە بۆ هەمەدان هێندە دار بخۆن کە لە ژیانیاندا نەیانخواردووە." ("دارخواردن" دەستەواژەیەکە کە بۆ شولک لە ژێر پێ دان بەکار دێ). بەزم و هەڵلای بەرەبەیانی شتێکی ئاساییە و خاتوو ئێم پێی وابوو کە هەموو شتێک جێبەجێ دەبێ و ئامۆژگاریی کردم کە بچمە کوولتەپە، یەکەم مەنزڵگە کە وەڵاغدارەکە دەستنیشانی کردبوو.

نزیکەی ١٣ کیلۆمیتری نێوان هەمەدان و بەهار باغ و مەزرایە. جۆگە و دارەبی و گوندی جۆراجۆر بە دارستانی زۆر و بەهار لە باغی میوە و سنەوبەراندا نوقم بووە. ئەوێ شوێنێکە کە ڕێژەی دانیشتووانی ١٥٠٠ کەسە و خانووی ڕێکوپێک، مزگەوتی بچووک و حوجرەی فەقێیانی لێیە. لەوێ مافوورە (فەرشی تەنک) دروست دەکرێن، و جگە لە گەنم، جۆ، لۆکە، تۆوی ڕۆنی و ڕێژەیەکی بەرچاو میوە بەرهەم دێت کە بازاڕێکی ئامادەی لە شار هەیە.

خاتوو ئێم و فەشە ئۆڤانێس لە یەکەم مایل (مایلی ئینگلیسی دەکاتە ١٦٠٩ میتر) هاوڕێم بوون و لەگەڕانەوە دا تووشی کاروانەکە بوون و داوایان لە شاربان کرد کە بە جیا بڕوا. هەر کە ئەوان لەبەرچاو ون بوون، ئەو پیاوێکی نارد و سەرەڕای ڕێنوێنییەکانی میرزا، ئێسترەکانی منی لەگەڵ کاروانە مەزنەکە تێکەڵ کردن، یەکەم سکاڵا ئەوەبوو کە ئاژەڵە بارهەڵگرەکان هێندە باریان قورس بوو کە نەیاندەتوانی تەنانەت دوو مایل لە کاتژمێرێکیش دا بڕۆن و من پێنج مایل ڕۆیشتووم، بەڵام پێویستە تەنیا سێ مایل بڕۆم بۆ ئەوەی کە وەدوا نەکەوم. من لەوەی کە یوهانێس لەگەڵمە سپاسگوزارم چونکە خەڵکی ئاسایی لەم ڕێگایەدا زۆر کەم بە فارسی قسە دەکەن.

لەولای بەهار ڕێگاکە بە ناوچەی تەخت و کەمێک بەرزدا تێپەڕ دەبێ کە جۆگە و کانی لێ نییە و ئێستا سووتاوە (بە گەرما هەڵقرچاوە). یەک یا دوو گوندی بچووک لە سەر ڕێگایەن و چەند بورجی وێران لە سەر تەپۆلکان، بۆ چاودێریی چەتان کە بە زەحمەت دیمەنی ئەم ڕێگا یەکدەستە ٢٤ مایلییە دەگۆڕن.

کاتژمێر سێ، دوای نزیکە ٣٠٠ میتر هەڵگەڕان، گەیشتینە گوندی بچووکی کوولتەپە کە دیوارەکانی گەلێک خراپ بوون و چەند مەخزەنی ئاوی لە ژێرەوە هەن ، چەند حەوزێک کە بە جۆگەیەک بەیەکەوە پەیوەندییان هەبوو و شوێنێکی لێبوو بۆ خستنی بار لەگەڵ مەیدانێکی چیمەن کە زۆربەی لە لایەن دوو کاروانی تورک داگیر کرابوو کە هەرکامیان ١٠٠ ئەسپ دەبوون و دە کەس لە هەرکام لە کاروانەکاندا. بارەکان گشتی بە ڕێکوپێکی پێچرابوونەوە و بە بەڕان داپۆشرابوون سەگی مەزن و شەڕانی چاودێرییان دەکردن.

من لە کاتێکدا کە زۆر هەست بە نەخۆشیی دەکەم لە خێوەتە بچووکەکەم دا درێژ دەبم. کاتژمێر چوار-پێنج تاو هەڵات بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

کاروانەکە نەگەیشتێ. یوهاننێس نەخۆش بوو بەڵام چوو بۆ ناو گوندەکە تا سەماوەرێک بەکرێ بگرێ و چا و هەندێک پێداویستییتر بکڕێ. نە سەماوەری لێبوو و نە پێداویستییتر، تەنیا خواردنی ئەسپ، پەنیری سندە و نانی پان کە هێندە ترش و پیس بوو کە نەدەخورا. زۆر دوای تاریکبوون کەمێک شیریان هێنا. بۆی (ئەسپەکەی نووسەر) بە ماڵێکەوە بەسترابۆوە، و منیش خۆم لە پەتوەکەی و چەند پەڕۆی ترەوە پێچا کە پێمبوون و هەوڵم دا باشترین کەڵک لە هەلومەرجەکە وەرگرم، هەوڵم دا بخەوم، بەڵام زۆر سارد بوو و شوێنەکە زۆر مەترسیدار بوو و یوهاننێسیش کە ساچمەی لە تفەنگەکەی کردبوونەوە لە جیاتی ئێشک بکێشێ لە ماندوویان خەوی لێکەوتبوو. کاتژمێر یازدە دەنگی میرزا کە گوتی " خانم، ئەم وەڵاغدارانە بەکەڵک نایەن، ئەمانە پیاوی خراپن" زۆر دڵخۆشکەر بوو. ئەوان لە نیوەی ڕێگادا وێستابوون و چواریان، لەناویان دا باوکی شاربان، ئەویان بە زەبری زۆر لە ئەسپی هێنابۆ خوار و بارەکەیان لێ داگرتبوون. ئەو لە شوانی گوندەکە، کە چەند کاتژمێر لەگەڵیان لە سەر چەند ئەسپان بە کێشە هاتبوو، پاڕابۆوە و ڕازی کردبوو کە ئێسترێکی بداتێ، و بە چادری خزمەتکاران، پێخەوی من، و شتی حاوانەوەی تر و دوو ڕێپیشاندەری چەکدار هاتبوونە کوولتەپە.

خێوەتە گەورەترەکە هەڵدرا و من چوومە ناو جێ، بە نەبوونی هەرزاڵەکەی کە لە میچی خێوەتەکەی کابولم هەڵدەواسرا و شتێکی باش دژی جەردان بوو ، هەرچی هەمبوو لە ژێر پەتوەکانم هاویشت و کارێکی وام کرد کە شتەکانیتر لە ناوەندی چادرەکەدا نزیکی خۆم بن. من هەروەها مۆمێکم هەلکرد چونکە بیستبووم کە کوولتەپە شوێنێکی مەترسییدارە. نیوە شەو کاروانە تورکەکان دەستیان بە هەراوهوریا کرد، دەنگی وەڵاغدارەکان، هاواری مێرمنداڵانی گوندەکە، حیلکەی ئەسپەکان، وەڕینی سەگەکان، تەقەی تفەنگان و زرینگەی ٢٠٠ زەنگوڵان هەمووی وەک دەنگێکی زۆربەرز وەک هی زەنگوڵەی بورجی کلیسا دەچوو کە بە مارش بڕۆن.

چوومەدەر تا دڵنیا بم کە هێچ نەقەوماوە، دیتم خزمەتکارەکانم لە خەوی قورس دان و دڵم نەهات وەخەبەریان بێنم، چاوم لە گەرماپێوەکە کرد دیتم یەک پلە ژێر سفر بوو، ڕاکشامەوە و خۆم بە پەتویەک داپۆشی چونکە دۆخی لەرزەی تاوەکەم دەستی پێکردبوو. وڵات بێدەنگ بوو و دوای ماوەیەک لە بێدەنگیی دا دەنگی سەگێک هات کە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو ( هەروەک فکرم دەکردەوە) هەستم دەکرد لە دەرەوەی چادرەکەم بێ. ئاگام لە هیچ نەبوو تا وەژوور نەکەوت، کاتێک کە ڕابووم و هاوارم کرد، دیتم کەسی لێ نییە و گوێم لێبوو کە دەنگی پێی مرۆڤێک دێ کە ڕادەکا. هەڵاتمە دەر و چەند فیشەکێکی بەتاڵم لە ئاراستەی دەنگی هەنگاوەکان تەقاندن بەو هیوایە کە ڕووناکاییەکەی تاوانکارەکە ئاشکرا بکا، بەڵام ئەو لەمن چوستوچالاکتر بوو. میرزا غاریدایە ناو گوندەکە و کوێخای ئاگادار کردەوە، بەڵام شتەکەی بە بێدەنگی وەرگرت و گوتی چەتەکان تورک بوون، کە هەڵە بوو. من پێشنیاری دەستخۆشانەیەکی زۆرم کرد بەڵام بێسود بوو.

١ی ئەپریلی ٢٠١٨

## نامەی ژمارە ٢٥

### بەشی دووهەم

کاتێک کە ڕۆژ بۆوە من لێکۆڵینەوەم کرد بزانم چییان لێ دزیوم و بۆم دەرکەوت سەرجەم شتە پێویستەکانم لەکیس چووبوون. کڵاوخودە چێوپەمەیەکەم، چەکمەکانم، دەستەوانەکان، چەتری هەتاو، گۆرەوی، سەرجەم لیباسەکانی ژێرەوە کە هێندە نەبوون، گشت شانەکانم، خاولی، سابوون، مەقەست، دەرزی، دەزوو، ئەنگوستیلەی دروومان، چەند چەقوی باش کە عەزیز زۆر خوازیاریان بوو و هەموو ڕۆژێک سێ چوار جار کەڵکیان لێوەردەگیرا، دەسرەیەکی گەورەی ئاوریشم کە تەمەنی سەد ساڵ دەبوو و من بۆ خۆ پاراستن لە هەتاو بەخۆم دادەدا، ماسکەکەم، کیفی دەمانچە، کلیلە، قەڵەم، فلچەی ڕەسم کێشانەوە، ڕەسمی کێشراوە، یادداشتی سەفەران و لیوانێک، گشتی دزرابوون. لە هەموو شتێک خراپتر ئەوە بوو کە پێنووسە زێڕەکەم، کە لە هەژدە ساڵی ڕابردوودا پێم نووسیبوو، ئەویش دیار نەمابوو. جگە لەمانە، بۆ ڕزگاربوون لە ماوەی دوور و درێژی چاوەڕوانیی هەڵدانی خێوەتەکەم، و کاتژمێرەکانی پشوودان کە ناچارم لە سەر جێگاکەم پێش خەوتن بیبەمە سەر، گوڵدۆزییەکی مەزنم لە ڕووی نەخشەیەکی کۆنی ئیرلەندی دەستپێکردبوو، نەخشی عەرەبیی بە ڕەنگی ڕەش، نەخش و نیگاری لە ڕەنگی قەیسی، سەوزی کەمڕەنگ، پەمبەیی و شین بە کەناری زەرد. زۆر چێژم لەم کارە وەردەگرت، و بۆ پشوودانی ماوەی ئەم سەفەر حیسابم لەسەر دەکرد. ئەویش لەگەڵ گشت ئاوریشم و زێڕ وەک کۆتاکەرەوەی کارەکە بردبوویانن. ئێستا لە دوای کۆتایی مارشە درێژەکاندا هیچ شتێک نییە بیکەم، و زۆر بە سەختی دەتوانم بەو پێنووسە بنووسم و ئامرازی نیگارکێشاوەنەوەکانیشم لە کیس چوون، داهاتوویەکی وەڕەزکەر چاوەڕوانمە. ئەگەر شاربان سەرپێچی نەکردبا و لە پشت چادرەکەم وێستابا ئەمە نەدەهاتە پێش. ئێستا دەزانم چۆنە بۆ ئورووپاییەک کە بێ شتە "پێویستەکانی ژیان" بێ و ناتوانم تا سێ حەوتووی تر قەرەبوویان بکەمەوە.

کاروانەکە کاتژمێر ٩ هات و من زوو چوومە ناو خێوەتەکەم و زۆربەی کاتی ئەو ڕۆژم بۆ دروست کردنی کڵاوێک بە لول کردنی کەتان و لۆکە لە ناو دەستە سڕان و دروونیان وەک جۆرە شەدەیەک بە دەرزی تەبەنە و قەیتان کە لە میرزام وەرگرتبوو تێپەڕ کرد. من توانیم لە گوندییەک جووتێک کڵاشی دەستی دوو - بەکەڵکترین کەوش، کە لای سەرەوەی لە قەیتانی ئەستوورە کە لێرە ژنان دەیچنن و لە لای بەختیارییەکان پیاوان دەیچنن پێکهاتووە، و بنەکەیان پەڕۆی لێکدرواوی کوتراوە. ئەم بن و سەرەکەیان بە پلێتە چەرمی ئەستوور لێکدرواون و لە شوێنی پاشنە و پەنجەی لاق وێکهاتوونەوە. کڵاش زۆر ڕاحەت و خۆشن و بۆ کەشوهەوای وشک و بۆ سەرکەوتنی چیا خۆڕاگرترین کەوشن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بە باشترین شێوە بەرەوڕووی ناخۆشیی لە کیس چوونی شتەکانم ببمەوە. "گریان بۆ شیری ڕژاو بێ سوودە!."

ڕۆژی پێشتر، کاتێک کە وەڵاغدارەکان میرزایان لەسەر وەڵاغەکەی ڕاکێشا خوار و ئەو بە ڕێککەوتننامەکە هەڕەشەی لێیان لێکرد، ئەوان وڵامیان داوە کە ئەوە درۆیە و ئەوان هیچ ڕێککەوتنێکیان جگە لە گەیاندنی من بۆ ورمێ لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا نەکردووە و کە



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان لە شازادەی حاکمی هەمەدان ناترسن، "چونکە ئەو هەمیشە خەوتووە، و فەرەنگییەکەش تەنیا خانمێکە." من پەیامم بۆ ناردن کە پێم خۆشە نیوەڕۆ کوولتەپە جێهێڵم. ئەوان وەڵامیان داوە کە جووڵەی ناکەن. من لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دابووم، چونکە ئەوان پێشەکیی پارەی حەوت ڕۆژیان وەرگرتبوو و منیش چیتر باسی وەرێکەوتنم نەکرد. بەڵام، لای نیوەڕۆ میرزام نارد تا ڕێککەوتننامەکەیان بۆ بخوێنێتەوە و شاربان و باوکی نەیانەدەتوانی حاشا لە ڕەسەنایەتیی مۆرەکە بکەن، و کەسێکی بەتەمەنی گوندەکە کە خوێندەوار بوو شاهیدیی دا کە میرزا دروستی خوێندۆتەوە.

ئەوکات دیتیان کە خۆیان خستۆتە "چەرمەسەرییەوە" و وەڵامیان نارد کە دڵفراوانیی خۆیان بە گوتنی "لاقەکانت [کەوشەکانت] لە سەر چاوانمانە" نیشان بدەن، ڕستەیەک کە بۆ نیشاندانی دڵفراوانی دەگوترێ. من ئەوڕۆژی خۆم تێنەگەیاندن، بەڵام لە کاتی خۆرئاوابووندا ناردم بە دوای شاربان و بە میرزام گوت قسەکانم دەقاودەق وەرگێڕە و هەندێک قسەم لەگەڵ کرد. " تۆ بەڵێنی خۆت شکاندووە، دەبێ دەرئەنجامەکەی وەئەستۆ بگری. هەڵسوکەوتی تۆ شەرمەزارانە و قێزەوەنە، هێندە ترسنۆکانەیە کە تۆ شایانی ئەوە نی کە پێت بگوترێ پیاو، ئەوە تەنیا شتێکە کە لە سەگباوکێک چاوەڕوان دەکرێ. دەتهەوێ بەڵێنی خۆت بەریە سەر یا نا؟ ئەو دەستی بە گریان کرد و دوولاهاتەوە بۆ لاقانم، بەڵام من بە دوودڵییەوە بە هەمان دەنگی ترسناکەوە پێیم گوت "خاموش! برو!" (بێدەنگ بە، بڕۆ!)، خێوەتەکەم داخست.

بیجار، ٢١ ی سێپتامبر، هیچ فارسێک باوەڕ بە قسەکانت ناکا، و ئەم خەڵکە هەژارەش باوەڕیان نەکرد کە من نامەی حاکمانی سەر ڕێگام پێیە. ئێستا ئەوان گەلێک ترساون، و دەبینن کە فەرەنگیی، ئەگەرچی "تەنیان خانمێکە،" ناکرێ بێ سزا هەڵسەکەوتی هەڵەی لەگەڵدا بکرێ. کاتێک کە گەیشتمە ئێرە، تەنانەت پێش ئەوەی کە نامەی پێناساندنەوە بنێرم، حاکم فەڕاش باشییەکی بۆ بەخێرهاتن کردن و نیشاندانی میوانپەروەریی نارد و دوای ئەو، پاسەوانێکی بەهێز. پاشان شاربان دەستی بە پاڕانەوە کرد کە نەیبەمە لای حاکم، و ناچاری نەکەم کە "دار بخوا"، و لە کۆتاییدا کاروانە مەزنەکە بە زرینگە زرینگ درێژەی بە سەفەرەکەی بەرەو باکوور دا و قەت نەمبینییەوە. ئەگەرچی ئەوان لە لایەکەوە بە شێوەیەکی دزێو ڕەفتاریان لەگەڵمدا کرد، سەرکێشییەکە تێکشکا و شتەکان ئێستا بە باشی دەچنە پێش، جگە لەوەی کە شاربان جارجار کەڵک لە دەرفەت وەردەگرێ و بێگوێیی دەکا. بەڕاستی من لە ترسنۆکیی کاراکتەری خۆرهەڵاتیی بێزارم کە ڕەنگبێ ئاکامی ساڵانێکی دوورودرێژی ستەمکاریی دەسەڵاتداران بێ.

زۆر جێگای داخە کە دەبێ واز لە سیاسەتی مەتمانەکردن، کە لە هەموو شێوە سەفەرێکدا بەکەڵک بووە، بێنم و پێویستە کەڵک لە هەڵوێستێکی گوماندارانە وەرگرم. هەرچی ئوروپاییە پێی گوتووم، کە لە پاشا بەرەو خوار کەس مەتمانە بە باوک، برا، هاوسەر، کەسی سەرووی خۆی یا کەسی ژێر خۆی ناکا. هەمووکەس بە پارێزەوە و بە گوماندارییە بە ناو هەزارتوێی ساختەچییەتی و درۆدا دەڕۆن. ئەگەر کەسێک پرسیارێک بکا، یا بۆچوونێک بدرکێنێ، یا باسی ڕاستییەک بکا، بە سەر شانانیدا دەڕوانێ بۆ ئەوەی کە بزانێ کەس گوێی هەڵنەخستووە. ٧١

فارسێکی نەجیبزادە پێی گوتم، "ئەم وڵاتە بە هۆی درۆ گەنیوە. فارسەکان پێش ئەوەی فێری قسەکردن بن درۆ دەکەن." تەقریبەن

هەموو ڕۆژێک کاتێک کە مرۆڤ ئاوات دەخوازێ کە مەتمانەکەر، میهرەبان و دڵسۆز بێ، مرۆڤ تووشی درۆی ئاشکرا، هەڕەشەی ترسنۆکانە و ساختەکاریی پلان بۆدانراو دەبێ و ناچاریی وریابوونی هەمیشەیی ماندوو و بێزارت دەکا.

لێرە شێوە تۆڕێکیتر لە دەوری مسافیرانەوە تەنراوە. لە کوولتەپە، دوای دزییەکە داوام لە کوێخا کرد کە پاسەوانێکی شەوانەم بۆ بنێرێ و ئەو وەڵامی دامەوە کە ناتوانێ کەس بە بێ بڕیار بنێرێ و ئەو تەنیا تورکی دەزانێ، نامە فارسییەکە کە شازادەی حاکم لە هەمەدان پێی دابووم بەکەڵکی ئەو نەدەهات. دواتر، سوارێک، کە گوتی "پاسەوانی ڕێگاشە"، هات و گوتی کە ئەو تەنیا بەرامبەر بە سڵامەتیی مسافیران بەرپرسیارە و کە من ناتوانم داوا لە کوێخا بکەم کە پاسەوانێکم بداتێ، چونکە دوای خۆرئاوابوون کەس بە بێ ڕەزامەندی ئەو ناتوانێ لە دەروازەکان تێپەڕ بێ. من لە پێشدا دەمزانی کە هیچ دەروازەیەکی لێ نییە. ئەو داوای پێنج قڕانی بۆ هەر شەو کرد تا پارێزگاریی لە خێوەتەکان بکا. (نرخەکەی قڕانێکە، و لە کاتی هەلومەرجی تایبەتییدا دوو قڕان). من پێمگوت کە بۆخۆمان زۆر باش دەتوانین پارێزگاریی لەخۆمان بکەین. ئێوارێ درەنگ پیاوێک کە وێدەچوو بەڕێز بێ هات و هۆشداریی داینێ کە زۆر هۆشیار بین، چونکە ئەم سوارە و یەکیتر بەڵێنیان داوە کە وەک تۆڵە ئەستێنیی بۆ ئەوەی کە بەکرێمان نەگرتوون، دزی لە خێوەتەکانمان بکەن. ئەم پیاوانە کە وا دەنوێنن پاسەوانی ڕێگا بن، هۆی ترس و ئازاری مەزنن بۆ خەڵک. ئەوان بەزۆری پارە لە کاروانەکان دەستێنن و خواردن بۆ خۆیان و ئەسپەکانیان لەوان دەستێنن، "هەموو شتێک هەڵدەگرن بێ ئەوەی کە پارەکەی بدەن." خەڵکەکە هەروەها بەوە تاوانبارییان دەکەن کە هۆ، یا ئامرازی زۆرینەی تاڵانکردنەکانی سەر ڕێگان. ئەو ژنانە کە لە بەر دزرانی شتەکانم هاتبوون کە هاودەردییم لەگەڵدا بکەن ئەو پیاوانەیان تاوانبار کرد کە دزن، بەڵام ئەو کەسەی کە لە خێوەتەکەم هەڵات هەنگاوی لاوتر بوو.

شاربان جارێ زۆر گوێڕایەڵە، و خزمەتکارەکانی لەسەر هەستن، و بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن کە بەخەبەرن پەیتاپەیتا تەقە دەکەن. ڕێککەوتنی شەوانە لەگەڵ کوێخا ئەوەیە کە چاودێرێک دەستنیشان بکا کە هەر شەوەی دوو سێ جار بە دەوری کەمپەکەدا بگەڕێ بۆ ئەوەی کە بزانێ بەخەبەرە و کە بۆی (ئەسپی خانم) باشە، بۆ ئەوەی یەغدانەکە بپارێزم بە زنجیرێکی ئەستووری وەڵاغ و مێز و کورسییەکە کە چەند شتومەکی کە ماومن لەسەریانن بە گوریسێک لە تەختی خەوەکەمیان دەبەستم و تەنەکەیەک کە چەقوویەکی تێدا لە سەر هەر گۆشەی مێزەکەی دادەنێم تا ئەگەر کەسێک دەستی لێدان بە دەنگەکەی لە خەو هەڵستم.

٢ی ئەپریلی ٢٠١٨

## نامەی ژمارە ٢٥

### بەشی سێهەم

دوای جێهێشتنی کوولتەپە، دەوەن لە وڵاتی بێ دار دەردەکەون، و جگە لە سووتەمەنی ئاژەڵان هیچ شتێکی لێ نییە بۆ ئاگر پێکردنەوە. بۆم ئەم مەبەستە پەین زۆر لەوە بەنرخترە تا لەم دەشتانە بەفیڕۆ بدرێ. پیاوان بە گوێدرێژ دوای کاروانان دەکەون و لە تووڕەکاندا کۆی دەکەنەوە. ئەو حەوشانەی کە شەوانە گاران و ڕانەمەڕی لێ دەحاوێننەوە، ئێستا خاوێن کراونەوە و لە گشت گوندێک ژنەکان خەریکی لە قالبدانی شیاکە وەک کیزیک (تەپاڵە) یا کیکێکن کە ٥،٣٠ درێژ و نزیکەی ١٠ سانت ئەستوورن. ئەمانە، دوای وشکبوونەوە لە ژێر هەتاو، لە سەر یەک وەک گومبەز هەڵدەچندرێن کە زۆر جار زیاتر لە ٦ میتر بەرزن، و بەهەمان شت سواغ دراون. دروستکردنی ئەم سووتەمەنییە دەستکردە یەکێک لە گرینگترین پێشەسازییەکانی پارسە، و بەتەواوی بە دەستی ژنان دروست دەکرێ. ئامادەکاریی زەخیرەی زستان نێوان شەش تا چواردە حەوتووی پێدەچێ و کارێکی تەڕی سەختە. سووتەمەنییەکە گەرمایەکی زۆر دروست دەکا بەڵام زوو دەسووتێ. توانایی ئاگر گرتنەکەی بە تێکەڵ کردنی کا زیاد دەکرێ. لەم وەرزەدا، لە نێوان کەڵەکی زەبەلاح و ڕەشی سووتەمەنی و گومبەزی "پێداویستییەکانی" زستان لە سەر بانەکان، گوندەکان زۆر بە زەحمەت دەبینرێن.

مارشەکە بەرەو گاخەود پتر لە ٢٠ مایل (٣٢ کیلۆمیتر) تەختەڵانێکی سووتاو، قوڕی وشک و بەتاڵ لە خەڵکە. گاوخەود و گوندەکان بە درێژایی پەنجا مایل ئەولاتر بێ دیوارن (دیواری پارێزەر)، بەڵام هەرکام لە ماڵەکان، بە حەوشی ئاژەڵانیەوە، و ئاغەڵی سەرزەوی و ژێر زەوی، دیوارێکی پتەوی قوڕی هەیە کە کەمێک بەروە ژوورەوە شۆڕ بۆتەوە و خاوەنی دەروازەیەکی داخراو بە دەرگایەکی قورسی تەختەیی کە بە ئاسن بەهێز کراوە. ئاغەڵە مەڕەکانی سەر زەوی دەرگای ئەستووری بەردینیان هەیە کە میترێک دووجایە. هەر خانوویەک قەڵایەکە و لە سەرووی دیوارەکانییەوە جگە لە چەند دانە میچی هێلانە هەنگی و ژمارەیەک گومبەزی ئالیکی زستانی لە سەر سەکۆیەکی ناوەندیی کە کەمێکی لەکار کراوە هیچ شتێک نابینرێ.

جلوبەرگی مێینەش جیاوازە. ژنەکان بێ لیچکە، نەترس، و جوان بە جلوبەرگی شێوەی مێگ مێریلیس (ژنێکی قەرەچی کتێبێکی نووسەری سکۆتلەندی گای مەنێرینگ)، سوخمەی ڕەشی بێقۆڵ، دامەنی سوور، و دەسرەی ڕەش لە دەوری سەریان هاڵاوە (شەدە و گێلگێلەی ئەو سەردەم). زۆر کەم بە فارسی قسە دەکەن و لەویش کەمتر تێیدەگەن، و گشت شتەکان دەریدەخەن کە سنووری پارسی ڕاستەقینە واتە پارسی فارسەکانمان تێپەڕ کردووە. گاخەود گوندێکی ٣٥٠ ماڵییە کە گەنم، جۆ، ترێ و کاڵەک بەرهەم دێنێ، و کاروانسەرایەکی لێیە کە لە سەر بەرزاییەک هەڵکەوتووە و سەردەمێک گەلێک نایاب بووە بەڵام ئێستا بانەکەی ڕووخاوە و وەک کەلاوەیەک دەچێ و گوندەکە هیچ ئاوێکی جگە لە جۆگەی ئاوداشتن نییە و دەکرێ بڵێین کە گوندێکی خۆشگوزەرانە.

مارشەکە بەرەو بابەڕەشان ٢٠ مایلە کە بە ناو دوڵێکی بێبەری ئاودێرییکراودا کە نزیکە یەک مایل (١٦٠٩ میتر ) پانە و گیا و گژی



سەرچاوە
Serchawe

لێرواوە و چەند گوندێک کە بیناکانی لە شێوەی کەندووی مێشهەنگوینن و گردی قوڕ لە هەردوو لا کە لە ٤٧ میتر بەرزتر نین تێدەپەڕێ. لە پردێکی خشتەیی کە ئاوێکی کەمی بە بندا دەڕۆیشت پەڕینەوە و بە ناو گوندی مەزنی تولوار تێپەڕین کە لەوێ ئەو پیاوانەی کە مردوویەکیان دەناشت بە ڕێزەوە لەسەر زینی ئەسپەکەم کولێرەی ناشتن کە بە کونجی تامخۆشکرابوونیان دانا، ئێمە بە گردە نەوییە بێ شیناوەردەکاندا هەڵگەڕاین کە زۆربەیان بۆ چاندنی زستانیی کێڵدرابوون تا گەیشتینە گوندی بابەڕەشان کە ١٨٠ خانووی هەیە و خاوەن ئاوی زۆرە. ئێمە بارمان لە لای چەند خێوەتی قەرە تەپە و کاروانێکی مەزن خست. تەپوتۆزی خەرمانەکان کە دەهاتە ناو شوێنی بارخستنەکەمان شتێکی بێزراو بوو بەڵام خۆ لێ لادانی نەبوو. لەم ناوچەیە " ئامرازی کوتانی خەرمان کە ددانی تیژیان هەیە" کەڵکی لێوەرناگیرێ، بەڵام دەستەیەک ئاژەڵ، کە دەرزەنێک دەبن و پێکەوە بەستراونەوە، گامێش، مانگا، ئەسپ و گوێدرێژ، بە سەر گەنمەکاندا لێیان دەخوڕن.

من تووشی کەمایەسی خاوەنداریی خزمەتکارێکی ڕانەهاتوو بووم. ئەم ئێوارەیە یوهاننێس ڕایکردە ئەمسەر و ئەوسەر بە بێ بەرنامە، قەت کارێکی بە تەواوی نەکرد، سەعاتێک خەریکی چەنەلێدان بۆ کڕینی پەلەوەر بوو، نەیتوانی ئاگر بکاتەوە و لە ئاکامدا نەیتوانی چای ساز بکا، و من بێ ژەمی شەو خەوتم. هەمان سەرلێشێواوییە ڕۆژی دواتریش درێژەی هەبوو، بەڵام دوایە شتەکان باشتر بوون. هیچ ژیانێک وەک هی کەمپ خۆش نییە، بەڵام خزمەتکاری لێنەهاتوو کەمایەسییەکی مەزنە.

ڕێپێوانێکی وەڕەزکەری تر کە ٢٠ مایل بە سەر کەند و لەند و بەناو خڕێک کە ئەمبەر ئەوبەری گردی قوڕە، کە لە سەر ترۆپکەکانی بەردی شکاو دەبینران و دوای تێپەڕین بەناو هەندێک تەپۆلکەی بەردینی خاوەن دیمەن گەیشتینە ئەستێرێک لەناو چیایان کە شاری گرینگی بیجاڕ لە ناو داری سنەوبەر، شۆڕەبی، قەیسی و باغی مێو هەڵکەوتووە کە دەڵێن ٥٠٠٠ دانیشتووی هەیە. ئەوێ حاکمی خۆی و ناوچەی دەوروبەری هەیە و خاوەنی سەربازگەیەکە کە تیپێکی تۆپخانەی لێیە بە ١٠٠ سوارەوە تا کوردە سەرکێشە سنوورییەکان بێننە ژێر ڕکێف. شارەکە دیواری ڕووخاوی گڵیی هەن، بازاڕێکی ئاسایی نییە، تەنیا لێرە و لەوێ دووکانی هەن، لە هەر سێیان یەکیان کەلاوەیە، و زۆربەی ماڵەکان بە کۆشکی حاکمیشەوە خەریکە تێکبڕووخێن. بەڵام ئێرە شوێنێکە کە خەریکی بووژانەوەیە و بە هۆی مافوورە و فەرشەکانی بەناوبانگە. ئێرە چوار کاروانسەرای لێیە، کە بە دژواری بۆ ژیان دەبن، حەوت حەمام و چەند مزگەوت و حوجرەی فەقێیانی هەیە. هەوایەکی تاقانەی هەیە. من دوو ڕۆژە لێرەم و چونکە خەڵکی بیانی زۆر بە دەگمەن دێنە ئێرە، زۆرینەی خەڵکەکەی بە پەنای خێوەتەکەمدا تێپەڕ بوون.

من وەک هەمیشە لە دەرەوەی دیوارەکان، لە نزیک سەرچاوەیەکی بچووک بارگەم خست، و زۆری پێنەچوو کە فەڕاشباشی لە لای حاکمەوە بە پەیامێک کە تیایدا دڵگرانی خۆی " لە خێوەتهەڵدانی من لە چۆڵگە کرابوو لە کاتێکدا کە من میوانی ئەوان بووم و ئەوان شوێنی ئەمینی خێوەتهەڵدانیان لە باخچەی کۆشکەکە پێم دەدا." میرزا نامەی ناساندنی منی پێدا و ئەویش پەیامی نارد کە سێ ڕێپێوانی داهاتوو " گەلێک مەترسیدارن"، و کاتژمێرێکی بۆ چاوپێکەوتن دیاریی کرد. زۆری پێنەچوو کە هەشت چەکداری تۆپخانە، بە یونیفۆرم و کەرەستەی تەواوەوە، بە تفەنگ و سەرنێزەی قایمکراوەوە هاتن و دەستیان بە ئێشک کێشان لەدەرەوەی خێوەتەکەم کرد و هەر شەش کاتژمێر جارێک دەگۆڕدران. ئەمە شەمەزاریی شاربانیان تەکمیل کرد.

ڕۆژی یەکشەممە گیروگرفتی جیاوازم بۆ هاتنە پێش و بێ ئەوەی پێمخۆش بێ ناچار بووم پەیوەندیی بە حاکمەوە بکەم. ئەو لە جۆرێک دەربار پێشوازیی لێکردم. ڕێژەیەکی بەرچاو پیاو، سکاڵاکەر و خەڵکیتر، داڵانەکان و ژوورەکانی پرسگەیان پڕ کردبوون. هەڵامساو و شێواو دەهاتە بەرچاو و وێدەچوو سەرخۆش بێ. ئەو لە ئەردی لەسەر سەرینان دانیشتبوو بە ڕیزێک ڕاوێژکار وەمەلا لە لای ڕاست و چەندین فەڕاش و پاسەوان کە لە نزیک دەرگا وێستابوون. سەیدەکان ڕێکوپێک و لەخۆباییانە چاویان لێدەکردم و حاکمە مەستە دەم بە پێکەنینەکە و ڕیزی بێجووڵە و مڕچومۆنی ڕاوێژکارەکان کە بە ڕاستی خۆسەپێن بوون. چا دروست کرا، بەڵام هەلومەرجەکە هێندە ناخۆش بوو کە بۆ فینجانی سێهەم کە نەریتە ڕانەوەستام. حاکمەکە گوتی کە خانمەکان لە گوندێکن کە چەند مایل لێرەوە دوورە و هیوادار بوو کە بیانبینم، باسی کرد کە هەندێک لە مارشەکانی سەر ڕێگا نائەمنن و ناوبراو نووسراوەم پێدەدا کە بۆ بەکرێگرتنی پارێزەر دوای ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەو بەکەڵکە و کە ئەو بەڕێیکردووە. ئەو گەلێک بەئەدەب بوو، هەر وەک گشت پارسێکی چینی باڵادەست، بەڵام هیوا دەخوازم کە هەرگیز جارێکیتر تووشی ئازاری داوای یارمەتیی لە موسڵمانێک بە بێ هاوڕێیەکی ئوروپایی نەبمەوە.

دواتر هاوسەری یەکەمی فەرماندەی سەربازیی ناوچەکە ژەمێکی باشی شەو لەگەڵ میوەی زۆر بە تاقمێک ژنی داپۆشراو لەگەڵ خزمەتکاران بۆ ناردم. ئەو هات و پێشنیاری کرد کە بچمە ماڵێکی گەلێک جوان کە هی مێردەکەی بوو، زۆر نزیک لە خێوەتەکەم. دوای وتوێژێکی ژیرانە پرسیاری لێکردم ئاخۆ مێرد و مناڵم هەن، و کاتێک کە وەڵامی نەرێنیم دایەوە ئەو زۆر مێهرەبانانە هاودەردی خۆی دەربڕی، بەڵام ئەوەی زیاد کرد، " شتی زۆر خراپتر هەن، شتی ئەوتۆ کە لە لای ئێوە، کە تەنیا ڕێگا بە یەک هاوسەر دەدرێ، هەرگیز ناقەومێن. مرۆڤ لەوانەیە مێردێک و مناڵی هەبن، سەرەڕای ئەمە، خودا دەزانێ، بە گیروگرفتانەوە شێت بێ." ئەو بە شێوەیەک بوو کە وێدەچوو بەڕاستی خەمەکانی گەلێک مەزن بن. بێگومان هاوسەرێکی لاو جێگای ئەوی گرتبۆوە، یا لەوانەیە مەترسی تەڵاقدرانی لەسەر بێ.

٣ی ئەپریلی ٢٠١٨

## بەشی چوارەم

تەکاوتەپە، ٢٤ی سێپتامبر، ئەم ناوچەیە شوێنێکی مەزنی بەرهەمهێنانی گەنمە و بە هیچ شێوەیەک هەژار نییە، بەڵام لەساڵدا تەنیا یەک جار بەرهەمی هەیە، زەوییەکان دوای دروێنە یەکسەر دەکێڵدرێن و ئاودێریی ناکرێن تا کاتی تۆو چاندن. لە ئاکامدا هیچ شتێک لە ناشیرینی ناگاتە دیمەنی مەزراکان. هیچ شتێکی لێ نییە کە قەرەبووی بکاتەوە و لە ماوەی ڕێپێوانە دوورودرێژەکەدا شتێکی ئەوتۆی لێ نییە کە سەرنجڕاکێش بێ. لە ڕێپێوانەکەی دوای بیجاڕ هیچ شتێکی سەوز نەبینرا جگە لە چەند سنەوبەر و دارەبی لە کەنار جۆگەیەک، هیچ ڕووەکێک، هیچ "گژوگیایەکی" سەوز، هیچ شتێک جگە لە گردی قوڕەسوور کە لاپاڵەکانی کێڵدرابوونەوە و شێوەردەکانی ڕەق هەڵاتبوون، و زەوی نەکێڵراوی پڕ لە ورتکە بەرد کە بە کەرتەشی ویشکبوو داپۆشرابوو.

هەشت مایل شۆڕبوونەوەی ٥٠٠ میتری ئێمەی گەیاندە قزڵئوزون، ڕووبارێکی پان بەڵام تەنکاو، لەوبەری ڕووبارەکە سەلامەت ئاباده، گوندێک کە زۆربەی لە باغێ خاوەن دیوار و خانووەکانی حاکمی بیجاڕ پێکهاتووە. کەمێک سەرووتر پردێکی پتەوی بەردینی هەشت کەوانی هەڵکەوتووە کە ١٠٠ میتر درێژە. ئەم قزڵئوزونە یەکێک لە گرینگترین ڕوبارەکانی باکووری پارسە. ئەو ناوچەیەکی مەزن ئاودێر دەکا و پاش مەودایەکی دوورودرێژ و پڕ قۆرت و پێچ دەڕژێتە ناو دەریای مازندەران بە ناوی سفیدرود. یازدە مایل لەم شوێنە ڕا بە ترۆپکی ئەو گردە دا ڕۆیشتم کە ئاوی قزڵئوزون و گۆلی ورمێ لێک جیا دەبوونەوە. چەند سوارێک هاتن و منیان بە ناو دەروازەیەکدا بۆ سەر ڕێگایەک ئیسکۆرت کرد کە دیواری بەرز و خانووی لە هەردوو لا هەبوون و دەرگایەکی تر کە دەیگایاندییە ئەندەروونی (ژووری هاوسەران) خان. لێرە دابەزین بەڵام نەماندەزانی هەنگاوی دوایە چییە چونکە دەرگا تەختەییە قورسەکەی کە ئەندەروونی جیا دەکردەوە داخرابوو و هیچ نیشانەیەکی بەخێرهاتنکردن نەدەبینرا. خواجەیەکی پیر سەرە خەمگینەکەی لە کونی قەراغەکەوە دەرهێنا و گوتی خانمەکان چاوەڕوانتن و خواردنی ئاژەڵ و خزمەتکارەکان ئامادەیە، بەڵام دەرگاکە جووڵەی نەکرد. پرسیارم کرد ئاخۆ میرزا دەتوانێ لەگەڵمدا بێ تا کاری وەرگێران بکا، سوارەکان پێشنیاریان کرد کە ئەو لە پاش پەردەیەکەوە ئەم کارە بکا، ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ نەهێشتنی ئەم گیروگرفتە. خواجەکە گەڕاوە، و دایکی خانی لەگەڵدا بوو، ژنێکی ناشیرینی تەمەن ناونجی کە لە کونێکەوە دەیڕوانی و کاتێک پیاوێکی جوانکیلەی چاو پێکەوت، کشایەوە و گوتی هیچ پیاوێک بۆی نییە لێرە بێ، بە تایبەتی کاتێک کە خان لێرە نییە. گشت پیاوەکان دەرکران و دەرگاکە کرایەوە تا تەنیا ڕێگا بە من بدەن بچمە ژوور، کەسی تر ڕێگای پێنەدرا.

هاوسەری یەکەم لە قاتی سەرەوە لە ژوورێکی جوان بە پەنجەرەی شەبەکەدار کە بەڕووی حەوشێک کرابوونەوە کە فەووارەیەک و چەند دار هەنار و تاقمێک ژنی فارس، کورد و قولەڕەش و منالی هەمەجۆرەی لێبوون، پێشوازیی لێکردم. خانمەکە تارانییە و کرداری کراوە و ڕەنگ و بۆی پێتەختی پێوە دیارە. هێشتا موحەڕڕەم ماوە و ئەو چارشێوێکی ڕەشی لەخۆیەوە پێچابوو و تەنیا جوانکارییەکەی سەعاتێکی ئەڵماسدار وەک ملوانکە بوو. خەسووەکەی، کە وەک گشت خەسووی پارس، دەوری مەلەکە دەنوێنێ، منی بە دەبڕینی ڕوخسارە جوانەکەی و پێکەنینە گاڵتەجاڕانە وشەیتانیی خۆی ترساند. دەبێ دانی پێدا بنێم کە بۆ کەیفخۆشکردنی ئەو زۆر

بوو چونکە فارسییە کێویلە و خراپ ئەداکراوی من فارسی وەڵاغداران بوو نەوەک هی خەڵکی بەئەدەب، و ئەو لاسایی گشت وشەیەکی دەکردەوە کە لە زارم دەهاتە دەر و هەر وەک پیرەژنی تابلۆی میکێل ئانژ "چارەنووسەکان" دەچوو.

ژوورەکە زۆر جوان ڕازابۆوە، کەلوپەلی ڕوسی تێدا بەکار هاتبوو و زۆر خرتەوپرتەی کە مێزەکانی پێ ڕازابۆوە گشتی هی ڕوسیا بوون. ئەوان چەندین سەعاتی بچووکیان پێنیشاندام و سەعاتی فرە ژیرانەدروستکراو، ئەوانیش هەموو ڕوسی بوون. پێیانگوتم کە شتومەکەکان لە بیجارِ زۆربەیان هی ڕوسیان و ئەوەشیان زیاد کرد، " ئینگلیسییەکان هەوڵ بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ سەلیقەی ئێمە نادەن بەڵام ڕوسییەکان دەیکەن." خانمە یەکەمەکە ئاواتی ئازادیی زیاتری دەخواست، ئەگەرچی ئەو بەو شێوە بەڵگەی بۆ دێنایەوە کە ئەو پیاوانەی کە زۆر خۆشیان دەوین ناهێڵن هاوسەرەکانیان وەک ژنی ئینگلیسی وەک لە تاران دەیکەن بچنە دەرەوە. ژەمی شەو ئامادە کرابوو، ژەمێکی فارسیی مەزن، بەڵام ئەوان بە میهرەبانییەوە ئیزنیان دام کە لەجیاتان چای بە گەز و کیکێک بە تامی عێل بخۆمەوە. کاتێک فارسییەکەی من و بیرۆکەکانی ئەوان کۆتاییان هات، خواحافیزیم لێکردن و مەلەکەکە بە پێکەنە گاڵتەجارِانەکەی تا بەر دەرگا لەگەڵم هات.

سوارەکان پێداگرییان کرد کە فەرسەخی داهاتوو "گەلێک مەترسییدارە"، کە وابوو بەیەکەوە ڕۆیشتین. گردەکانی کوردستان کێویی، چۆڵوهۆل، خرِ، زەوییەکی ڕووتی بێ دەوەنن. سوارەکان گەلێک پێداگربوون و زۆر غاریان دا و ڕوانیانە ئەمبەر ئەوبەر و گوتیان سواری تاڵانکەری سوننی کە بە هیرش بردنە سەر شیعان دڵخۆش دەبن، زۆر جار بەم ڕیگایەدا تێدەپەڕن. بێگومان ئەوان زێدەڕۆییان دەکرد تا نرخی خزمەتگوزاریی خۆیان بەرز بکەنەوە. کەمێک دوای پاشنیوەڕۆ گەیشتینە گوندی کوردیی قەرەبولاغ، شەست خانووی بچووکی گڵی بە قەراغی گردێکی قوڕی هەڵقرچاو، بە قۆرییە تفاقی ئاژەڵان لە سەر بانەکان کە خانووەکانی ئاشکرا دەکرد. ئاوەکە گەلێک خراپ و کەمە و هیچ شیری لێنەبوو. خەڵکەکە گەلێک هەژار و بەدگوزەرانن و تاقمێکی لاوازتر لەو کەر و گاجووتانەم نەبینیبون کە گەنمە شامییەکانی نزیک خێوەتەکەمیان دەکوتا.

ئەگەرچی زۆرینەی دانیشتووەکانی کوردن، هەندێک فارس و تورکیشی لێن و هەر نەتەوەیە کوێخای خۆی هەیە، کە پێیان گوتم کە پاسەوانێک بۆ ئەو شەوی و بۆ ئێسکۆرت ڕۆژی دواتر دەدەن پێم. من ئەوەم پێخۆش نەبوو چونکە سوارەکان تفەنگی باشی جووت لوولەیان پێبوو و یونیفۆرمی فارسییان لەبەر دابوو و بۆ سێ ڕۆژ پێیان دابووم بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو. کوێخاکان گوتیان ئەوان ناتوانن گەرەنتی ئاسایشی من بە کەمتر لە دە پیاوان بکەن، من دەمزانی گشت ئەو مامەڵەیە بۆ کیفە پارە لاوازەکەی من بوو. پێش ئەوەی بگەمە هەمەدان موشکیلەی پارەم بۆ هاتە پێش: نرخی سۆڤێرینێک (سکەی پاوندی زێڕ) لە سی و چوار قڕان بۆ بیست و هەشت قڕان دابەزیبوو، جوولەکەکان بە هیچ نرخێک پارەی کاغەزیی ئینگلیسییان وەر نەدەگرت، من نەمدەتوانی دراوە کاغەزییەکانم بگۆڕمەوە و تەنیا میهرەبانیی میسیۆنێرە ئامریکاییەکان بوو کە پارەم پێبوو، و تەنیا هێندەم پێبوو کە بتوانم تێچووە ئاساییەکانم تا ورمێ دابین بکەم. من پێیانم گوت کە تەنیا پارەی دوو کەس دەدەم، و سوارەکانم بە دیارییەک بەڕێ کردن کە لە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەی کە لەگەڵمدا بوون گەلێک زیاتر بوو.

لە کاتی ئەم ڕێککەوتنانەدا هەراوهوریاکە بۆ باس کردن نەدەبوو، بەڵام پیاوەکان زۆر دڵخۆش بوون. سێ کاتژمێر دواتر سوارەکان گەڕانەوە و گوتیان کە دوای هەشت مایل پەیامنێرێکیان بە نامەیەکەوە لە لایەن خان دیتووە کە گوتوویەتی کە دەبێ ڕۆژێکی تر لەگەڵمدا بڕۆن. من داوام کرد نامەکە ببینم، و ئەوان گوتیان پەیامەکە زارەکیی بووە. ئەوان هەرگیز نەچووبوونە دەرەوەی قەرەبوڵاغ! من ئەوە بۆیە بە وردی باس دەکەم تا بزانن مسافیرانی ئەم ڕێگا چۆڵانە تووشی کام چەرمەسەرییانە دەبن.

دواتر، دە کوردی کێوی بە تفەنگ و شمشێری جۆراجۆر و چەقووی درێژ، ئاگری مەزنی پاسەوانییان لە هەر لای خێوەتەکەم کردنەوە و "بۆی" یان لەناو خۆیان گرت. ئەم ئاژەڵە حەزی لە ئاگرە و بێ ترس لە ناو ئەم پیاوانەدا لە نزیکی پۆلەکان درێژ بوو.

کەمێک خوارتر لە کەمپەکەم بێستانێکی بچووکی کاڵەکانی لێبوو بە دیوارێکی کورتی گڵی. نیوە شەو بە دەنگی بەرزی تەقەی تفەنگان و هاواری سەر لێشێواوی پیاوان لەگەڵ گریان و هاواری ژن و منداڵان لەخەو هەستام. پاسەوانەکان دوو پیاویان دیتبوون کە بێستانەکەیان تاڵان دەکرد، یەکیانیان پێکا و ئەوی تریان دەستبەسەر کرد. بەیانی من دیارییەکم بە پاسەوانەکان دا و کوێخا نیوەی لێ ئەستاندن.

٤ی ئەپریلی ٢٠١٨

---

## بەشی پێنجەم

مارشەکە بەرەوە جەعفەرئاباد بەناو هەمان زەوییە یەک هەوایەدا، هەڵگەڕان بەسەر گردان بە دەشتی بچووک لە ناویاندا، بە کەمئاویی و خەڵکی کەم، گوندی خەشمەغەل بە ١٥٠ ماڵ و قەڵای وێران تەنیا شتی سەرنجڕاکێشە.

لە سەر ڕێگا بەرەو جەعفەرئاباد، ناسرئاباد هەڵکەوتووە، کە سەردەمێک هەندێک ویرانە بوو کە بەشێکیان لە ژێر زەوی دابوون و دز لە ناویاندا دەژیان. چەند ساڵ لەمەوبەر پاشای ئێستا لە یەکێک لە سەفەرەکانی بۆ ڕاوکردن لە نزێک ئێرە بارگەی خست و چاوی بە چۆڵگەیی ناوچەکە کەوت کە ئاو بەفیڕۆ دەچوو، هەندێک بنەماڵەی بە بەرتیلی پارە و زەوی هاندا کە لێرە نیشتەجێ بن. ئێستا ئێرە شەست ماڵی لێیە کە بە سامانێکی زۆر دەورەیان گیراوە. پاشا ئێستاش ساڵی ١٠٠ تمەن دەدا بەم خەڵکە و باجێکی زۆر کەمیان لێوەردەگرێ. ناسرەددین دەبێ وەڵامدەری گەلێک تاوانکاریی بێ، زۆر ئاکاری ستەمکارانە، و هەندێک خوێنڕێژیی، بەڵام لەناو لێشاوی سکاڵا لە سەرکوت و تاڵانکاریی کە من لە زۆر شوێنان دەیبیستم، تەنیا شتێکی باشم لەبارەی ئەوەوە نەبیستووە، تەنیا باسی پارە بە زۆر ئەستاندن و چاوبرسییەتی بێ بەزەییانەی حاکمەکان و کاربەدەستانی ژێر دەستی ئەوان دەکرێ.

جەعفەر ئاباد، گوندێکی ١٠٠ ماڵییە لە شوێنێکی بە پیت، گۆڕەپانێکی خێوەتهەڵدانی هەیە کە چیمەنەکەی نەرمە و هەم پێمان خۆشە کە لەوێ بیخەین و لە هەمان کاتدا مەترسییدارە، ئێمە گشتمان بە هۆی شێ ساردەکەی شەوانەی ڕوماتیسممان گرتووە. ڕێژەی گەرما هەر دێتو نزمتر دەبێ و هەتاویش تەنیا لە نێوان کاتژمێر دە و چوار گەرم دەبێ. جەعفەرئاباد گوندێکی خۆشگوزەرانە، هەر وەک زۆر شتیتر لەم ناوچەیە، خاوەنەکەی حاکمی تەورێزە کە ئاکاری بەخشندەیی هەیە.

هەموو شتێک تەڕ بوو، تەنانەت ناو خێوەتەکەم. بەڕاستی سارد بوو. لەگەڵ کازیوە گوێم لە دەنگی بەکەیفی میرزا بوو کە دەیگوت، "مادام، ئەوان پێیان وایە کە ئەسپەکەت تۆپیوە!" بەستەزمانە دوو کاتژمێر لەناو هەرا و هوریای بارکردندا بێ جووڵە درێژ ببوو. داوام لێکردن توربێنەکەی لە ملی داماڵن، کە تەقریبەن پڕ بوو، بەڵام هەر جووڵەی نەکرد. من چوومە لای و بە تووڕەییەوە گوتم، "وەرە دەی هەستە، پیرە بۆی" و ئەو بە زەحمەت کەوتە سەر پێ، خۆی ڕاوەشاند و دەستبەجێ بۆ خواردن دەمی بۆلای گیرفانەکانم هێنا و وەک هەمیشە کاتێک کە هیچی نەدیتەوە سەرێکی لێڕاکێشام. ئەو بە هۆی نووستن لە شوێنی شێداری خاوەن سیخوار سڕ ببوو. شەوی دواتر بە پرخەپرخی بەرز لەبەر هەیوانی خێوەتەکەم خەوت. ئەو بۆتە هەڤاڵ و هاودەمێکی باش.

لەکۆتاییدا سوارەکان لێرە جێیان هێشتم، و کوێخا لەگەڵ دوو نۆکەرەکانی ئیسکۆرتیان کردم، پیاوێکی مەشرەفخۆش و ژیر کە خاوەنی سامانێکی بەرچاوە. دەڵێن قۆناخی داهاتوو " گەلێک مەترسیدارە،" و زۆر کەس کە لە چوون بۆ گوندی دواتر نیگەرانن بوونە هاوڕێی کاروانی من. خێوەتەکانم لە لایەن هەشت کوردی گوندی کە وەک کێوییان دەچن و گۆپاڵ و تفەنگی درێژیان پێیە دەپارێزرێن. بە کوێخام گوت کە دوو کەس بەسن و ئەو گوتی کە تەنیا پارەی دوو کەس بدەم، ئەوانیتر بۆ دڵنیایی ئەو لەگەڵم بوون، ئەگەر دوو کەس بن لەوانەیە پیلان بۆ تاڵانکردنم بڕێژن، بەڵام ئەگەر زۆرتر بن یەکتر دەخەنە ژێر چاودێریی و چەتەکانی ئەم ناوچەیە بە یەک و دوو نایەن بۆ دزیکردن، بەڵکو تاقمی مەزن هێرش دەکەنە سەر خێوەتان.

ڕێپێوانی دواتر زۆربەی ڕۆیشتن بەناو دۆڵی درێژ لە ناو گردی نەوی دابوو. کوێخا بێهۆ زۆر دەیڕوانییە ئەمسەر ئەوسەر و ئێمە زۆر نزیک لە یەکتر دەڕۆیشتین. تاقمێک پیاوی پۆشتە بە سواریی هاتن و تێکەڵی ئێمە بوون. میرزا خۆی گەیاندە من و بە دەنگە کەیفخۆشانەکەی خۆی گوتی " مادام، ئەوانە چەتەن." ئەوان پیاوی تاقمی بەناوبانگی حەسەن خان بوون. ئەوان بە فارسی قسەیان دەکرد و میرزا بۆی وەردەگێڕامەوە کە چی دەڵێن. دەیانگوت کە شەو و ڕۆژێک لە ڕێگادابوون و هیچ دەسکەوتێکیان نەبووە، بۆیە دەبێ بار و ئەسپەکانمان ببەن، ئەوان زۆر پێویستیان بە ئەسپان بوو. کوێخا کە زۆر بە باشی دەیناسین، دژیان وەستایەوە و مشومڕەکەیان ماوەیەکی باشی پێچوو، ئەوان پێداگر بوون و ئەو بە سەربازخانەی بیجاڕ هەڕەشەی لێدەکردن، بەڵام هەرچی گوتی بێسوود بوو تا ئەوکاتی کە پێی گوتن کە من هاوسەری حاکمی تەورێزم و سەردانی هەمەدانم کردووە و قەرارە میوانی خانمەکانی حاجی بابا، حاکمی ئاچاز بم، و من بەڵێنیم پێداوە و ئەو بەرامبەر بە ساخڵەمیی من بەرپرسیارە. " دەزانی، من پیاوێکم کە بەڵێنی خۆم دەبەمە سەر." ئەوە ئاکامگیریی ئەم درۆ ژیرانە بوو کە بۆ مەبەستی خۆی شایستە بوو، چونکە ئەوان گوتیان کە دەیناسن و لەبەر ئەو هۆیە تاڵانم ناکەن.

ئەوان چەند مایل لەگەڵ ئێمەدا هاتن، ئەوەی ڕاستیی بێ ڕێبەرەکەیان، کە پیرەپیاوێکی خاوەن ڕوخساری شەڕانیی بوو مێزەر بەسەر و عەبایەکی قاوەیی وەک عەرەبانی لەبەر بوو، ئەسپەکەی هێندە لە من نزیک کردبۆوە کە لوولەی تفەنگەکەی بێ پسانەوە وە زینەکەم دەکەوت. ئەوان جگە لە دەمانچە، تفەنگی جووت لوولەشیان پێبوون. کاتێک کە گەیشتینە بەشێکی وڵات کە کوێخا گوتی خاوەن ئاسایشە و بەلەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە چەتەکان بە لایەکیتر دا ڕۆیشتبوون، من کاروانەکەم لەگەڵ خزمەتکارەکان بەڕێکرد و بۆ کاتژمێرێک وچانم دا. دوای وەڕێکەوتن و قۆرت کردنەوەیەکی توند بە دەوری گاشە بەردێکدا، هەموویان لەوێ بوون، دابەزیبوون و هێرشیان کردە سەرمان. لەگەڵیان دەستەویەخە بووین و چونکە من تەنیا دوو پیاوم لەگەڵدا بوون، ئەوان دوو بە یەک بوون، و بێگومان بەسەر ئیسکۆرتەکانمدا زاڵ دەبوون ئەگەر لەبەر چەند ئەسپسوارێک نەبا کە لە دوورەوە دەر کەوتن، ئەوان سوار بوونەوە و ڕایان کرد. یەکێک لە ئەسپەکان بریندار بوو و من بە شێوەیەکی نەخوازراو یەکێک لە جومگە دەستەکانم برِی. ئەوان پێیان وابوو کە من پارەیەکی یەکجار زۆرم پێیە. کوێخای تەکاوتەپە گوتی کە ئەوان چەند ڕۆژ لەمەوبەر گوندی ئەویان تالان کردووە و چەند سەر ڕەشەوڵاغیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە.

تەکاوتەپە گوندێکی سی و پێنج ماڵییە، چێکەرێکی تفنەگ کە وێدەچوو "بازاڕێکی گەرمی" هەبێ. لە ماوەی سێ ڕۆژ من زۆر کەم پیاوی بێ چەکم دیتووە. میرزا بە نامەی من لە لایەن حاکمی بیجاڕەوە چوو بۆ لای حاکمی ئاچاز کە شەش مایل لێرە دوورە، و ئەو زۆر بە ئەدەب بوو. ئەو ڕاوێژکارێکی نارد و داوای کرد کە یەک دوو ڕۆژان لە ماڵی حاکم بەرمە سەر و پێی گوتبوو کە ئەگەر ناتوانم میوانی بم، ڕاوێژکارەکە شەو لەوێ بمێنێتەوە و ئامادەکاریی بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسایشی من بکا، بڕیارێک کە زۆر بە باشی بەڕێوە چوو. ٧٢

ئەو پەیامی نارد کە ئەگەر من نامهەوێ میوانداریيەکەی قبوولْ بکەم، هێشتاش میوانی ئەوم و پێویست ناکا پارەی شتێک بدەم، ئەوە میهرەبانییەکە کە بە چەند هۆ، ناتوانم قبووڵی بکەم. ئەوەشی زیاد کرد کە ئەگەر چی ڕێگاکە ئەمینە، بەڵام ئەو سێ سواران دەنێرێ " تا ڕێز لە خانم بگرێ،" و ئەوان فەرمانیان پێدرا بوو کە هیچ دیارییەک وەرنەگرن. ئەو پیاوانەی هەوڵیاندا کاروانەکەم تاڵان بکەن، شەویان لەوێ تێپەڕ کرد، و چونکە پێشدا گوندەکەیان تاڵان کردبوو، خەڵکی گوندەکە بە پارێزگاریی ڕاوێژکارەکەی حاکم و سوارەکانی من گەلێک کەیفخۆش بوون.

ساوجبلاغ، ٢ی ئۆکتۆبر، دوای ئەوەی کە "بەڕێزەوە داوام لێکردن"، کاروان و خزمەتکارەکانم بەڕێکردن، و ئێستا کە سوارەکان لەگەڵمدان دەمتوانی مارش بەرەو جیاکەهاز بە خێرایی تێپەڕ بکەم. سوارەکان سێ کوردی ڕوخسار کێوی بوون و کاتێک کە چوارناڵ دەڕۆیشتن، بۆی ناچار بوو بە شێوەیەکی بەرچاو تین بۆخۆی بێنێ تا بتوانێ هاوشانی وان غاردا، دیاربوو ئەوان هەوڵیان دەدا ناچاری بکەن بە خێرا غار بدا.

ڕۆژێکی سارد بوو، هێندە سارد کە پێویست بە پۆشینی پەستەک بی، و هەوایەکە دڵگیر بوو. وەرزی ئارامی سەفەری پارس هاتبوو، دژوارییەکان تێپەڕ ببوون و تاوەکەم (تەب) لەکۆڵ ببۆوە. ڕێگاکە بەسەر گردی قاوەیی، ڕووت و بێ دەوەندا تێپەڕ دەبوو، ئەوە



سەرچاوە
Serchawe

شتێکی نامومکین بوو کە چێژ لە غاردانە چوارناڵییەکان بەسەر گڵی بێبەرد، هەوای وشک و فێنک، ئاسمانی شینی درەوشاوە و بەرزایی گۆڕاوی هەتاو، وەر نەگری کە لە خراپترین دوژمنەوە بۆتە دۆستێکی ژیر. ئەوە ڕاستە کە ئەو شوێنەی پێیدا تێپەڕ دەبم هێندە سەرنجڕاکێش نییە، بەڵام، وەک هەر شوێنێکیتری پارس، چیای بەرین دیارن، ئارام بە چارشێوی شینی ئاسمان و ئەم وڵاتە، ئەگەرچی سەرنجڕاکێش نییە، دەردەکەوێ کە بە پیت و بەرەکەت بێ و خەڵکێکی زەحمەتکێش و تا ڕاددەیەک خۆشگوزەرانی هەبێ ٧٣، لێرە تەقریبەن تەنیا بە تورکی دەدوێن.

گشت ڕێگای ئەمڕۆ ڕۆیشتن بەرەو هەوراز بوو و شوێنی حاوانە تەقریبەن ٣٠٠٠ میتر بەرز بوو. من لە ڕووباری سەرەخ بە سەر پردێکی خشتەیی سێ کەوانییدا تێپەڕ بووم و پاشان گەردەنی تیر ماچی، کە لەوێڕا دیمەنێکی بەربڵاو دەبینی، و بە ڕێگای سەخت و پڕ نشێو کە زۆرجار بە سەر هەڵدێری قووڵدا دەڕوانن ، گەیشتینە جیاکەهاز. تەڕترین شوێنێ ئێرە نزیکی گوندێک بوو و بۆ ئاشی ئارد کەڵکی لێوەرگیرابوو. سەرچاوەیەکی زۆر و هەر وەک هەر شوێنێکی خاکی پارس کە ئاوی لێیە، ئەم گوندە، کە هی کوردانە، یەکجار دەوڵەمەندە. حەوت خەرمانەکەی بە تەواوی خەریکی جیاکردنەوەی گەنم لە کا بە باوەشێن بوون و کارەکە هێندە وەستایانە دەکرا کە لە کۆتاییدا جگە لە گەنم هیچ شتێک لە سەر ئەردە ڕەقە گەچییەکەیان نەدەمایەوە و ئەو وشانەی باپتیست (ئینجیل) دەهاتەوە بیرت، " هەرکەس باوەشێنەکەی بەدەستەوە، ئەو بە باشی ئەردی خۆی خاوێن دەکاتەوە." گەنم لە هەموو جێیەک بوو کە " لە ئەمباری دانەوێڵە"، مەخزەنی گەورەی گڵی دەکرا کە هەر یەکەی جێگای ٢٠ پوتی دەبێ و پێویستیی گشت ماڵێک دابین دەکا.

ئەم گوندە تەنیا ٢٠٠ ماڵە و خاوەنی ٧٠٠٠ سەر مەڕ و بزن، ٦٠ ئەسپ و جوانوو، ٤٠٠ سەر ڕەشەوڵاغ و تەنیا ٢٣٠ تمەن باج دەدا. ئەم گوندە و ژمارەیەکی زۆر گوندی دیکە هی حەیدەر خان، حاکمی ئاچازن کە دیهاتییەکان وەک ئاغایەکی میهرەبان باسی دەکان. باغی قەیسی و هەرمێی زۆر، و لە شوێنێکی شیناوردی دڵگیری یەکێک لەم باغانە بارگەم خست. کوێخا و چەند پیاویتر بۆ چاوپێکەوتنم هاتن، بە ڕاستی ئیستیقباڵەکە (دەستەی بەخێرهاتنکردن) لە سورای کورد پێکهاتبوون. گوندەکە بەتەواوی پڕ بوو لە پیاو و ئەسپ، ئەمشەو ٢٠٠ زیارەتکەر لەوێ حاوابوونەوە.

٥ی ئەپریلی ٢٠١٨

## بەشی شەشەم

ڕۆژی ئەمڕۆ جادەکە لێرە و لەوێ بە ڕیزی درێژی دەستەی ١٠٠ کەسی پیاوی پۆشتە گەشابۆوە کە هەرکامیان لە ڕێیە دابوون بۆ مەزارگەی کەربەلا، باشووری بابل، تا "شایستەیی" کۆ بکەنەوە، بەڵگەنامە وەرگرن و تا کۆتایی ژیان بە کەربەلایی بانگ بکرێن. پیاوی زۆر جوان لە باشترین کاتی ژیانیاندا زۆربەیان کەیفخۆش و سوورهەڵگەڕاو، کڵاوی گەورەی ڕەش لە پێستی مەڕ کە وەک کارگ دەچن، چەکمەی چەرمی قاوەیی، بە گوڵدۆزیی جوان کە لینگی شاڵوارەکانیان تێهاویشتووە و پەستەکی قاوەیی لەبەر، کە نە تەنیا خۆیان پێداپۆشیوە بەڵکو ئەسپە جوان و چوستوچالاکەکانیشیان. چەند ژنی بەساڵداچووی بێ لێچکەشیان لەگەڵدابوو. زۆربەیان لەسەر بوخچەی پێخەف و جلوبەرگیان دانیشتوون و قلیان و کەرەستەی چێشت لێنانیان بە قەراغێوە ڕادەژێ. گشتیان تفەنگ و شمشێریان پێیە. من هەزاریانم دیت، زۆربەیان ژێر دەسەڵاتی ڕوسیان و ئەوانەی کە بە پەنای خێوەتەکەمدا تێپەڕ دەبوون و چاویان پێم دەکەوت بە سەردانەواندیان بۆم نیشانیان دەدا کە بندەستی دەسەڵاتێکی شارستانییانەن. ئەوان بە ڕاستی پیاوی فرە جوان و دڵڕفێن بوون.

ئەو ٢٠٠ کەسەی کە لە گۆی ئاغاج پشوویاندا، لە ژێر فەرماندەیی سەید بوون کە پێش دەستپێک، بەدوای زیارەتکەران دا دەگەڕا و لە هەر یەکەی نزیکەی ٥ قڕانی وەردەگرت. ئەو لەم سەفەرەدا لەبەر ئەوەی کە نەوەی پێغەمبەرە، ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ. ئەو وەڵاغێکی بارهەڵگر و خێوەتێکی هەیە و "زیارەتکەرەکان" بە سپاسەوە خواردنی بۆ ساز دەکەن، لەسەری ڕادەوەستن، ئاگایان لە ئاژەڵەکەی دەبێ، ئەردی تۆزاوی دەوری خێوەتەکەی بۆ ئاوپڕژێن دەکەن، شامپۆی لە ئەندامی لەشی دەدەن، مێشانی لێ دەردەکەن، و دەستخۆشانەکەیان بۆ ئەم خزمەتانە ئەوەیە کە ئیزنیان پێدەدرێ کە دەستی ماچ بکەن. ئەویش باشترین مەنزڵگەکان و بە مەیمەنەت ترین ڕۆژەکان بۆ سەفەر هەڵدەبژێرێ، و بەڵێنی دەدا کە گاڕانەکە (زیارەتکەرەکان) لە پیلانی بەدخوازانەی جندۆکان و لە چاوی پیس بپارێزێ. لە سەفەرەکەدا ئەو هەم خوتبان دەخوێنێتەوە و هەمیش مەدداحی دەکا.

سەیدی بەرپرسی ئەم ڕێوڕەسمە پیاوێکە خاونی پەیکەری فەرماندەرانە و ڕوخسارێکی سپی وەک هی مردووان. دەم و چاوی دەتگوت لە مەڕمەڕی سارد تاشراوە، ئەو ڕێز و سەرنجی خەڵکەکەی بە بێ تەفاوەتییەکی ڕووحانی وەک هی بودا وەردەگرت. بۆنوبەرامی پیرۆزییەکی دانپێدانراوی پێوە دیار بوو و شانازیی و پاکیی لە قەڵافەتە جوانەکەی دابوو. ئەو شەوەکەی بە نۆحە خوێندنەوە بردە سەر و نیشاندانی هەستەکانی بە شێوەیەک پلان بۆدانراو بوو، کە بە بێخەوشی فێریان ببوو، گوێگرەکانی بەتەواوی وەجۆش هێنا. مەوزوعەکە لەبارەی باشییەکانی حوسێن دابوو و کام نۆحەخوێنە دەتوانێ ئەم بابەتە باس بکا بێ ئەوەی کە لە کۆتایی دا نەگاتە شەهادەتی ئەم پیاوە " پیرۆزە"؟ ئەوکات بەشدارەکان دەگریان، هاواریان دەکرد و لە سینگی خۆیان دەدا، و زۆر دوای ئەوەی کە من ئەم شانۆیە تاقانەیەم جێهێشت، دەنگی سڵاو بۆ پێغەمبەر، عەلی و شەهیدەکان حەسەن و حوسێن، کە سەید بەڕێوەبەریی دەکردن، لە هەوای ئارامی شەودا دەنگی دەداوە. لە نیوە شەودا، دووبارە کاتژمێر چوار دەنگێکی تاقانەی وەک زەنگوڵە لەناو گوندی نوستوو هاواری دەکرد، " تەنیا خودایەک هەیە، موحەممەد پێغەمبەرییەتی، و عەلی یاریدەدەریەتی،" و ٢٠٠ دەنگ بە بەرزی و یەکدەنگی

دووپاتیان دەکردەوە، " تەنیا خودایەک هەیە، موحەممەد پێغەمبەرییەتی، و عەلی یاریدەدەریەتی،". زیاد کردنی وشەکانی " پیرۆز و ڕاستە" بە فۆرمولە ئاساییەکە زۆر بەرچاوە و لەو بڕوایە دام کە شتێکی زۆر نائاساییە. سەیدەکە بە فارسی خوتبەی دەخوێند، و زیارەتکەرەکانیش بەو زمانە دەدوان.

لە کاروانی ئەوتۆدا هەستێکی تەواو دێموکراتیک حاکمە. هەموو ڕێز لە سەید دەگرن، جگە لەمە گشتیان یەکسانن. بە بێ جیاوازیی کۆمەڵایەتی، زیارەتکەرەکان هەمان خواردنیان پێدەدرێ، لە هەمان ژووردا دەخەون، لە دەوری هەمان ئاگردا دادەنیشن و بەرامبەر بە یەکتر ئازادیی ڕادەربرینی تەواویان هەیە. سەفەرێکی ئەوتۆ و عیبادەتێکی لەم شێوەیە دروستکەری پەیوەندییەکی ساکاری برایانەیە.

گۆیئاغاج یەکەم گوندی کوردییە کە من لەوێ بە ڕاستی لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بووم. من ئەوان خوێنگەرم، میوانپەروەر و گەلێک خۆشمەشرەف دەبینم. هاوسەری کوێخا سەردانی کردم و من دوایی چوومەوە سەردانی. هەر ماڵ یا دامەزراوەیەک دیوی دەرەوەی وەک یەک دەچێ، دیواری بەدەورەدا لێدراوە، و لە نێوان دیوار و ماڵەکە حەوشێکی ناڕێکوپێک هەیە کە بۆ چوونە ژوور دەبێ بەناو دەروازەیەکی دارەبییان دا بڕۆی. لەناوەوە بینای نەوی بە قۆرتوپێچ بە دیواری ئەستووری گڵی تێدان. دیواخانەکە هۆدەیەکە بە دیواری سپیکارییکراو کە بە بازنە و شکلێتر لە ڕەنگی سوور ڕازاواتەوە کە شوێنی کۆبوونەوەی پیاوانە بە تفەنگ و مۆدنەکانیانەوە.
بۆ چوونە ژووری ماڵەکان دەبێ خۆت چاک دوولا بێنییەوە، چونکە دەروازەکە تەنیا نزیکی میترێک بەرزە و بە دەرگایەکی قورسی دار کە بە گیرەی ئاسن بەهێزکراوە، پارێزگاریی لێدەکرێ. دیوی ژوورەوە بە هۆی نەبوونی پەنجەرە، دالانی پڕ قۆرتوپێچی ژووران کە لە دوو میتر بەرزتر نین، کوڵەکەی گرێدار و نەتاشراو کە میچەکە ڕادەگرن، تاریکی، ئەستووریی بەرچاوی دیوارە گڵییەکان، ئەو ڕووناکاییەیەی کە بە کلاوڕۆژنەکاندا دێتە ژوور، ئەسپەکانی کە بەقەدە داران بەستراونەوە و دووکەڵ، ئەشکەوت دەخاتە بیری مرۆڤ.
" ژووری دانیشتن" قووڵکێکی بچووکە، کە لە لایەک بە هۆی گۆزەی دانەوێڵە کە هێندە بەرزن کە دەگەنە میچی، و لە لایەکیتر ڕیزی کووپەی ڕۆن کە لەهەر دانەیاندا پیاوێک جێگای دەبێتەوە، بچووک بۆتەوە. ئاوری دەوە/تەپاڵە لە نێوقەدی ژوورەکە دووکەڵێکی تووندی لێ هەڵدەستا و گەرمایەکی کەم. چەند لێفەی ئەستووریان بۆ ئامادە کردبووم و چایان بە سەماوەری ڕووسی لێنا و لە ئیستیکانی ڕووسیشدا بۆیان دانام.

هاوسەرەکە جوان بوو و لە هیچ وڵاتێکیتر کیژێکی جوانتر لە کچەکەیانم نەبینیبوو کە وەک حەزرەتی مەریەم دەچوو. ئەوان پێیان گوتم کە ٥ مانگی زستان بەفر هێندە دەبارێ کە دەگاتە ملان، و کەس ناتوانێ لە گوندەکە دەرکەوێ. پیاوەکان بە ئەسپەکان و ئاژەڵەکان ڕادەگەن و ژنەکانیش فەرشان دەچنن، بەڵام زۆربەی کاتی هەردوو لا بە خەوتن تێپەڕ دەبێ.

لەگەڵ ئەم کیژە جوانە، کە هەم دڵڕفێنە و هەم جوان، و خزمەتکارێک، سەردانی زۆر کەسم کرد و بۆم دەرکەوت کە گشت خانووەکان بە یەک شێوەن. من لە خاوێنی لەڕاددەبەدەری ئەوان سەرم سوڕ ما. ئەردە گڵییە ڕەقەکان تا ئەو جێیەی دەکرێ بە گەسک بماڵدرێن، خاوێن دەکرێنەوە و خەڵکەکە هەم خۆیان و هەم جلوبەرگیان خاوێنە. ژنەکان، کە زۆربەیان جوانن، لێچکەیان پێوە نییە، و تەنانەت چارشێویش بە خۆ دانادەن. تاجیلەیەکی ڕەشیان لەسەرە کە زۆر لێیان دێتەوە و زنجیری سکەی زێوی پێوە هەڵواسراون. پەڕۆیەکی

سوور بە گرێیەکی نە زۆر توووند لە پشت سەریان دراوە کە لەسەر پرچە ئەستورەکانیان بە دەرزیلەی زێوین هەڵپێچراون. ئەم کچە بێ لێچکەیە بەناو دەستەی پیاوی بێگانەدا، بە ساکاریی و ڕێزدارییی کیژانە لەگەڵمدا دەهات کە زۆر دڵخۆشی دەکردم. دوای دیتنی شێوەی ڕۆیشتنی شل و شەوێلی ژنی بێ فۆرم و داپۆشراوی فارس، دیتنی ڕوخساری جوان، باڵای بەرز و قایم و شێوەی ڕۆیشتنی چستوچالاکی ئەم ژنە کودرانە شتێکی وزەبەخش بوو. پیاوەکانیش بەهەمان شێوە جوانن، و زۆر پیاوانە دێنە بەرچاو.

ئەم گوندە کوردانە سوننین، و لەگەڵ جیرانەکانیان، شیعەکان یەک نین و جارجار گاڕانی یەکتر دەڕفێنن.

بەیانی زوو ڕۆژی دواتر، لە کاتی جێهێشتنی ئەم شوێنە دڵگیرە، کوێخا و چەند پیاوێکیتر یەکەم فەرسەخ لەگەڵمدا هاتن، و لەگەڵ ئەوەی کە ئیسکۆرتی سوارەکانم بە چوار "پارێزەری ڕێگا" کە ڕوخساری کێوییان هەبوو زیاد بوو کە چۆنیان پێ خۆش با ئەسپسوارییان دەکرد، لە پێشەوە یا لە دواوە، هەندێک جار ئەسپەکانیان بە شێوەی بازنەیەکی کە بچووک دەبۆوە غار دەدا، هەندێک جار بە سەر گردە لێژەکاندا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان، بە لای ڕاست و چەپی ئەسپەکاندا تەقەیان دەکرد، بە خەنجەری دەمخوار هێرشیان دەکردە سەر یەکتر و ئاوازی نا هاوئاهەنگیان دەخوێند، ئێمە بەناو خڕێکی قووڵدا ڕۆیشتین کە ڕووبارێکی باریک کە بە ناو دەروازەی گاشە بەردی ڕەش، سوور و نارنجی دەهاتە دەر و بە ناو دۆڵێکی درێژ دا تێپەڕین، پاشان بەسەر گردی خڕ و دوایە چووینە خوار بۆ هەوارگەیەکی مەزنی خێڵێک لە قەراخ چەمێکی تەقریبەن وشکبووی قوڕاوی کە خەریکی جەژن گرتن بوون و من لە خێوەتە بچووکەکەمدا حەسامەوە.

ئەم "پارێزەری ڕێگایانە" دوو سێ جار غاریان دا بۆ لای شوانەکان کە چاودێریی ڕانە مەڕەکانیان دەکرد و داوای بەرخییان لە هەر کامیان کرد بۆ پاشماوەی ڕێگا و داواکەیان بەجێ گەیەندرا. وەرزێڕەکان زۆر لەم پیاوانە دەترسن. ئەوان دەڵێن، لە جیاتی پارێزگاریی لە کاروانەکان و مسافیرەکان، ئەوان بەرپرسی زۆربەی تاڵانکارییەکان لە سەر ڕێگان، و ئەوان باشترین مریشک و بەرخەکانیان لێدەستێنن بێ ئەوەی کە پارەیەک بدەن، و ڕۆژانە نزیکەی ٥ کیلۆ جۆ بۆ ئەسپەکانیان دەستێنن و ئەگەر سکاڵا بکەن، چەند ڕۆژ خۆ بە سکاڵاکەرەکە بەخێو دەکەن. لەبەر ئەم هۆیانە من بە توندی لە شوێنێک کە بەڕاستی لەبەر ئاسایش پێویست نەبێ، دژی ئەو ئیسکۆرتانەم. من ڕۆژانە دوو قڕان دەدەم بە هەر کام لەم پیاوانە، و پێشدا ڕۆژانە نەفەری دوو قڕانم وەک " پارەی ڕێگا" بە خۆیان و ئەسپەکەیان دەدا، بەڵام دوای ئەوەی کە پێمزانی کە خواردنیان بێ پارە وەردەگرت، ئێستا ڕاستەوخۆ پارەی ئەو شتانەی کە بە پیاوەکان و ئەسپەکان دەدرێ بە خەڵکەکە دەدەم. تەنانەت بەو کارەش نەمتوانیوە چاوچنۆکیی ئەم سوارانە بگۆڕم، چونکە دوای ئەوەی کە لە سەر "لیستەی حسابەکە" پێکهاتین، ئەوان هەڕەشەیان کرد ئەگەر کوێخا هەمان پارەی کە من پێمداون پێیان نەدا، لێی بدەن.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

## بەشی حەوتەم

بە پێچەوانەی ئاکارە باش و خۆتێهەلنەقوتێنەرانەی ژنانی گۆی ئاغاج، ژنەکانی ناو هەوارگەکە بە ناسیاوییەک لە دەورەم کۆبوونەوە، کە تەنانەت بۆ کێوییەکیش شتێکی بێزارکەرە.

لە سەر ڕێگای سەنجود، گوندێکی کورد لە هەڵدێرێک هەڵکەوتووە کە هێندە لێژ بوو کە نزیکەی نامومکین بوو کە شوێنێکی تەخت بۆ هەڵدانی خێوەتەکەم ببینمەوە، هەندێک دیمەنی جوانی لێیە و لە قەدپاڵی کێوی سوریسەرت، لە خۆرهەڵاتی گەردەنی میانمەلیک، بەربلاوترین ناوچە لە نێوان هەمەدان و ورمێ هەڵکەوتووە، دیمەنێکی بەڕاستی دڵڕفێنە. دیمەنەکە تێکەڵێک لە زەرد و سووری مەیلەو قاوەیی، لە دۆڵەکاندا سێبەری شینی مەیلەو سەوز، زنجیرە گردی قاوەیی کە بە هەوایەک لە ڕەنگی شینی درەوشاوە شکۆمەند دەبوو و تەپۆلکان بەری ئاسۆیان گرتبوو و لە ڕەنگی شیندا دەتوانەوە و لەگەڵ ئاسمان تێکەڵ دەبوون. لەم تەنیاییە مەزنەدا،وێرانە جوانەکانی قەڵای کۆشکی کەرەفتو، شوێنێک کە فەووارەکەی ئێستاش بۆ ناو حەوشە چۆلەکەیدا فیچقە دەکا، شتێکی گەلێک سەرنجڕاکێش بوو.

لە گوزەرگای میانمەلیک ڕا شۆڕبوونەوەیەکی ١٧٠٠ میتربیە بەرەو گۆلی ورمێ، و سەرمای هەوا پێش ئەوەی کە بگەینە سەنجود کەمتر بۆتەوە. نزیکەی هەموو ڕێگاکە لە هەمەدانەوە زۆر بە تەنیا بووین. ئێمە نە تووشی کاروانێک بووین و نە لێیان تێپەڕ بووین و لەم مارشە حەوت کاتژمێرییەدا تووشی هیچ مرۆڤێک نەبووین. بەڵام گوندی قاوەیی لە دۆڵەکانی گردی قاوەییدا هەڵکەتوون، و ئەم وڵاتە بەربڵاوە بۆ چاندن ئامادە دەکرا. ئەوەی ڕاستیی بێ ئەم ناوچەیە ئەمباری دانەوێڵەی پارسە.

سەنجود گوندێکی هەشتا ماڵیی لە پەنای گردێکی گڵی سوور کە لەسەرووی وی گردێکی بەرزە لە قوڕی سوور. لەم وەرزەدا ناکرێ بەراوردێکی باشت لەسەر ئەم ناوچەیە هەبێ. مەڕ و بزن بێگومان لە نێوان ئەم بەردانەدا خواردنێک دەبیننەوە، بەڵام ئەو لەوەڕەی بە چاو دیارە هەمووی خوراوە. کەرتەشی و ئالیکی تر دروێنەکراون و لە گوندەکان ئەمبار کراون. زۆربەی ڕووبارەکان ویشکن و تەنیا سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە حەوزن کە مەڕوماڵات پێسیان کردوون. بەفرەکانی سەرچاوەی جۆگەکانی ئاوداشتنن هەموو تواونەوە و ئەم جۆگانە یا وشکن یا گیراون. لە سەرەتای مانگی ئاپریلەوە زۆر بە دەگمەن باران باریوە و نزیکەی شەش مانگان تیشکی بەتینی هەتاوی پارس لەم خاکە چەقیوە. قەڵشتی کێلگەکان وەک خشتی ویشک لە ژێر خۆرەتاو ڕەق بوون. گوندەکانی خاون گڵی زەرد و مەیەلەو سپی، لە سەربانەکانیان کۆگای تفاقیان لێ دانراوە و بە سەختی لە داوێنی گردەکان لێک جیا دەکرێنەوە. ڕێگاکان بە خۆڵی درەوشاوەی سپی چەند ئینچ قووڵ داپۆشراون.لە دەشتەکان مژێک لە تۆزێکی قاوەیی دەبینرێ.

ئەم ناوچە بێ باران و بە هەتاو هەڵقرچاوە بە بەفری زستانان دەژی، و بەفری زنجیرە کێوی زاگرۆس سەرنجڕاکێشترین شتەکان بۆ وەرزێڕانی خۆرئاوای پارسە. ئەگەر ناوچەکە پڕ حەشیمەتتر با، و قازانجەکانی هێزی کار مسۆگەر با، دروستکردنی خەزێنەی ئاوی

بەفر کارێکی ئاسان دەبوو، و پێشگرتن بە بەفیڕۆ چوون لەوانەبوو بتوانێ خەڵک دەوڵەمەند بکا، چونکە خاکەکە، کاتێک کە ئاودێریی دەکرێ بە پیتە و هەمیشە دەکرێ پشت بە خۆرەتاو ببەستی کە کاری خۆی بکا. بەفیڕۆدانی ئاو گەلێک بەرچاوە، چونکە گەلێک زۆرتر لە نیوەی ئاوەڕۆکانی ئیمپراتورییەکە دەڕژێنە ناو کەویران و قووڵکی دیکە. ڕێژەی مامناوەندیی باران لە فەلاتی ناوەندیی بە گوێرەی نرخاندنی سیر ۆیلڤێر سەنت جان لە ساڵدا تەنیا نزیکەی ١٣ سانتیمیترە.

هاتنی من بۆ سەنجود جێگای ڕەزامەندیی نەبوو. کوێخاکە پەیامی نارد کە ئەو حازر نییە جوابی بڕیاری سەرتیپی ئاچاز بداتەوە. ئەو گوتی من دەتوانم هەرچی گیرم دەکەوێ بکرم، بەڵام ئەو نە پێداویستییەکانم بۆ دابین دەکا و نە پاسەوانان بۆ پارێزگاریی لە منزڵگەکەم دابین دەکا. من لەمە سەرم سوڕ نەما، چونکە مسافیرێک کە نامەی فەرمیی پێیە چاوەڕوان دەکرێ کە ببێتە میوانی گوندییەکان و چاوڕوانی لێناکرێ کە پارەی هیچ شتێک بدا.

من چووم چاوم بە کوێخا کەوت، و دڵنیام کردەوە کە پارەی سەرجەم ئەو شتانە دەدەم کە پێویستم پێن و پارەی هەرکام لە پاسەوانانی شەویش دەدەم، و موشکیلەکە جێبەجێ بوو. بەشێکی زۆر لە ژنە جوانەکانی گوندەکە هاتنە دیتنم. کوێخا میوانییەکی لە ماڵی خۆی پێکهێنا و کاتێک بەیانییەکەی خوداحافیزیم لێکرد ڕاستگۆیانە گوتی، " ئێمە زۆر خوشحاڵ بووین کە تۆ میوانمان بووی، ئێمە هیچ زەرەر و زیانێک یا ناڕاحەتییەکمان لە لایەن تۆوە بۆ نەهاتە پێش، ئێمە پێمانخۆشە کە وڵاتی ئینگلیس پارێزگارییمان لێبکا." ئەم ڕستە بەئەدەبانە زۆر جار کەڵکی لێوەردەگیرێ.

کوردەکانی پارس کاریگەرییەکی ئەرێنییان وەک خەڵکێکی بوێر، ڕووڕاست و میوانپەروەر لەسەرم هەبووە. پیاوەکان بەئەدەب بوون بێ ئەوەی کە چاپلوس بن، و ژنەکان میهرەبان و دەم بە پێکەنینن و بە ئازادی و بێ لێچکە دێنە ناو خێوەتەکەم بێ ئەوەی کە خۆسەپێن بن.

کوێخاکە بۆ هەر شەوی هەشت پاسەوانی دەنارد و دەیگوت کە شوێنەکە گەلێک مەترسییدارە، و پێیخۆش نەبوو گوندەکەی تووشی شەرمەزاریی تاڵانکرانی بێگانەیەک لە نزیکی ئەوان بێ. بەڵام ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە شەش پاسەوان تەنیا بۆ دڵنیایی ئەوی نێردراون، و من تەنیا پێویستە پارەی ئەو دوو کەسە بدەم کە داوام کردبوون.

سەفەرەکەم، کە بە ناو ناوچەیەکی کێوی و کەم هاتووچۆی پارس دا تێدەپەڕێ، هەروا بە خۆشی تێپەڕ دەبێ. هەوایەکە ئێستا دڵگیرە، ئەگەرچی لەم ناوچە نزمەدا کاتی نیوەڕۆیان کەمێک گەرمە.

ناوچەی نێوان سەنجود و ساین قەڵا شوێنێکی بە پیت و سەرنجڕاکێشە، بۆیە یەکشەممە لێرە ماینەوە. ڕێگاکە بەناو گوزەرگای کاوراک بە پەنای چومی قووڵی قەرەچای دا تێپەڕ دەبێ، کە لە کەناری چەپی ئەو لە شوێنێکی باریک ڕا کێوی جوانی بابەعەلی دەست پێدەکا. دۆڵێکی درێژ، پڕ لە مەزرای بە پیتی لۆکە، گوزەرگایەک بەناو کێڵگە سوورەکانی قزل قەبر، و داگەڕانێکی زۆر ئێمەی



سەرچاوە Serchawe

گەیانده دەشتێکی مەزنی مەیلەو سپی کە ڕووباری جەغەتو لە سەر ڕێگای خۆی بەرەو دەریای مردووی ورمێ پێیدا تێدەپەڕێ. ناوچەیەکی بەربڵاوی بەردە لیسۆکە، داری نیوە نێژراو، و چەند کاناڵی ئاوداشتنی خیزەڵان باس لە وێرانگەر بوونی چۆمەکە دەکەن. گەردەلوولێکی تەپوتۆز کۆتایی ڕێپێوانەکەی زۆر دژوار کردین چونکە ڕێگاکەی لەناوبردبوو و زۆر جار دیتنی گوێی ئەسپەکانی نامومکین دەکرد. لە وەرزی زستان و بەهار ئەم دۆڵەی جەغەتو بەتەواوی دەکەوێتە ژێر ئاو، و بۆ هاتووچۆ کەڵک لە بەلەمان وەردەگرن. نزیکەی ١٥٠ گوند لەم ناوچەیە هەن، دانیشتووەکانی بە تەواوی کورد و تورکن، و ٢٠٠ خێوەتی کۆچبەرانی لێیە. جەغەتو لە بەر ماسییە مەزنەکانی بەناوبانگە.

کاتێک کە گەردەلوولەکە هێور بۆوە ئێمە لە ساین قەڵا نزیک ببوینەوە، قەڵایەکی وێرانە لە سەر ڕێگای چەند گردی نەوی و شارێکی ٣٠٠ ماڵیی لە دامێنی. لە لای خۆرهەڵات لە دوورەوە چیای پیرەماە دیارە، و لە نێوان ئەو و ساینقەڵا تەپکەیەکی سەیری لێیە، پڕ لە خۆڵەمێش، بە وتەی خەڵکەکە، گومبەزێکی بەرزی تەپیو، دیاربوو کە پاشماوەی ئاتەشکەدە، یا زیارەتگەی ئاگر بووە. ئەم شارە لە نێوەڕاستی ناوچەیەکی گەلێک بە پیت و بەرەکەت هەڵکەوتووە. مەزرا و باغی میوەکانی لانی کەم لە هەرلاوە یەک مایل (١٦٠٩ میتر) دەبێ و کاڵەکەکانی هەرزان و بەناوبانگن، ئێستا نرخی دەرزەنێک تەنیا ٦ شاییە.

ئێرە شوێنێکە کە خەریکە دەگەشێتەوە. بازاڕێکی نوێ خەریکە دروست دەکرێ کە بە جوانکاریی زۆری تەختە ڕازاوەتەوە. لە سەر ڕێگای تەورێز لە کرماشان و هەمەدانەوە، و بە ڕێگایەک بەرەو ورمێ کە جیرانی نزیکییەتی، و بە هۆی پێداویستیی کاروانانەوە ئەم شوێنە زۆر پڕ جموجۆڵە. ئێرە زۆر وەک شوێنی نیشتەجێبوونی چینییەکان لە مالیزی دەچێ، لە هەر کام لە قەراخەکانی جادە دوکانی لێن کە بەرهەیوانی نەوییان لەپێشن. یەکێک لە بەرچاوترین کاڵاکان ناڵی ئەسپ، ئێستر و گوێدرێژ، توربێن، گوریس و چەرمە. میوەفرۆشی زۆر، و کاڵەک لەسەر یەک کەڵەکە کراون بۆ میچی. قوماشی ڕوسی و لامپ و ئاوێنەی ئوتریشی شتێکن کە لە سەرانسەری ئەم بازارە دێنە بەرچاو.

شوێنی مەنزڵگەکەم لە دەرەوەی شار هەڵکەوتووە، گۆڕەپانێکی باگرەوە و پڕ تەپوتۆز. لێرە هەشت پاسەوانەکانم جێیان هێشتم، بەڵام زۆری پێنەچوو کە کوێخا پەیامی لە لایەن سەرتیپی فەرماندەی تاقمێک سەرباز و شارەکە نارد کە پاسەوانی سەربازیی پێش ڕۆژئاوا بوون دێن. ساینقەڵا لە ژێر فەرماندەیی ساوجبلاغە و خەڵکەکەی بە شێوەیەکی سەرەکیی کوردن بە تێکەڵاوێک لە تورک، کەمێک فارس، زۆربەیان کاربەدەستی حکومیی، جوولەکەیەکی ڕەنگرێز لە گەڵ بنەماڵەکەی کە لە زۆربەی گوندەکانی سەر ئەم ڕێگایە دەبیندرێن.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەرزییەکی گوڵدۆزییم دیتەوە کە لە زیلویەکەم چەقیبوو، و شانسی ئەوەم هەبوو کە نەتەنیا هەندێک دەزووی ئەستووری دروومان بەڵکو ئاوریشمی گوڵدۆزی لە ساین قەڵا بکڕم و تیکەیەک قوماشی سێرژم هەیە کە کاری لەسەر بکەم و نەخشەی گوڵی کانێژە، چیتر لە کاتی حەسانەوەی نیوەڕۆیاندا بێ سەرگەرمیی نابم.

بە ڕاستیی "سەبات بۆ مرۆڤ دروست کراوە"! جگە لە باشییە ئایینییەکانی، ژیان بە بێ ئاڵوگۆڕی کار گەلێک سەخت و یەک هەوا دەبوو. تا یازدە لە ناوجێدا، خوێندنەوە، پشووی خزمەتکارەکان، پشوویەک لە سواریی بێکۆتایی، هاتنەوە سەرخۆی بیر و لەش، هەموو ئاکامی پشوودانی یەکشەممان لەم سەفەرەیە، و بەتایبەتی دوایین یەکشەممە گەلێک ئارامبەخش بووە.

٧ی ئەپریلی ٢٠١٨

---

## بەشی هەشتەم

دوای نیوەڕۆ میوانێکی گەلێک ژیرم هەبوو، حەکیمێک لە تەورێزەوە، کە بۆ ئەرکی تەندروستی دوای بڵاو بوونەوەی وەبا نێردرابوو، فارسێکی زمانلوس و خۆبینی چینی باڵادەست. ئەو باسی سیاسەتی کرد و بە دوورودرێژی باسی ئەگەری بەدەستەو گرتنی دەسەڵاتی ئاسیا لە لایەن ڕوسیا و ئینگلستانی کرد. بە بۆچوونی ئەو، ئینگلیس، هەڵەیەکی مەزنی کرد کە ئەفغانستانی داگیر نەکرد، و گوتی گشت خوێندەوارانی پارس هەمان بۆچوونیان هەیە. ئەو گوتی " ئێوە نەتەوەیەکی بەهێزن، بەڵام زۆر بەکاوەخۆن، خەڵکێکی کە هیچ نازانن، دەسەڵاتی زۆریان لە دەوڵەتی ئێوەدا هەیە. بۆ بەڕێوەبردنی ئاسیا، ئێوە یەکێک لە مەزنترین دەسەڵاتەکانی ئاسیان، مرۆڤ نابێ تیۆرییەکانی ڕۆژئاوا بۆ دەوڵەتداریی بەکار بێنێ. ئێوە دەبێ ستەمکار و خێرا بن، و سیاسەتەکەتان نابێ لەرزۆک بێ. بڕوانە ئێرە، پاشا دەمرێ، زەلـلەسسوڵتان (ظل‌السلطان کوڕی ناسرەددین شا و حاکمی ئیسفەهان بوو. و.) لەگەڵ وەلیعەهد لەسەر جێگرتنەوەی ناکۆکن، و چەند ڕۆژێتر ڕوسیا بە ٢٠٠٠٠٠ کەس، ئازەربایجان داگیر دەکا، تاران دەگرێ، و بەرەو ئیسفەهان دەڕوا.

لەهەمان کاتدا دەوڵەتمەدارانی ئێوە چەند حەوتوو لە پارلمان خەریکی قسانن، و کاتێک کە ڕوسیا پرەستیژی خۆی سەپاند و پارسی ڕێکخست، ئەوکات هێزی دەریایی ئێوە بە سوپایەکی بچووک لە هیندوستانەوە وەڕێدەکەوێ! بەە! هیچ وڵاتێک کە فەرمانڕەواکەی ژن بێ ناتوانێ لە ئاسیا فەرمانڕەوایی بکا."

ئێوارێ کوێخا و دوو کورد کە بە فارسی قسەیان دەکرد هاتن و هێندە لە دەورەی خێوەتەکەم هەڵسوڕان کە من بانگهێشتی بەر هەیوانەکەمم کردن، و ماوەیەکی دوورودرێژ گفتوگۆیەکی خۆشم لەگەڵیان هەبوو. بۆم دەرکەوت کە ئەوان زۆر ڕووڕاست بوون، زۆر بیرۆکەی سیاسییان هەبوون. ئەوان بە توندی سکاڵایان لە باجی پشتشکێن دەکرد، کە بە گوێرەی ئەوان، " مرۆڤ لە تەواوی ژیانیاندا بە هەژاریی دەهێڵێتەوە." ئەوان گوتیان " هەژارترین مرۆڤەکان دەبێ ساڵی سێ تمەن پارە بدەن، جگە لە شتیتر، و ئەگەر ئەوان نەتوانن پارە بدەن باجگیرەکان مەروماڵەتەکانیان لێدەستێنن، نرخێکی زۆر کەمی لەسەر دادەنێن، بە نرخی ڕاستەقینەی دەیفرۆشنەوە و تەفاوەتەکەی بۆخۆیان دەبەن." ئەوان بە خەتای پاشای نازانن. " ئەو ئاگای لە هیچ نییە." ئەوان بێزاریی خۆیان لە حاکمەکان و کاربەدەستانی ناوچەکە دەربڕی. ٧٤ ئەوان گوتیان ئەگەر بیانهەوێ پەلەوەر ڕاگرن، دەبێ لە ژێر زەوی بیانشارنەوە دەنا



سەرچاوە
Serchawe

لێیان دەستێنن.

ئەوان گوتیان، دوای مردنی پاشا، پارس لە نێوان ڕوسیا و ئینگلیسدا دابەش دەبێ. ئەوەشیان زیاد کرد " ئەوکات ئێمە دەگەینە دادپەروەریی." من پێم گوتن کە کوردەکان و ئینگلیسییەکان یەکتریان خۆش دەوێ. ئەوانیش گوتیان " کەوابوو بۆ ئینگلیس هێندە لەگەڵ تورکیە و پارس دۆستە، کە ئێمە سەرکوت دەکەن، و بۆچی مسافیری وەک تۆ لەگەڵ سوڵتان و پاشا قسە ناکەن شتەکان بگۆڕن." ئەوان گوتیان سەردەمێک چاوەڕوان بوون دوای مردنی پاشا، بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیس، بەڵام ئێستا پێیان گوتووین کە دەکەوینە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیا."

پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەبارەی کاروباری ناوچە باسەکەمان بۆ شتی سووکتر گۆڕی. ئەوان زۆر خۆشیان لە مێزەکە دەنوشتێتەوە، تەختی خەو و کورسییەکەم هات، بەڵام گوتیان ئەگەر ئەوان کەڵک لەم شتانە وەرگرن، تێچووی ژیانیان گەلێک زیاد دەبێ، " چونکە ئەوکات ئێمە وەک موسوڵمانان، قەت ناگەڕێینەوە سەر خواردن و نوستن لە ناو جۆڵاتەنان." ئەوان گوتیان لە بارەی ئوروپاییان شتیان بیستووە کە بۆ دیتنی کانگایان، بۆ گەڕان بەدوای خەزنە وێرانەکان هەڵدەکۆڵن، و بۆ کۆ کردنەوەی گیای پزیشکی، هاتوونە پارس بەڵام تێناگەن بۆچی من سەفەر دەکەم. من وەڵامم دانەوە کە من بۆیە سەفەر دەکەم تا لەبارەی بارودۆخی خەڵک شت فێر بم و لەهەمان کاتدا پێمخۆشە لە بارەی ئایینی ئەوان و ئەگەری بوونیان بە کریستیان بزانم. لە وەڵامدا گوتیان " زۆر باشە، ئەوە شتێکی باشە. ئیسلام قەت پاشەکشە ناکا و ئایینی کریستیانیش قەت بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە نابینێ."

بەیانی ڕۆژی دواتر سەرتیپ بۆ ڕێز گرتن لە من، گشت پاسەوانەکانی ڕێگا لە ساینقەڵا کە ڕێژەیان دەگەیشتە دوازدە کەس نارد تا من بەرەوە قەڵای محەممەد جیغ، گوندێکی مەزن، ماڵ و ملکی نایب سەرتیپ، ئیسکۆرت بکەن. ئەمە شێتانە ترین ئیسکۆرت بوو کە من تا ئەو کاتی بینیبووم. ئەم پیاوانە جلوبەرگی ڕازاوەی کوردییان لەبەر کردبوو، و جگە لە تفەنگ کە بە زیو و عاجی فیل ڕازابوونەوە، و شمشێر و قاوغی شمشێری گەلێک ڕازاوە، خەنجەریان پێبوو لە ناو کێلان کە دەسکەکەیان بە یاقوتی شین ڕازابوونەوە. ئەوان بە ڕێژەی نەریتیی خۆیان دەرۆیشتن و شتێکیتریان زیاد دەکرد کە پێکهاتبوو لە هەڵسووڕاندنی کوتکێک بە شێوەیەکی تایبەتی و فڕێدانی بەرەوپێشەوە تا ئەو جێیەی کە لە توانایان دابوو و چوارناڵ غاریان دەدا و هەر کەس هەڵیگرتباوە بێ ئەوەی کە بەربێتەوە، بۆی هەبوو جاری دواتر کوتکەکە فڕێدا. زۆر کەم دەیانتوانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەم کارە بکەن وکێشمەکێشەکە بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار دەبوو بە ململانێکی ڕاستەقینە. ئەوان خۆیان دەگەیاندە ترۆپکی شۆروشەوقێکی شێتانە،هەرا و هوریایان دەکرد، ئەسپەکانیان بە کەف و کوڵ و ئارەقە دادەپۆشرا، یەکتریان تا سنووری کەوتنەخوارەوە دەبرد و ئەسپەکان بە ددانە تیژەکانیان هێندە قەمپاڵتەیان لەیەکتر دەگرت کە لمبۆزی هەر کام لە ئەسپەکان خوێنی لێ دەچۆڕا.

دوای ئەوەی کە بەخششیان پێدرا، منیان دوو مایلی تر بەڕێکرد " بۆ ڕێز گرتن لە خانم"، تفەنگەکانیان بەرەو ئاسمان تەقاند، بەهەستەوە سڵاویان کرد و بە هەراوهوریا و چوانالیی منیان جێهێشت.



سەرچاوە Serchawe

گوندی محەممەد جیغ بازاڕێکی پڕ لە کاڵای هەیە و تێکەڵاوێکە لە دەوڵەمەندیی و وێرانە. قەڵایەکی مەزن لە دوورەوە، لەسەر تەپۆلکەیەک، قەڵایەکی چوارگۆشەی خاوەن بورج کە لە هەرلا بەرز بوونەوە و بە باشی بەسەر دەشتی مەیلەو سپی جەغەتوو دا دەڕوانن، کە بە گوند و مەزرایان ڕازاوەتەوە.

لێرە، وەک شتێکی نامۆ، خان ژیانێکی شکۆمەند لە ناو ئەو کەسانەی کە بەکردوە کۆیلەی ئەون وەک سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست دەباتە سەر. هۆدەی مەزن کە بە دیوار دەورەیان گیراوە و خزمەتکاران تیایاندا دەژین. تەویلە ڕیز کراون کە ئەسپی نایاب و زۆر باش پێڕاگەیشتوو بۆ پاراستن لە هەتاو لێیان ڕاگیراون. گامێش لە کێڵگەکان دەگەڕانەوە، باشترین ئامرازی وەرزێڕیی لە پارس، مریشک، مراوی، قەلەموونە، بزنی تووکن و ژن و پیاوی قولەڕەش کە بۆ بیگانان زەردەخەنە دەکەن، سواری پۆشتە نامە دێنن و دەبەن، ڕاوێژکار بە مێزەری سپی و عەبای ڕەش ڕاوەستاون، گشت ئامرازی دەسەڵات و سامانداریی.

نزیکەی کاتژمێر ٩ بوو، و پیاوە مەزنەکە لەخەو هەڵنەستابوو، بەڵام ئەو ژەمی بەیانی پێکهاتوو لە چا، کەباب، ساوەر، پەنیری تەڕ، شەربەت و ترێی بۆ ناردم. بۆ چوونە ژووری حەوشەکە بە دەروازەیەکی گەلێک جواندا دەڕۆی و قەڵاکە بە شێوەی چوارگۆشەیەک دروستکراوە. ئەندەروونەکە (ژووری ژنەکان) بە مونەببەتکاریەکانی لە لایەک هەڵکەوتووە و لە لایەکەی دیکە شوێنێکە کە دەکرێ بڵێین هۆڵی کۆبوونەوەی گشتیی کە لەوێ سەرتیپ گوێ لە گوندییەکان دەگرێ و لەوێڕا بڕیار لە سەر بابەتەکان دەدا.

ئەو پێشنیاری کرد چەند ڕۆژێک میوانداریيم بکا، بەخێرهاتنی نەریتیی کردم، گوتی لێرە ڕا تا ساوجبلاغ پێویست بە ئیسکۆرت ناکا، "ئەگەر ڕێگاکان ناسەقامگیر بوون" نامەی حاکم مافی دابین کردنی ئیسکۆرتم پێدەدا، هیوای خواست کە دژوارییەکانی سەفەر ئازارم نەدەن و پێشنیاری کەژاوە و ئێستری بۆ ڕێپێوانەکانیتر پێکردم.

جادەیەکی ساف بەناو هەمان دەشتە مەیلەو سپییە دەوڵەمەندەدا دەتبا بۆ کەشاوا، گوندێکی ١٠٠ ماڵی لە باوەشی دارمیواندا و توتن و لۆکە دەورەیان داوە. قەڵایەکی کۆنی هەیە، سەرچاوەیەکی گەلێک جوان، کاڵەک و چایان لەسەر کەشەفی زێو بۆ ناردم، ئەسپەکەیان لە تەویلە کرد، و چونکە شوێنی کەمپەکە لەبەر چاوی چەتان بوو پاسەوانێکی بەهێزیان پێدام. ئەم شێوە پێڕاگەیشتنە، ئەگەرچی خۆشە، بەڵام زۆر گرانە، چونکە هەرچی ئاغاکە مەزنتر بێ، چاوەڕوانی لە خزمەتکارەکانیش زۆرتر دەبێ، و نرخی دیاریی وەک کاڵەک دەبێ بەخشیشەکەی لانیکەم چوار قات بێ.

٧ی ئەپریلی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## بەشی نۆهەم

ڕۆژی دواتر لە کاتی پشوودان، ئەسپەکان بە جۆشەوە لاسک و ڕیشەی شتێکی خڕیان دەخوارد کە بۆنێکی تووندی لێدەهات و بنکەکەی تەقریبەن لەسەر زەوی بوو و هەموو بەیەکەوە تووشی هەستێکی سەیر بوون. مووی بەدەنیان ڕاست بۆوە و سەریان بە شێوەیەکی بێ ئیختیار و هاوئاهەنگ بەرز و نەوی دەکرد (وەک زکر کردن)، لە کاتێکدا کە چاویان لەشتێکەوە بڕیبوو. ئەم کارە تا ٢٠ کاتژمێر درێژەی کێشا، بۆی وەک هەمیشە بەدوامەوە بوو، بەڵام لەبەر ئەم سەرڕاوشاندنە بێزارکەرانە، کە هیچ ئیختیاری بەسەرەوە نەبوو، نەیدەتوانی ئەو شتە خۆشانە بخوا کە زۆری پێخۆش بوون و من هیوادار بووم ببنە هۆی وەستانی ئەم سەر ڕاوەشاندنانە، کە بۆم شتێکی ناخۆش بوو. پاش ئەم حاڵەتە هەردوو ئاژەڵەکە ئارەقەیەکی تووندیان کرد. ئاویان بەلەشیدا دەچۆڕاوە. سەرڕاوشاندنەکان وردە وردە ئارامتر بوونەوە و وپاشان کۆتاییان پێهات و دواتر هیچ ئاسەوارێکی لێ نەما جگە لەوەی کە گەروویان ئەستوور ببوو. هەردووکیان جۆیان لە توربێنەکەی دابوو، بەڵام لەخۆیان داماڵین تا لەم گیایە، کە شێوەیەک لە گیای بنکە پیوازییە بخۆن (ڕەنگبێ تاڵیشک بووبێ و.).

کاتێک کە بۆی حاڵی هێندە باش ببۆوە کە بتوانم سواری بم بەرەو دەشتێکی مەزن داگەڕاین، کە زۆر گوند و ڕێگای لێ هەڵکەوتبوون. دەشتی حاجی حوسێن لە ڕاستییدا تەنیا بەشێکی دیکەیە لە دەشتی جەغەتو، کە پانایییەکەی چوار تا دە مایل دەبێ، مەودایەکەی دەگاتە ٤٠ مایل و نزیکەی گشت ڕووبەرەکەی بە پیت و خاوەن حەشیمەتە. لە نزیکترین گوند سەرجەم پیاوەکان لەسەر کێڵگە خەریکی کار بوون، و ڕێنوێنییان نەکردم، لە شوێنی دواتر کوێخا، پیاوێکی لاو، پێش هەموو شتێک داوای پارەی کرد.

دوای تێپەڕبوون لە دەشتەکە، کە زۆر گوندی لێک نزیک لەسەر پەڵە چەوی دەورەگیراو بە گڵی ڕەشی بەپیت و ڕەق هەڵکەوتبوون، لە شوێنێکی تەنکاو لە جەغەتوی پان پەڕینەوە و گەیشتینە قەراغ، نەوەک گوندێکی بێ بایخ، بەڵکو هەر وەک چاوڕوانیم دەکرد، شوێنێک بە ٥٠٠٠ حەشیمەتەوە. جادەیەکی پان کە هەردوو لای داری لێچێنرابوون و جۆگە لە هەر دوو لای هەڵکەنرابوون، بە باغی زۆر باش ئاودێریکراو، سنەوبەری خاوەن سێبەر، دارەبی، داری میوە، کە چەندین مایل، لە چۆمەکە ڕا تا شارەکە دەبوون کە لەگشت لاوە بە باغی لەم شێوەیە دەورەی درابوو، وەک دارستانی چغوری دەنواند. ڕەزی مێوەکان گەلێک نایابن و ئەندازە و تامی ترێیەکان شتێکی نائاسایی بوو. کاڵەک، تریاک (خەشخاش)، تووتن، لۆکە، ڕۆن گەرچەک، کونجی و باینجان هەموو فرە زۆر بوون.

میانداب بەشێکی وێرانەیە، بەڵام ڕووبەرێکی بەرچاوی بە ١٠٠٠ ماڵەکانی داگیر کردووە، کە ١٠٠ دانە هی جوولەکانە و ٢٠ دانەش هی ئەرمەنیان. خەڵکی پێنج عەشیرەتان لێرە دەژین، بەڵام بە پێچەوانەی ساین قەڵا، کە سوننی و شیعە لە ئاشتیدا دەژین، موسڵمانەکان گشتی شیعەن، پاش هێرشی کوردان دە ساڵ پێش ئێستا، کە سوننییەکان خەیانەتیان لێکردن و شارەکەیان دا دەستی هاو ئایینەکانیان، ڕێگا بە هیچ سوننیەک نەدراوە کە ببێتە دانیشتووی هەمیشەیی.



سەرچاوە
Serchawe

ئێرە چەند مزگەوتی هەیە، بازاڕێکی باش بە میچی گومبەزیی، کە لە بەشێکی جوانکاریی مسی لێبە کە لە خودی شارەکە ئەنجام دراوە و سەربازخانەیەکی ١٠٠ کەسی. من سەرجەم میاندابم دیت، چونکە کاروانەکەم ون بوو و کاتژمێرێک بەدوایدا گەڕام، لە هەموو کەسم دەپرسی ئاخۆ کاروانێکی چوار ئێستریان دیتووە، بەڵام بێسوود بوو، تا گەیشتینە ئەوبەری شار، کە دیتم ئەوان تازە گەیشتوونێ و پیاوەکان خەریکی هەڵدانی خێوەت لە شوێنێکی چول لە نێو ڕەزی مێوی بەرگرتوودان. شاربان ڕێگای ون کردبوو و دوای گەڕانێکی زۆر گەیشتبوو گۆمی جەغەتو، شوێنێک کە پێیان گوتبووم خۆی لێ بەدوور بگرم، لەم شوێنە کاروانەکە لەناو گێژاوێکی قووڵ کەوتبوو و ئێسترەکان سەرسام ببوون و هێندەی نەمابوو کە ئەوان و خزمەتکارەکان بخنکێن. میرزا گەڕابووە بۆ ناو شار تا لە کاربەدەستان داوای پاسەوانێک بکا، چونکە شوێنی مەنزڵگەکە زۆر نا ئەمین بوو و کاتژمێر ١١ی شەو ژەمی شەو ئامادە بوو.

ڕۆژی دواتر من نەخۆش بووم و توانیم تەنیا ١٢ مایل سەفەر بکەم، چونکە زۆربەی کاتەکەی بەناو دەشتی مەزنی حاجی حوسێن دا تێدەپەڕین، تا ڕێگاکە شۆڕ بۆوە بۆ نشێوە جوانەکانی گوندی ناخۆشی ئەمیرئاباد، حەڤدە کاول لەسەر گردێکی باگر و کەم ئاو. بەشێکی ڕۆچۆتە ژێر زەوی، ئەم گوندە لە کەمێک دوورەوە تەنیا بە کەڵەکی مەزنی گیا و دەوە/تەپاڵە دەناسرێتەوە، کە بە جوانی داپۆشرابوون و زۆر لەو ماڵانەی کە قەرارە گەرمیان بکەنەوە مەزنترن.

لای ڕۆژئاوای دەشتە مەزنەکە پڕ بوو لە ڕەشماڵی هەشت گۆشەی خێڵی کۆچەر و خێوەتی ئەوتۆ کە وەک چەتر دەچوون و لە قەراخەوە بە سینگی ئەستوور ڕاگیرابوون. گاڕانی مەزنی وشتران، مێگەلی مەڕی دووگقەڵەو، بە ڕەنگی جیاواز لە قاوەیی پڕڕەنگ ڕا تا ڕەنگی زێڕی سوور، وشتر کە تفاقیان لێ بار کرابوون و پیاوانی خێڵەکە کە نزیک ئاو تفاقەکەیان لەسەر یەک هەڵدەچنی دەکرد، بەڵام دوو میتر ئەولاتر، پەرژینیان لە دەوری بیشەڵانێک دابوو کە لەشوێنی لماو زۆرن و پڕن لە زیندەوەر. ژنانی خێڵەکە کاسەی شیر و پەنیری تەڕیان هێنا و لە خیوەتەکانیاندا میواندارییان لێکردم.

کاتێک بەناو گاڕانێکی وشتراندا تێپەڕین کە خەریکی لەوەڕ بوون، یەکدانەی پیری، دداندرێژی، ڕوخسار شەیتانیی بە زاری ئاواڵا و بە حیلە حیل غاری دایە بۆی. بێچارە بۆی زەندەقی چوو لە ترسان ( بوێریی تایبەتمەندییەکی دیاری ئەو نییە) و بە چوارناڵیی تێی فرکاند، و ئێستا هەرکات لە دوورەوە وشتران دەبینێ، دەست دەکا بە مشەمشێ و هەموو شتێک دەکا تا بچێتە لایەکیتر و ترسنۆکییەک لەخۆی نیشان دەدا کە مرۆڤ بەزەیی پێدادێ.

کاتێک کە بەیانی ڕۆژی دواتر کاتژمێر ٦:٣٠ ئەمیرئابادم جێهێشت گەلێک سارد بوو، و سیخوار لەسەر ئەردی کەوتبوو. بەردەوامیێ چوونە خواری گەرماپێو لەم وەرزەدا هەروەک هەڵکشانی پلەی گەرما لە بەهاران، و نەبوونی کەمترین هەڵکشان و داکشانی گەرما لە هاویندا، سەرنجڕاکێشە. ڕێگای ساوجبلاغ بەسەر دەشت و نشێوی گردان کە بەهۆی گیای هەڵقرچاو زەردی مەیلەو قاوەیی دەنوێنن تێدەپەڕێ، و دوای پەڕینەوە لە چەند پەڵە کانێژەی شینی جوان، داگەڕاینە ناو دۆڵێکی بە پیت کە بە ئاوی چۆمی ساناک ئاودێر دەکرا. ئەم دۆڵە کە تیایدا ئیندا خۆش (ئیندرقاش) و گوندی مەزنی تر هەڵکەوتوون، زۆر بە باشی ئاودێرکراوە و گشتی کێڵگەیە. پڕە لە داری میوە، تەواو بە پێچەوانەی نشێوە وشک و ئاگرینەکانی کە بەسەریاندا دەڕوانن.



سەرچاوە
Serchawe

زۆر پێش ئەوەی کە بگەینە ساوجبلاغ، نیشانەکانی نزیک بوونەوە لە شوێنێکی گرینگ دەرکەوتن، کاروان بۆ هەردوو سەر دەچوون، گوێدرێژی بارکراو بە بەرهەمی ناسک، مسافیری سوار و پیادە، لەناویاندا زۆر ژنی جوانی کوردی بێ لیچکە، کە بە هەنگاوی قایمی نێرانە دەڕۆیشتن، تەنانەت کاتێک کە منداڵیان بە کۆڵێوە بوو.

چەند مایل پێش شارەکە دوو سوار تووشم بوون، بەڵام دوای ئەوەی کە هێندێک ئیسکۆرتیان کردم جێیان هێشتم، و بە ڕێگای دیکەدا ڕۆیشتن، لەناکاو خۆم لەسەر نشێوێکی دیتەوە کە بەسەر شار دا دەڕوانێ، نەوەک لەناو زیندووانـدا بەڵکو لەناو مردووان. شارێکی مردووان کە نموونەکەیم هەرگیز نەبینیبوو. کاتژمێرێکی تەواو بەناویدا بە سواریی ڕۆیشتین بێ ئەوەی کە بگەینە سنوورەکەی. دەڵێن پەنجا هەزار کێل لەسەر تەختە بەردی سوور- بۆر لە نێوان گردەکە و دیواری شارەکە هەڵکەوتووە، تەنیا بەردی زبری بۆر کە لە چەند ئینچ تا چەندنین پێ بەرز بوون، ڕیز بە دوای ڕیز تا ئەو جێیەی چاو کاری دەکرد، دەڵێن ٣٠٠ هەزار کەس لێرە نێژراون. هیچ نیشانەیەکی "ژیان و نەمریی" دیار نییە. سەیر، خەمگین و بۆنی ناخۆش کە ئاکامی قەبری تەنکە، دیمەنی ئەم گۆڕستانە تەنیا بەژانە. کێلەکان تا دیواری شارەکە و تەنانەت تا ناو ماڵەکانیش درێژەیان هەیە، و شتێکی کە لێرە زۆر ئازارت دەدا دیمەنی کەللە سەر و ئێسکی مرۆڤە کە لە مەیدانێ کەوتوون و سەگان دەیانکرۆستنەوە.

لای گۆڕستانی ساوجبلاغ بێزراوترین و پیسترین شتە کە دیتوومە و بۆگەنەکەی، تەنانەت لەم هەوا خۆشەدا ترسناکە. لە ناوەڕاستی هەر کۆلانێک جۆگەیەکی ڕووخاو لەگەڵ پیادەڕۆیەکی ڕووخاو لە هەر دوو لا هەیە. ئەم جۆگانە دیارە بۆ ئاو دروست کراون، بەڵام ئێستا تەنیا لیجاوێکی ڕەش و ڕاوەستاوی تێدا، کە بە دژواری دەتوانی ناوی بنێی شلەمەنی کە بە هەمەجۆرە زبیلێک گیراوە. بازاڕەکان باریک، تاریک و شلۆغن، پڕ لە شتومەکی ڕوسیی، کاڵای چەرمیی، جلوبەرگی ئامادە، کاڵەک، ترێ و گەنمە شامی. ئاپۆڕای پیاوان زۆربەیان جلوبەرگی کوردی و تورکییان لەبەردابوو، بەڵام سەیدی مەندیل سپی و عەباڕەش و مەلاکان بە شێوەیەکیتر بوون.

ساوجبلاغ، پێتەختی باکوری کوردستانی پارس، و شوێنی ژیانی حاکم، دەروازەی هاوردەکردنی پێستە، کە لەوێ بازرگانیی مەزن لەگەڵ ڕوسیا دەکرێ و لە قسان کۆمپانیایەکی فەڕانسەیی ساڵانە بایی سەدان هەزار فرانک فەڕش دەکڕێ. ئەو (ساوجبلاغ) هەروەها بازرگانیی بەرچاو لەگەڵ خێڵە کوردەکانی کێوەکانی جیران و کۆچەرە تورکەکانی دەشتەکان و بازرگانییەکی بەرچاو بە مازوان دەکا. ئێرە بیست مزگەوتی بچووک، سێ حەمام، چەند کاروانسەرای خراپ، و چەند قاوەخانەی هەن. بازاڕەکانی گەنم و دانەوێڵە گەورە و پڕ لە شتن.

دەڵێن ڕێژەی دانیشتووانی ٥٠٠٠ کەسە. کوردەکان بەشی سەرەکیی پێکدێنن، بەڵام هێندەی تورک لێن کە دەوڵەتی تورکیا لەم دواییانەدا کۆنسولخانەیەکی مەزنی دروست کردووە کە وەک قەڵایەک دەچێ و سەرکۆنسولێکی دیاریی کردووە تا بەرژەوەندییەکانی شارۆمەندەکانی بپارێزێ. ١٢٠ ئەرمەنی لێرە دەژین کە شەڕاب و ئارەق دروست دەکەن و ئاسۆڕین و وەستای زێڕ و زێون. جوولەکەکان ژیانی خۆیان بە دانی قەرز، دەرمانفرۆشیی، ڕەنگرێژیی قوماشی لۆکە، فرۆشیاریی شتومەک، دروستکردنی خشڵی زێڕ و زێو بەڕێوە

دەبەن. لێرە سەربازخانەیەکی ١٠٠٠ کەسی لێیە، چونکە شارەکە و ناوچەکە هەندێک ناسەقامگیرە و ناکۆکیی نێوان کورد و تورک، کە سوننین و ڕێژەی کەمی فارس کە شیعەن هەمیشە نزیکی قەومانە. بەرزایی ساوجبلاغ ٤٧٧٠ پێیە (١٤٥٤ میتر). لێرە من شوێن پێی ئیدا فایفرم دیتۆتەوە کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک کە سەفەر بۆ پارس پڕ مەترسیی و لە زۆر بوارەوە گەلێک دژوارتر بوو بۆ ناوچەی ورمێ سەفەری کردووە.

ساناک، ئەگەرچی ڕوون و گەشە بەڵام بەو هەموو شتە پۆخڵەی کە تێیکراوە بە شۆردنی بێ پسانەوەی جلوبەرگ لە سەرەوەی شارەکە پیس بووە. هیچ چاڵاوی خاوێنی لێ نییە، و هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ خاوێنیی ئاوی خواردنەوەیان بەپەرۆشن بێ پسانەوە بە گوێدرێژان لەو شوێنانەی کە ئاوی ڕووبارەکە پیس نەکراوە ئاو دێنن کە چەندین مایل دوورە.

تەنانەت حاکمیش کەڵک لەو ئاوە وەردەگرێ. لە مەنزڵگەکەم ڕا ساوجبلاغ گەلێک جوانە، بە چۆمە گەشەکەی لە پێشەوە و لەسەرەوە، گەڕەکی خانووی ناڕێکوپێک لە کەناری ڕووبارەکە، نمای خانووەکان، هەیوانەکان و بورجەکانی کۆشکی حاکم، کۆنسولخانەی تورکیا کە لە شێوەی قەڵایە، و چەند دانە خانووی باش بە باڵەخای شین و سووری کاڵ یا بە کاشیکاریی عەرەبیی سوور داپۆشراو، پەنجەرەی موشەببەک لە دارگوێز کە ئاواڵەن و باڵکۆن کە بەسەر ئاوەکەدا دەڕوانن.

ئەم کەنار ئاوەی من بارگەم لێی خستووە ناوچەی دەوڵەمەندنشینی شارە، و ئەم ئێوارەیە زۆر قەرەباڵخە، چونکە ژمارەیەکی زۆر کورد، ئەسپەکانیان لێرە غاردەدەن و لە بەر چاوی ستایشکەری سەدان پیاسەکەر، نێر و مێ، سوارچاکیی خۆیان پێشان دەدەن و زۆربەی ژنەکان سەرڕووتن. لەبەر ئەوەی کە هەموو دەبێ لەو بەشەی چۆمەکە بپەڕنەوە کە ئاوەکەی چەند ئینچێک لەسەرووی ئەژنۆیانە، دیمەنێکی سەرسوڕهێنەرە، و تەنانەت ژنەکانیش موشکیلەیەکیان لەگەڵ نیشاندانی قاچوقولە خڕەکانیان لەناو ئاوە ڕوونەکەدا نییە. خانمەکانی ئەندەروونی حاکم پەیامیان نارد کە خواردن و شوێنی حاوانەوەیان لە نیوەڕۆیەوە بۆ ئامادە کردووم، بەڵام من بە هۆی ماندوویی لە ڕادەبەدەر داوای لێبوردنم لێکردن. بەدوای ئەم پەیامەدا دایەنی حاکم سەردانی کردم، ژنێکی زەلامی ڕووخۆشی سەرڕووت، بە دامەنێکی گەلێک کورت کە لاقولەتەرە وەک کۆڵەکەکانی دەردەخست. ژنێکی کورتەباڵای لەگەڵدابوو و چەند پیاوی کورد، کە جلوبەرگی زۆر جوانیان لەبەردابوو، و شمشیریان پێوەبوو کە دەسکی لە عاجی فیل و ڕازاوە بە جوانکاریی ناسکی زێو بوو. ئەم چەکانە لێرە دروست دەکرێن. خانمەکە زیارەتی مەککەی کردووە و دەرکەوت کە گەلێک ژیرتر لە ژنی تەریک کەوتوویە. ئەو خەنجەرێکی لە یەکێک لە ئامادەبووان ئەستاند و بە وزەیەکی زۆرەوە هەندێک خەنجەر وەشاندنی پێ نیشاندام کە دەبنە هۆی کوشتن.

شێوەی هەڵسوکەوتی ناسکی بۆی هەمووانی کەیفخۆش کردبوو. ئەو لە کاتی کڕینی شتومەک لە شار لەگەڵمدابوو و هەر وەک هەمیشە، بە هێنانی گوێکانی بۆ ژێر چەنەگەی من داوای دەکرد ئاوسارەکەی لێکەمەوە، کاتێک، کە دەستبەجێ گوێی نادەمێ، ئەو سەرهەڵدێنی و بە سەبری پاڵێکم پێوە دەنێ یا لووتی لە چەنەگەم دەخشێنێ. پیاوەکان سەرسامی بەهێزیی و خاوێنیی لاق و پەلی بوون کە باشترین شوێنەکانی ئەون. شەوی ڕابردوو گوێم لێبوو زۆر نزیکی من پرخەی دەکرد، پێموابوو کە پاسەوانەکانن کە خەویان لێکەوتووە، چوومە دەر تا وەخەبەریان بێنم، بۆم دەرکەوت کە ئەسپەکەیە کە لە ژێر هەیوانی خێوەتەکە چوارپەلی هاویشتبوون، بۆ

خۆ گەرم کردنەوە خۆی گەیاندبوو ئەویّ. من لەگەڵ بۆی میوانەکانم تا شوێنی پەڕینەوە بەڕێکرد، لەگەڵ کەیفخۆشیی ئەوان، و هەروەها هی من، خانمە بەخۆوەکە چوو کۆڵی یەکێک لە کوردەکان و لەسەر کۆڵی ئەو لە ئاوەکە پەڕییەوە.

ئەم دوانیوەڕۆیە نەحەساومەوە. حاکم سەرانسەری ڕۆژەکە لە ڕاو بووە و جێگرەکەی یا لەحەمام بووە یا لە ڕێوڕەسمی ئایینی. تەنیا لە گەڕەکی جوولەکان شیر دەست دەکەوێ، شوێنێک کە نەخۆشی ئاوڵە لێی بڵاو بۆتەوە، ئاوی ساناک زۆر پیسە کە بۆ چالێنانێ نابێ، و هیچ پیاوێک بەو درەنگوەختە دوو مایل ناچێ ئاوی خاوێن بێنێ. یوهاننێس، زۆر بێگوێ و ناکارامەیە، هیچ ئالیکی ئەسپی نەهێناوە و بێچارە بۆی دوو کاتژمێرە داوای دەکا، دێتە ژووری خێوەتەکە، توربێنە گەورەکەی کە هەمیشە جۆی بۆ تێدەکەم ڕادەوەشێنێ و لە برسان کالەک و ترێی سەر مێزەکە دەخوا. بەڵام ئەمانە، تەنیا بەشێکی بچووکی ناخۆشیی سەفەرن.

کاتژمێر ٩ی پاش نیوەڕۆ حاکم گەڕاوەتەوە و تاقمێکی پاسەوانیی پێکهاتوو لە ٢٥ سەرباز، لەگەڵ بانگهێشتی سەردانی خانمەکان پێش ئەوەی کە سبەی ڕۆژەکەم دەست پێبکەم بۆ ناردووم.

٩ی ئەپریلی ٢٠١٨

---

## سەفەرەکانی پارس و کوردستان.

## یادداشتەکانی میسیۆنی پرۆتێستان لە ورمێ

## نامەی ژمارە ٣٦.

## بەشی یەکەم

**تورکمەن ٦ی ئۆکتۆبر**

بەیانی هەینی زۆر زوو لەخەو هەڵستام تا دەفریای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ خانمانی حاکمی ساوجبلاغ و هەروەها وەرگرتنی نامەیەک لە حاکم بکەوم، من کەمێک پاش هەڵاتنی خۆر گەیشتمە بەر دەرگای کۆشکەکە، دروست ئەو کاتەی کە لەسەری ساغ ببوینەوە. دیوارو و دەروازەکە خەریکی تێکرمان بوون، حەوشەکە نا ڕێکوپێک و پڕ لەشت بوو، زۆربەی شیشە پەنجەرەکانی نماکە و

بورجەکان شکاو بوون، گەچەکە کرووی پێوە بوو، نائومێدییەکی تەواو. پاسەوانە کوردەکە لە شوێنی چوونە ژوور خەوی لێکەوتبوو و پرخەی دەهات، تەنیا سەگێکی گەورە، وەفادارتر لە مرۆڤ، لەسەر هەست بوو.

حاکم هێشتا لەخەو هەڵنەستابوو، خانمەکانیش بەهەمان شێوە. نیگابانەکە گوتی هەڵستاندنی ئەوان "تاوانێکی لەگەڵ هەڵنەکراوە". ئەو بە شێوەیەک چاوی لێکردم وەکو وا بیری دەکردەوە کە " تاوانێکی لەگەڵ هەڵنەکراو" ئەوەیە کە موزاحیمی سەرخەوشکاندنە نهێنییەکانی خۆی بووم. ئەوە بە پێچەوانەی نەریتی فارسانە کە خەڵکی تایبەتیی پێش ئەوەی خۆیان حەز بکەن لەخەو هەڵستێنێ. من لەبەر دەرگا نیو کاتژمێر چاوڕوان بووم و بە دوودڵییەوە ئەوێم جێهێشت، و زۆر بەداخ بووم کە مەودام نەدا بە خانمەکان کە بە حەزەوە هیوایان خواستبوو چاویان بە خانمێکی ئوروپایی بکەوێ. ئەوان پەیامیان ناردبوو کە تەنیا جارێک لە ژیانیاندا یەکێکیان دیتووە!

ڕێپێوانەکە بۆ گوندی هەژاری مەحمەتاباد بە سەر گردی نەوی سەرنجڕانەکێش و بەناو دۆڵی بێ ئاوایی دابوو، کە لەلای باشووری خۆرهەڵاتەوە ئەو شوێنەی کە گوندەگەی لێیە دەشتێکی جوانی لێهەڵکەوتبوو. شوێنی خستنی بارگەکەمان لەسەر پارچە زەوییەکی نەچێندراو نزیکی چەند دارەبی و خوڕاوێک بوو. پاش ڕۆیشتنێکی چەند کاتژمێریی لە ژێر ئاسمانی درەوشاوە و خۆرەتاوی گەرمدا بەسەر خاکی زەردی سووتاو بە تیشکی خۆر، کەمێک شیناورد تەنیا لەدەوروبەری خێوەتەکەشت بێ، چاوان دەگەشێنێتەوە کە خوازیاری چاویلکەی ڕەنگییە کە دوو حەوتوو لەوەپێش لە ژێر پێی یابوویاندا (ئێستراندا) وردوخاش کرا.

خانی گوندەکە گەلێک بە ئەدەب بوو و سینییەک ترێی نایاب و شەش پاسەوانی ناردن. گامێش لە ئەندازەی جیاواز بۆ بارکێشان کەڵکیان لێوەردەگیرا. گامێش نیشانەی دڵنیایی سووک بوونی وشکەساڵین، چونکە ئەوان دەبێ ڕۆژانە سێ جار حەمام بکەن واتە لەناو ئاودا ڕاکشێن بۆ ئەوەی کە ساخڵەمی خۆیان بپارێزن و ئەگەر ئاو یا قوڕەکە بە ئەندازەی پێویست قووڵ نەبێ، کوڕان لەگەڵیاندا دەچن و بە قرۆشکان ئاویان پێدا دەکەن. لەم ناوچەیە ئەوان تەنیا بۆ بارهەڵگرتن، ئاوهێنان و شیر کەڵکیان لێوەردەگیرێ و لە گشت شوێنێک شاخی نووشتاوە، پان و دەموچاوە گەمژانە، جوان و ئارامەکەیان لەناو ئاوی چاڵی قووڵی ئاوداشتن هاتۆتە دەر. گامێش، ئەگەرچی ئەغڵەب هێندە ئارامە کە منداڵی بچکۆلە دەتوانن لێی بخوڕن بەڵام مەزاجێکی ناجێگیری هەیە و دەکرێ تا تووڕەیی مەترسیدار بورووژێنرێت. لە کوردستانی پارس، ئەگەر لە شوێنی تریش نەبێ، کەڵک لەمە وەردەگیرێت، و بەهاران کاتێک کە ئاژەڵەکان دوای حەسانەوەی زستانانە تەندروستیان باشە، شەڕە گامێش سازدەکەن کە ئەگەر سرووشتی میهرەبان، شاخی پان و نووشتاوەی پێنەدابان برینی بێ بەزەییانەیان بەردەکەوت. ٧٥

لە کاتێکدا کە لەبەر دەرگای خێوەتەکەم دانیشتبووم هەورێکی تۆزوخۆڵ لە لای جادەوە بەرەو گوندەکە هات، کە شتێکی بێ ئەندازە لەناویدا خۆی حەشار دابوو. من نۆ مانگە کالیسکەیەکم نەدیتووە، و تا جیرەی ئاشکرای پێچکە دارەکان ڕوونیان نەکردمەوە نەمدەزانی چ شتێک خەریکی نزیک بوونەوەیە. لە ڕاستییدا هەر گوندێکی ئەم دەشتانە یەک یا چەند دانە کالیسکەی گامێشان بە پێچکی داری بێ تایەر، و ناوەندی پێچک و تەوەری بە ئەندازە و هێزی زەبەلاح هەن، کە ئەغڵەب چوار گامێش ڕایاندەکێشن. پیاوێک لە

پێشەوەی کالیسکەکە دادەنیشێ و بە شولکێکی لێیدەخوڕێ، و کوڕێک ڕوو بە پشتەوە لەسەر نیری نێوان دوو گامێشی پێشەوە دادەنیشێ. ئەو ئاوازێکی بێ کۆتایی دەڵێتەوە، و ئەگەر دەست لە چرین هەڵگرێ، گامێشەکانیش ڕادەوەستن. بۆ هەر جووتێکی زیادی (و لە دەشتی دواتر من شەش نیرم چاو پێکەوتن) کوڕێک زیاد دەبێ و ئاوازێکی دیکە.

ئەم خێوە چوارچێوەیەکی سووکی تەختەیی لەسەر بوو، کە پڕ بوو لە قامیشی گەلێک درێژ کە بۆ قایم کردنی بانی قوڕ کەڵکی لێوەردەگیرێت، چونکە لەبەر کەڵەکی ئالیک زەختێکی زۆر دەکەوێتە سەر بانەکان.

مرۆڤ وای هەست دەکرد کە لەناو جەرگی وڵاتی بەختیاری دایە نەوەک لە ڕێگای کاروان، لەبەر دژواری وەرگرتنی ڕێنوێنی ڕێگا، مەودا، ئاسایش یا شتی دیکە، هتد. شاربان هەرگیز بەم شێوە نەبووە و نێچیری گشت دەنگۆیەکە. لە نێوان ترسی " دارخواردن" لە کاتی گەڕانەوە، و دەڵەڕاوکێی کەوتنە بەر هێرش و ئێسترەکانی تاڵان بکرێن، ژیانێکی دژوار دەباتە سەر و کاتێک، لە شوێنی وەک مەحمەتاباد، کە هیچ حەوشێکی بۆ ئاژەڵەکانی لێ نییە، سەرانسەری شەو وەخەبەرە لەبەر ئەوەی کە پێی وایە پاسەوانەکان "خراپترین تاڵانکەرن". من پێموایە کە ئەو سەرجەم بێباوەڕیی موسڵمانان بەرامبەر بە ڕێککەوتننامە لەگەڵ ژنێکی هەیە. تا ئێستا پاسەوانەکان وەفادار و بێدەنگ بوون. من هەمیشە پێیان دەڵێم کە دوای کاتژمێر ٨ی دوای نیوەڕۆ قسان نەکەن، و تاقە جارێک موزاحیمم نەبوون، و کاتێک کە بە پێی نەریت شەوانە دوو جار لە دەوروبەری شوێنی مەنزڵگەکەمان دەگەڕێم، هەمیشە دەبینم کە بەخەبەرن و ئاگری گەورەیان کردۆتەوە.

خانی گوندەکە، پیاوێکی ژیر، دوای نیوەڕۆ کەمێک لە لام بوو. کێڵگەکانی گوندەکەی بە هیچ شێوەیەک پەینیان پێوەرنەکراوە و تەنیا دەهێندە بەر دێنێ. دارەبی لەبەر خەڵەفەکانیان دەچێندرێن، کە لە بەر پێویست بوونیەتی نەوەک بۆ سووتاندن، و گشت ڕیخ و شیاکەش بۆ چێشت لێنان و گەرم کردن کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەو گوتی کە گوندەکەی ساڵ لە دوای ساڵ بە هۆی بردنە سەری باج لە لایەن کاربەدەستانەوە و ڕێژەی بەرچاوی پارە بۆ کڕینەوەی ئەو شتانەی کە لەلایەن "چەتانەوە" دەدزرێ هەژارتر دەبێ. ئەوەی دواتر سکاڵایەکە کە گوندەکانی نزیکی سنووری تورک دەیدرکێنن، سنوورێک کە بە هەموو پێوانەیەک پێویستی بە "ڕاستکردنەوە" یەکی بەرچاو هەیە. خەڵک دەڵێن کە کوردەکان سنوور دەبەزێنن و ئەگەر بەرتیلیان پێنەدەن ئەوان مەڕوماڵاتیان دەبەن، بەڵام من لە ڕاستیی ئەم وتانە بە گومانم.

من بۆ ڕێبیێوانێک کە بەناو چواردە مایلە بەڵام بەکردەوە بیست و چوار، لەگەڵ هەڵاتنی خۆر لەخەو هەڵستام. شاربان نە تەنیا مەودایەکەی هەڵە پێگوتم بەڵکو ئەوانی دیکەشی فێر کرد کە هەمان کار بکەن، و کاتێک کە لای نیوەڕو بەلامدا تێپەڕی گوتی کە شوێنی پشوودان دوو مایل لێرەوە دوورە، ئەو دوازدە مایلی دیکەش ڕۆیشت، خولیای ئەو تێکەڵ بوونەوە لەگەڵ ساختەچییەکان، "کاروانە مەزنەکە" بوو، کە بیستبووی کە گەیشتۆتە ورمێ. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە من ناچار بووم دوو ڕۆژ بحەسێمەوە، و ئەو پارەی دوو ڕۆژانی گیر کەوتووە، بەڵام کاتی لەکیس چووە.



سەرچاوە
Serchawe

دوای هەندێک گیروگرفتی جیددی لە پەڕینەوە بەناو هەندێک بیشەڵان و ترسنۆکیی بۆی، ئێمە گەیشتینە دەشتی فرە نایابی سولدوز، شوێنێک کە یوهاننێس، بە خۆباوەڕییەکی مەزنەوە بەسەری دا سەپاندم و منی لە دوڕیانێک بە ڕێگای هەڵەدا برد و لە جیات چوون بەرەو خۆرئاوا، چووین بەرەوە خۆرهەڵات، کە دوای چەند کاتژمێر سەفەر بە ناو زنجیرە چیا دڵڕفێنەکانی زیبار کەوتینە بەری تورکیە، کە تەنانەت لەم وەرزەشدا هەندێک شوێن بە بەفری قورسی ساڵی ڕابردوو داپۆشرابوو.

بۆ ئەوەی کە بێینەوە سەر ڕێگای کاروانان ئێمە ناچار بووین بەناو بەشێکی بەرچاو لەم دەشتە مەزنەدا بڕۆین، کە من شوێنی وەها بە پیت و پڕ حەشیمەتم لە پارس دا نەدیتبوو. ئەو، وەک تاجی نیعمەتەکانی، خاوەنی ئاوی زۆر بوو، بەڕاستی هێندە زۆر کە بەهاران دەبێتە لماو، و چاندنی بەهاران تا مانگی مای وەدوا دەکەوێ. ئەوێ خاوەنی چەندین گوندی مەزنە، کەمێک بەرز و باغی زۆر، هەندێکیان خاوەنی خانووی قایمی مەزنن کە بەسەر خانووە بچووکەکانی دیکەدا زاڵن. بەڵگەکانی ساماندارییی لە گشت شوێنێک دێنە بەرچاو، دەوڵەمەندییەک کە دەبێ پارێزگاریی بکرێ، چونکە هەر شوانێک، گاوانێک، وەرزێڕێک و خاوەن گامێشێک بە چەک دەسووڕێتەوە.

١٧ی مای ٢٠١٨

---

## بەشی دووهەم

خانمی کۆچرەین، بێوەژنی میسیۆنەری پزیشکی پێشوو، سەرپەرشتی خواردەمەنی و پێڕاگەیشتنی پزیشکییە لە نەخۆشخانەکان، و من گومانم هەیە کە توندئاژۆترین کورد یا فارسی موسڵمان بتوانن لە بەرامبەر دڵڕفێنیی حزوری درەواشاوە و پڕ لە خۆشەویستیی ئەو بێ تەفاوەت بن. پیشەی دوکتور کۆچرەین دەرگای ماڵ و دڵەکان لە هەموو شوێنێک دەکاتەوە. هەموو کەس ئەوی وەک دۆست و خێرخواز دەبینن و ئەو دەرفەتی وەهای بۆ هەڵدەکەوێ کە بۆ خەڵکی دیکە هەڵناکەوێ کە بتوانێ لەناو موسڵماناندا باسی ئایینی کریستیان بکا. نامەیەکی ئەو ڕێگای ئەمین بەناو بەشێک لە چیاکانی کوردستاندا دەکاتەوە، و تەنیا باسی ناوی ئەو وەک پاسپۆرتێکە بۆ نیازپاکیی دانیشتووە ترسناکەکانی ئەوێ.

کاری میسیۆنەکە تەنیا شاری ورمێ ناگرێتەوە. لە گوندەکانی ئەم دەشتە هەشتا و چوار قوتابخانەی لێیە، کە بەشێوەی سەرەکیی بە سریانی دەرس دەگوترێ، حەوت دانەیان تەنیا بۆ کچانن. خانمە میسیۆنەرەکان هاتوچۆی زۆر دەکەن، لە لایەن ژنانی موسڵمان و کریستیان پێشوازییان لێ دەکرێ، تەنانەت لە لایەن بنەماڵە کوردەکانەوە کە دوای شکست هێنانیان لە ١٨٨١، خەریکی کاری ئاسایین وهەندێکیان بوونە کریستیان.



سەرچاوە
Serchawe

لە ماوەی پەنجا ساڵدا میسیۆنی ئامریکایی دەسەڵاتێکی بەربڵاوی وەدەستهێناوە، نە تەنیا بە هۆی کارەکانیان کە زۆر سەرنجڕاکێش نین بەڵکو بە هۆی پاکیی و شێوەی ژیانی دادمەندانەیان، و زیاد بوونی میهرەبانیی و دەستڕاگەیشتن بە موسڵمانانی ورمێ ئەم هیوایە دەبەخشێ کە بڵاو کردنەوەی ئایینی کریستیان و نمونەی ژیانی خواوەندی ئێمە لە لایەن ئەوانەوە لەچاو ڕابردوو بەرەوڕووی دوژمنکاریی و بێ تەفاوتیی کەمتری ئەوان بێتەوە.

مێژووی میسیۆنەکە بە باشترین شێوە بە وتەکانی دوکتور شێد، یەکێک لە بەتەمەنترین ئەندامەکانی نیشان دەدرێ. ٨٠ باوەڕمەندانی "کلیسای ئینجیلیی سریان" کە دەکرێ، لە بواری ڕێکخراوەیی و ئایینییەوە، بڵێین کلیسای پرێسبیتەریانی سریانییە، لە ١٨٥٧ دووسەد و شازدە کەس بوون و لە ١٨٨٧ دوو هەزار و سێ کەس بوون.

جگە لە ئاکامی فێر کردنی ئایینی کریستیان و نموونەکەی، پێموایە بێگومان شێوەی ژیانی دروستی بیانییەکانی ورمێ لە ماوەی نیو سەدەدا باشترین ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵومەرجی کریستیانەکان هەبووە. لە کاتێکدا کە یەکەم میسیۆنەری ئامریکایی لە ورمێ نیشتەجێ بوو، نیری ئیسلام هەڵگرتنی گەلێک دژوار بوو. کریستیانەکان سەرکوت و تاڵان دەکران، کچەکانیان بە زۆر لاقە دەکران و زۆر بە دژواری ئیجازەی بەڕیوەبردنی ئایینەکەیانیان پێ نەدەدرا. دەوڵەتی پارس کە بەرامبەر بە بۆچوونی ئورووپا هەستیارە، وردە وردە شتەکانی باشتر کردن و ڕاپۆرتی باشتر بوونی دۆخی میسیۆنەرەکان بڵاو بۆوە و ئێستا کریستیانەکانی ورمێ و دەشتی دەوروبەری شتێکی کەمیان بۆ سکاڵا کردن هەیە.

لە هەمان کاتدا کلیسای سریانی لە نزمترین ئاستی خۆیدا بوو، بە تەواوی لە نەزانی و خورافەپەرستیدا نوقم ببوو. ئەو هیچ لێکدانەوەیەکی لەسەر ئینجیل نەبوو و سەرجەم نزاکانی بە زمانی کۆنی سریانی بوو، ئەو کات هەر وەک ئێستا " لە خەڵکەکە نەدەگەیشت." هیچ کتێبێک و هیچ توانایەکی دانانی قوتابخانەی نەبوو. ئینجیل زۆر کەم بوو و تەنیا کۆپییەکی سرودی ئایینی بە کەمتر لە ٣٢ سەنت گیر نەدەکەوت. ڕاهیبە خوێندەوارەکان و خانمە ئایینییەکانی سەرەتاکان هیچ جێگرەوەیەکیان نەبوو. ژنان بە تەواوی پاشگوێ خرابوون، و بۆ کیژە لاوەکان شتێکی نەشیاو بوو کە بچنە کلیسا. لە ورمێ هیچ ژنێک خوێندەواریی نەبوو، و لە گشت ناوچەی کریستیان هەموویان نەخوێندەوار بوون، جگە لە خوشکی قەشەی مەزن و دوو یا سێ ڕاهیب نەبێ.

ئێستا وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر سریانی مودێرن، کە کارێکی نایابە، لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، کۆلێژەکە، کۆلێژی خانمان چەند کتێبی ڕۆشنبیریی وەرگێڕاون و چاپی کردوون، گۆڤارێک بە ناوی تیشکی ڕوناکیی، لەگەڵ تێکەڵاویی پەنجا ساڵیی لەگەڵ ژن و پیاوان کە ئامانجی سەرەکییان بەرزکردنەوەی ئایینی و ڕۆشنبیریی ئەو خەڵکە بووە کە لەناویاندا ژیاون، ئاڵوگۆڕێکی سەرسوڕهێنەری دروست کردووە، ئەگەرچی ئەم ئاڵوگۆڕە مەترسیی لەسەرە و هەمووشی هەر ئەرێنی نەبووە و حاشا لەمە ناکرێ.

ئەوە داهاتوویە کە بڕیار دەدا ئاخۆ جووڵانەوەی چاکسازیی لە ورمێ یا هەر شوێنێکی دیکە دوای نەمانی ئەو ناوەندەی کە داهێنەری بووە دەمێنێتەوە، و ئاخۆ کلیسایەک کە بێ ڕێوڕەسمی ئایینی بێ و تەنیا لە شێوەی دامودەزگایەک بێ بۆ ژێریی ڕۆژهەڵات و نەریتی

باوکەکان، دەتوانێ ڕەگی خۆشەویستیی لە ناو ئەم خەڵکە کۆنەپارێزە دا داکوتێ؟

میسیۆنەکە کە لە لایەن ئوسقوفی پایەبەرزی ئێستای کانتێربێری لە سەر داوای کاتۆلیکوسی ڕۆژهەڵات، ئاغای شیمون، پاتریارکی کلیسای سریانی دامەزرا، لە پاییزی ١٨٨٥ هاتە ورمێ. لە کاتی سەردانی مندا پێنج قەشەی میسیۆنەری هەیە کە دەرچووی زانکۆکانی ئاکسفۆرد و کەمبریجن و قەشەیەکی سریانی، کە چواریان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لە ورمێن، یەکیان لە چیاکانی کوردستانە، و یەکیش لە دەشتی ورمێیە. چوار خوشکی بێتانی لە بەهاری ١٨٩٠ بە مەبەستی کردنەوەی خوێندنگەی شەووڕۆژیی بۆ کچان و ڕاهێنانی ژنان هاتنە ئێرە.

پێویست بە گوتن ناکا کە ئەم هێڵانەی کە میسیۆنەکانی ئینگلیسی و ئامریکایی بە پێی ئەوان دەجوڵێنەوە زۆر لەگەڵ یەک جیاوازن و شێوەی کارەکەیان دژی یەکترن. یەکیان بە کردەوە ئاژانسێکی لە دین وەرگێڕانە و کار دەکا تا کلیسایەکی پرێسبیتەریانە لە پارس، ئامانجی ئەوەی دیکە ئەوەیە " کە کلیسایەکی کەونارا بێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ کلیسای دایک، کلیسای ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵات ئامادەی بکا." ئامانجی ئەوەی دواتر هەڵوێستێکی کلیساییە کە بە کورتی لە یادداشتی ژێرەوە باسی لێوە دەکرێ. ٨١

بەڵام کورتەی کاری ڕاستەقینەی میسیۆنەکە لە لایەن گەشە پێدەرانەوە باس کراوە: " کاری میسیۆنەکە لە پلەی یەکەم دا ئەوەیە کە قەشەی خوێندەوار پێ بگەیەنێ، لە پلەی دووهەم ، زانیاریی سێکولار و هەروەها ئایینی پێشکەشی لاوان بکا، و لە پلەی سێهەم، چاپ کردنی کتێبە سەرەتاییەکانی ئایینی و کتێبی نزا لە کلیساکان، کە ئاسۆرییەکان گەلێک خۆشیان دەوێن و هەرگیز نوسخە ئەسڵییەکانیان چاپ نەکراون و کە بە پیتی زۆر سەرەتایی نووسراون و نموونەی نەریتیی جێی گومانی ئەوانە. ئامانجەکە بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە کە لە لایەکەوە ئاسۆرییەکان بکرێنە باوەڕمەندی کلیسای ئینگلیس، و نە ئەوەی کە درێژە بەم بێ ئایینییە بدەن کە ئەوانی لە باقی کریستیانەتی جیا کردەوە یا گرینگی ئەو کەمتر بکاتەوە."

قەشە ئینگلیسییەکان خۆ لە جووت بوون دەپارێزن، هیچ مووچەیەک وەرناگرن و بە یەکەوە دەژین، کیسەی هاوبەشیان هەیە و هەرکامیان ساڵانە ٢٥ پاوندیان بۆ تێچووی تاکەکەسی پێدەدرێ.
ئەمە میسیۆنێکی لە دین وەرگێڕان نییە. ئەو فێر دەکا، ڕادەهێنێ و چاپ دەکا. ئەو خاوەنی خوێندنگەیەکی ئامادەییە لە ورمێ بۆ کوڕانی ژێر حەڤدە ساڵ، و دوو دانەش لە دەشتی ورمێ، بەڵام ئەوشتەی کە ئەمانە وەک کارێکی ژێر دەستە سەیر دەکرێ قوتابخانەی باڵای قەشان لە ورمێیە، خوتبەخوێن، و بەربژێرانی پلەی ئایینی بەرز. لەم چوار دامەزراوەیەدا ٢٠٠ منداڵ دەخوێنن کە زۆربەیان لە قوتابخانەی شەووڕۆژییدان. هەروەها بیست و حەوت قوتابخانە لە گوندەکاندا هەن، و کۆی قوتابییەکان لە ساڵی ڕابردوودا، ١٢٤٣ کوڕ و ٢٢٥ کچ بوون. حەفتا و شەش خوتبەخوێن و لاوی سەرووی حەڤدە ساڵ لە قوتابخانەی باڵای ورمێ دەرس دەخوێنن.

٢٠ مای ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی سێهەم

ئەم خوێندنەی کە لە قوتابخانە ئاساییەکاندا دەگوترێت لە پلەی خوێندنگەی سەرەتایی خۆمانن. لە قوتابخانەکانی سەنت ماری و سەنت جان، کە قەشە، خوتبەخوێن و مرۆڤی ئاسایی دەرسی لێدەڵێنەوە، کە هەندێکیان چیاوانن، وانەکان ئەمانەن: کتێبی پیرۆز، پرەنسیپەکانی ئایینی کریستیان، جوگرافیای ئایینی، مێژووی گەردونیی، شێوەی نزای ئایینی، خوتبە خوێندن، ئینگلیسی، فارسی، تورکی عوسمانلی، بیرکاریی، سریانی کۆن ٨٢ خوتبەخوێندن بە کردەوە فێر دەکرێ. لیستەیەک لە ١٠٠ بابەت لە بارەی پلانی ئایین ناسیی ئامادە کراوە، و هەر حەوتوویەک دوو لە فەقێکان بابەت لە لیستەکە هەڵدەبژێرن و لەبارەیاندا خوتبە دەخوێنن.

لە ١٨٨٧ قەشەیەکی میسیۆنەکە کورتکراوەی پرەنسیپەکانی ئایینی کریستیانی نووسی کە پێکهاتبوو لە ٢٠٠ تا ٣٠٠ پرسیار، بە "بەڵگەی نووسراوەی ئایینییەوە" کە قوتابییانی سەرجەم قوتابخانەکانیان دەبێ ئەوان بە دڵ فێر بن.

کورانی خوێندنگەی ئامادەیی ورمێ و خویندنگەی شەووڕۆژیی لە بینای میسیۆنەکە، هەمیشە لە ژێر چاودێریی قەشە دان. خواردن و داب و نەریتی ژیانیان بە تەواوی ڕۆژهەڵاتییە. هەرجۆرە لاسایی کردنەوەیەکی دابونەریتی ڕۆژئاوایی بە گشتی قەدەغەیە، سیاسەتی میسیۆنەکە ئەوەیە کە وا لە سریانییەکان بکا کە شانازیی بە دابونەریتە نەتەوەییەکەیانەوە بکەن، کە بە پێی عادەت لە وڵاتەکەیان باوە، و گاڵتە بەو کەسانە بکەن کە لاسایی جلوبەرگ پۆشین و نەریتی ئوروپاییان دەکەنەوە. لادان لە دابونەریتی نەتەوەیی بە هەموو شێوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵدا دەکرێ.

ساڵ و نیوێک پێش ئێستا کار لە ناو ژنان لە لایەن چوار خانمی کۆمەڵگەی خوشکانی بێتانی دەستی پێکرد. پێگەی ژنی سریانی، سەرەڕای بەرزبوونەوەی ڕێژەیی بە هۆی کۆلێژی ئایینی فیسکەوە، ئێستاش گەلێک نزمە، و لە ناو کلیسای قەدیمییەوە بە تەواوی پێویستە بەرز بکرێتەوە، دەبێ شێوە ژیانی بنەماڵەیی و بەخێوکردنی مناڵانیان فێر بکرێ. ئەم خانمانە سی قوتابی شەووڕۆژیی لە قوتابخانەکانیاندا هەیە کە تەمەنیان لە هەشت بۆ شازدە ساڵە، توانایی خوێندن و نووسین کە لە پێشدا لە قوتابخانەی گوندەکان فێری بوون پێویستە بۆ ئەوەی کە ئیجازەی بەشداریی لەم قوتابخانەیان پێ بدرێ. وانەی ڕۆژانە لە فیرکاریی ئینجیل، کە پێشدا پێیان دەگوت دابونەریتی ئایینی، سریانی کەونارا و مودێرن، جوگرافیا، بیرکاریی، و سەرجەم کار و ئیشی ماڵەوە و درومان پێکدێ. ڕێز گرتن لە دابونەریتی سریانی دەگیرێت و جلوبەرگی ڕازاوەی سریانییش لەبەر دەکرێ.

دوای ئەوەی کە خانمەکان زانیاریی سەرەتایی سریانییان وەرگرت بە گوندەکانی ورمێدا دەگەڕێن، کلاسی ئینجیل پێکدێنن، وانە دەڵێنەوە و لەناو نەخۆشاندا دەرمان بڵاو دەکەنەوە. نەزانیی و خوڕافەپەرستی ژنی سریانی تەقریبەن بۆتە شتێکی سەردەمی ڕابردوو.یەکێک لە گیروگرفتەکان کە "خوشکەکان" بەرەوڕووی دەبنەوە بەمێردانی کچانی کەم تەمەنە، بووکی مناڵ کە یازدە بۆ دوازدە

ساڵ تەمەنیانە شتێکی ئاساییە. شتێکی چاوەڕوانکراوە کە بوون و نفوز و میهرەبانی و خۆبەختکەریی ئەم خانمە کریستیانە ڕازاوە و خوێندەوارانە کاریگەریی باشی لەسەر منداڵەکانیان هەبێ، و بە پێی کاتی مانەوەیان لە ورمێ ئەوان بەهێز بکا. موسڵمانەکان هاودەردی و ڕێزیان بۆ دۆخی ئەم خانمە خۆبەخشە زگورتییانە هەیە و لەبارەیاندا وەک " ئەوانی کە دونیایان وەلاناوە" باس دەکەن. قەشەکانی ئەم دواییانە لە ڕێگای خوتبە خوێندنەوە بەردەوام هەوڵیان داوە ئامۆژگاریی گەورەساڵە سریانییەکانی دەشتی ورمێ بکەن، و هەموو بنەماکان و پرەنسیپەکانی ئایینی کریستیان، و بەکارهێنانی ئەم ئامۆژگارییانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بۆ شی بکەنەوە. ئەوان هەروەها شتی چاپکراویان هەڵواسیوە، و هەر ئێستا چەند کتێبی قوتابخانەیان بە زمانی سریانی چاپ کردووە، ئایینی کریستیان، ڕێبازی ئایینی قوتابیانی مەسیح، پیرۆزترین بەڵگەنامەکانی ئایینی سریانی، کتێبی نزای دووهەم و سێهەم، شێوەی وسڵی تەعمید، ڕێزمانی کەونارا و نوێی سریانی، و کتێبێکی سروودی ئایینی.

ئەمە هیوای ڕووڕاستییانەی گەشەپێدەرانی ئەم میسیۆنەیە کە ئەم کلیسایە ڕۆژهەڵاتییە کەونارایە، کە سەردەمێک یەکەم میسیۆنی جیهان بووە، بتوانێ چاکسازیی و ڕۆشنبیریی تێیدا گەشە بکا، لەوانەیە بتوانێ ئامرازی بە کریستیان کردنی دوو ئایینزای مەزنی موسڵمانان لە ڕێگای میسیۆنەری هاوشێوەی ئەوان بێ لە بواری دابونەریت، تایبەتمەندیی و شێوەی بیرکردنەوەیان، " ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی."

بابەتی میسیۆنی کریستیان لە پارس شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، و زۆر بیرمەند پرسیار دەکەن ئاخۆ ئایینی کریستیان دەبێتە فاکتەرێکی داهاتووی پاشایەتییەکە؟ بە پێی هەلومەرجی ئێستا، هیچ هەوڵێکی ڕاستەوخۆ بۆ گۆڕینی ئایین لە لایەن موسڵمانانەوە بۆ ئایینی کریستیان لە ئارا دا نییە، چونکە سزای کوشتن بۆ گۆڕینی ئایین بە شێوەی یاسایی نەگۆڕاوە، و تەنانەت ئەگەر واش با، دەمارگرژیی جەماوەر بەرەورووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە ئایین دەگۆڕن. دەبێ لەبیرمان بێ کە میسیۆنەریی ئایینی کریستیان لە پارس تۆخمێکی بێزارکەرە. ئەو تەحەممول دەکرێ بەڵام پێشوازیی لێناکرێ، و تا کاتێک تەحەممول دەکرێ کە هەوڵەکانی بۆ وازهێنانی خەڵک لە ئایینی نەتەوەیی بێ ئاکام بێ. میسیۆنەکان پەنجا ساڵە کە لە پارس چالاکن، و لەوانەیە هەر ئێستا حەفتاو وپێنج میسیۆن لەم وڵاتە کار بکەن. ئەگەر نرخی کارەکەیان بە ڕێژەی ئەو موسڵمانانەی کە ئایینیان گۆڕیوە مەزەندە بکرێ دەبێ ڕایگەیەنین کە شکستێکی تەواو بووە.

ئاکامی نامومکین بوونی هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسلام ئەوە بووە کە ئەم ژن و پیاوە نایابانە ئێستا لە ڕواڵەتدا خەریکی خاوێن کردنەوەی ئایین و بەڕیوەبەریی کلیسای سریانی و ئەرمەنین، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەندامەکانیان لە بواری ئایینی و ڕۆشنبیرییەوە، و بۆ بە کریستیان کردنی جوولەکان، و خۆڕاگرانە چاوەڕوانی ئەو کاتە دەکەن کە جووڵانەوەیەکی هەڵمەتبەرانە دژی ئیسلام مومکین بێ. لەو ماوەیەدا نووسراوە پیرۆزەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو دەکرێنەوە، خوتبە خوێنی کریستیان بە گوندەکاندا دەگەڕێن، ئایینی کریستیان بە شێوەیەکی گشتیی دێتە بەر باس، و دوکتورە میسیۆنەرەکان، پێشڕەوی ڕاستەقینەی ئایینەکە، بە هۆی نفوزی تاکەکەسیی خۆیان بەرهەڵستکاریی دەگۆڕن و ڕێگای پێشوەچوونی میسیۆنەرەکانی کە هاوکاریانن خۆش دەکەن.

بە شێوەی گشتیی، و سەرەڕای پێشوەچوونی لەسەرخۆ و دژوارییە ئاشکرا و گەلێک بەرچاو بە هۆی دوژمنکاریی و بێ تەفاوەتیی، پێموایە کە میسیۆنی کریستیان لە پارس، بە تایبەت بە هۆی قوتابخانەکانیان و بلاو کردنەوەی ئینجیل، جووڵانەوەیکی ژێربەژێری پەرەئەستێن دروست دەکەن، کە دەبێتە هۆی گەشەندنی سێکولار و هەروەها ئایینی، و نفوزیان هەر دێتو زیاتر دەبێ، کە ، بەداخەوە ئەگەرچی گەشە کردنی ئایینی کریستیان لەسەرخۆیە، دووره دیمەنەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ داهاتووی پارس ناتوانین لەبەرچاو نەگرین.٨٣

-----------------------------------------------------------

٧٨ ناوی شار و گۆلەکە بە چەند شێوە دەنووسرێ،ئورمی، ئورومی، ئورومیا، ئورمیا و ئورومیە. موسڵمانەکان پێی دەڵێن ئورومی، و کریستیانەکان دەڵێن ئورمی و ئەوە شێوەنووسینێکە کە ڕەچاوم کردووە.

٧٩ لەم سەردەمەدا، کاتێک قەڵاچۆکردنی شتاندیستەکان لە ڕوسیا سەرنجی بەرچاو بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، لەوانەیە سەرنجی خوێنەرەکانم ڕاکێشێ تا لە بارەی یەکێک لە یەکەم گەشەپێدەرانی جووڵانەوەی شتاندیست یاقوب دیلاکۆف بوو، سریانی و دەرچووی کۆلێژی کۆنی ئامریکایی. ئەو سی ساڵ لەوەپێش چوو بۆ ڕوسیا، و لە نەزانی و خوڕافەپەرستی وەرزێران هێندە سەری سوڕ ما کە دەستی بە فێر بوونی زمانی ڕوسی کرد تا بتوانێ روونیان بکاتەوە، و بۆ یارمەتیدان بەم مەبەستە دەستی کرد بە گەڕان بۆ خوێندنەوەی ئینجیل. خەڵکی " ئاسایی بە خۆشییەوە گوێیان بۆ ڕاگرت،" و هەم لەناو ئورتۆدۆکس و پرۆتێستاناندا یەکیەتی دوعاخوێنان دروست کران، کە ناوەکەیان لەو کەسانەوە پێ بەخشرا کە سەردانیان دەکردن و لە شتوندێ وەرگیراوە واتە کاتژمێر.

دیلاکۆف، کە شتوندیستەکان حەز دەکەن بە " ئوسقوفی ئێمە" بانگی بکەن، چەند جاران کەوتۆتە بەندیخانە، بەڵام دوای ئازاد کران دەستی کردووە بە فێرکاریی لە ناو شوێنی نیشتەجێبوونی تاقمی ئایینی مۆلۆکان لە ئامور، ئەو شوێنەی کە ئەو بۆ ماوەی سێ ساڵ خوتبەی خوێندووە و خەڵکی فێر کردووە بە ئاکامی جێی سەرنج بە شێوەیەک کە نازناوی "ئاپۆستێلی مودێرن"ی پێدراوە.

٨٠ لە ماوەی بیست و هەشت ساڵ دوای دامەزرانی کۆنفرانسێکی ئوسقۆف، کۆنە قەشە، و فەقێ، پێکهات کە سەرجەمیان لەسەر دەستی کلیسای کۆن ئیجازەیان وەرگرتبوو، بە قەشە، بەساڵداچوو و میسیۆنەر چاو پێکەوتن و گفتوگۆیان کرد. " ئەم کۆنفرانسە شێوەی ئیعترافی تایبەتی خۆی کە جیا لە هی دەوڵەتە داهێنا و دیسیپلین، لە سەرەتادا گەلێک ساکار بوو. هەندێکیان لە ڕێوڕەسم و شێوەی کلیسای کۆن وەرگیرابوون، ئەوانی دیکە لە کلیسای پرۆتێستان وەرگیراون. نەریتەکانی کلیسای کۆن تا ڕاددەیەک ڕێزیان لێدەگیرا، بۆ وێنە، برایانی پێکهێنەر هیچ نفوزێکیان بە سەر کلیساکەوە نابێ مەگەر حەقدەستێکی کەم بۆ خزمەتگوزارییەکەیان نەبێ. قەشەکان تاقمێکی خوتبە خوێنن.

هەمان دامودەزگا لە بارەی مێژووی ئەم کلیسایە بەم شێوەیە دەنووسێ:



سەرچاوە
Serchawe

"میسیۆنەرەکان لە ١٨٣٥ لە لایەن قەشە و خەڵکی ئاساییەوە بەخێرهاتن کران و چەند ساڵ هەوڵ درا تا لە ناو کلیسای کۆندا چاکسازیی بکەن" (کلیسای سریانی) " بۆ ئەوەی کە ڕێکخراوەکە لەناو بەرن. ئەم هەوڵانە شکستیان هێنا، و وردە وردە کلیسایەکی نوێ بەم هۆیانە دروست بوو:

(١) ڕاوەدوونان، قەشەی هەرە مەزن هەموو توانای خۆی بەکار هێنا تا کاری ئایینی لەناوبەرێ. ئەو هەڕەشە، لێدان و زیندانی کردنی بە دژی مامۆستاکان و ئەوانی ئایینیان گۆڕیبوو بەکار هێنا و داوای لێکردن کە کۆمەڵگاکەی جێهێڵن.

(٢) نەبوونی دیسیپلین. ئەوانی ئایینیان گۆڕیبوو نەیاندەتوانی چیدیکە ڕێبازی دژی ئینجیلی بگرنە بەر و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پلەی ئایینی کە باو بوو قبوڵ بکەن، وا ئاشکرا بوو کە هیچ شێوازێک بۆ چاکسازیی ئەوان بوونی نییە. لە ئاکامی هەر هەوڵێک دۆخەکە خراپتر بوو.

(٣) نەبوونی فێرکاریی. ئەوانی ئایینیان گۆڕیبوو داوای باشتر کردنی پێڕاگەیشتن، و فێر کردنی خاوێنتر و باشتر و ئامرازی بەخشیش، جیاواز لەوەی کە لە زمانە کۆنەکەدا هەبوو، ڕێوڕەسم و پلەبەندیی کلیسای کۆنیان کرد.

"میسیۆنەرەکان لە نائومێد بوون لە چاکسازیی و خاوێنبوونەوەی کلیسای نەستۆری لەسەر خۆ بوون و ئوسقوفە ئینجیلییەکان هەندێک جار بەشداریان لە خزمەتگوزاریی دا دەکرد، و ئەوە کارێکی دژوار بوو کە هێڵێک دیاری بکەن کەنگێ شێوەی ئوسقوفیی کۆتایی پێهات و شێوەی پرێسبیتەریان لە ناو ڕێکخراوە ڕێفۆرمکراوەکەدا دەستی پێکرد.

"پەیوەندیی نێوان کاری میسیۆنی پرێسبیتەریان لە شێوە ئوسقوییە کۆنەکە شتێکی جیاوازە لەوەی کە لە ناو کریستیانە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە دا ئەنجام دراوە. ئەسقوفی مەزن کە پەنجا ساڵ لەسەر کار بوو لە سەرەتادا زۆر هەڵوێستێکی دۆستانەی بەرامبەر بە میسیۆنەرەکان هەبوو، و بۆ خۆی وەک تاک یارمەتی سەپەرشتی دروستکردنی خانووەکانی میسیۆنەکەی کرد. لە کۆتاییدا هەموو توانای خۆی لەکار کرد تا میسیۆنەکە تێک بشکێنێ. ئوسقوفی مەزنی ئێستا هەڵوێستێکی بێ لایەنانەی گرتووە، و زۆر جار ئینساف و دۆستایەتیی بەرامبەر بە کاری ئێمە نیشان داوە.

"پلەی دوای ئەو ئەسقوفی مەترانە ( کە بە سریانی بە مانای کەسێکە لە پێتەخت دەژی)، تەنیا یەکدانە ماوە لە ناو بیست و پێنج مەتران کە لە سەدەی سێزدەهەمەوە ناویان هاتووە. ئەوەی کە ئێستا لەسەر کارە لەم دواییانەدا هەوڵی بەکردوەی بۆ نزیکبوونەوە لە کلیسای ئینجلی دا تا لێک تێگەیشتنێک لە ڕێگای پەسەند کردنی هەندێک بنەمای گرینگ بێنێتە ئاراوە، و لە بارەی شتە ناسەرەکییەکان ڕێگای بە ئازادی بیرکردنەوە دا. ڕنگبێ ئەو لە تێگەیشتن لە گشت پرسە ئینجیلییەکانی نێوانماندا ناسەرکەوتوو بێ، بەڵام حەزێکی ڕاستگۆیانەی بۆ هەڵسوکەوتی ڕووڕاستانە و قازانج گەیاندن بە خەڵکەکەی هەیە.

"لە ناو ئوسقوفەکاندا، سێ دانەیان بۆ چاکسازیی یەکیان گرت و لە کلیسای ئینجیلی (پرۆتێستان) دا مردن. سێ ئوسقوفەکەی کوردستان هەڵوێستیان دۆستانەیە و نفوزیان بە قازانجی قوتابخانەکانی ئێمە بەکار دێنن.



سەرچاوە
Serchawe

"زۆرینەیەکی بەرچاو لە قەشە و فەقێی کلیسای کۆن، لانیکەم لە پارس، تێکەڵی جووڵانەوەی چاکسازیی بوون، و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە ئەوانی کە پلەی خوارووی قەشەیان هەیە. لە کۆی نزیک بە حەفتا لەو قەشانەی کە کاریان لەگەڵ میسیۆنەکە کردووە وەک مامۆستا، خوتبەخوێن و قەشە، و زیاتر لە نیوەی ئەوانە بەردەوامن و ئەندامی دەستەی ئاییینی ئێمەن. لە هەندێک شوێن چاکسازیی نزیکەی سەرجەم دانیشتوانی هێناوەتە ژێر نفوزی خۆی. لە زۆر شوێنان ئەوە شتێکی نامۆ نییە کە نیوەی دانیشتووان بەشداریی لە نزاکانی زستانیی ئێمەدا دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، زۆر شوێن هەن کە لەوێ ئەندامانی کلیسای کۆن بێ ئەخلاقن و دژی ئێمەن و نەزانیی و گوناهکاریی گەلێک زۆرە و چاکسازیی زۆر بە سستی دەچێتە پێش."

٨١ " بە یارمەتی خودا: (١) بۆ هەستاندنەوە و دروستکردنەوەی کلیسای تێکرووخاوی خۆرهەڵات و پێدانی شوێنی خۆی لەناو کلیساکانی کریستیان. (٢) بۆ گەیاندنی ژیانی رووحانی لە کلیسایەک کە سەرکوتکاریی چەندین سەدە گەیاندوویەتە دۆخی لاوازیی و نەزانیی. (٣) بۆ پێدانی کریستیانە کلدان و ئاسۆرییەکان (ئ) خوێندنی ئاییینی لە سەر پرەنسیپی بەرینی کاتۆلیکی پیرۆز و کلیسای ئاپۆستێل؛ (ب) خوێندنی سێکولار کە بۆ شێوەی ژیانی ئەوان گونجاو بێ، هەمان هەڵە و مەترسی باو لە بارەی خوێندنی زیادی و بە ئوروپایی بوونی خوێندن زۆر بە وردی سەرنجی دراوەتێ. (٤) بۆ ڕاهێنانی قەشەی خۆجێیی، لە ڕێگای قوتابخانە و سێمینار، کە شیاوی خزمەت بە خواوەند لە بانگهێشتی مەزنیان، و ئەنجامدانی ئەرکەکانیان وەک ڕێبەر و مامۆستای خەڵک لە گوندەکانیان. (٥) بۆ دروست کردنی قوتابخانە کە ئێستا هیچی لێ نییە، بە هۆی هەژاریی لە ڕادده بەدەر و بێ دەرەتانیی خەڵکەکە. (٦) بۆ یارمەتیدانی قەشەی مەزن و ئوسقوفەکان لە ڕێگای هاوفکری، و لە ڕێگای هاندان، و لە ڕێگای یارمەتی لێبڕاوانە. (٧) ئیعتراف کردن بە کلیسای کلدان لەسەر هێڵە کەوناراکانی، بۆ وەڕێخستنی دامودەزگای ئوسقوفیی کە ئێستا بە هۆی کەڵکی خراپ لێوەرگرتن لەکار کەوتووە، و بۆ بووژاندنەوەی دیسیپلینی ئاییینی لەناو پیاوانی ئاییینی و خەڵکی ئاسایی. (٨) بۆ چاپ کردنی کتێبە ئاییینییە کەوناراکانی کلدانی. ئێستا تەنیا بە شێوەی دەستنووسن، و ژمارەی کۆپییەکانی بۆ کلیساکانی ئەندام زۆر کەمن."

٨٢ "سریانی کۆن وەک وانە بە مانای خوێندنەوەی بەشێک لە نووسراوە پیرۆزەکان و وەرگێڕانیان بۆ سەر سریانی نوێیە."

٨٣ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نەتەوە کریستیانەکان هیچ هەوڵێکیان بۆ گەیاندنی بەرەکەتی ئاییینی کریستیان بە پارسەکان و باشووری تورکیە نەداوە. ئینگلیس دوو میسیۆنی ناردوون، یەکیان بۆ بەغدا و ئەوی دیکە بۆ جولفا. ئامریکا پێنج پێگەی میسیۆنی بۆ باکوور و ڕۆژئاوای پارس ناردووە بەڵام لە باشووری تورکیە و عەرەبستان هیچی لێ نییە.

ناوچە پڕ حەشیمەتەکانی کەنداوی فارس، عەشیرە مەزنەکانی دەشتی دیجلە و فوڕات، کۆچەرەکانی پارس، شارە گرینگەکانی شیراز، یەزد، مەشهەد، کاشان، قوم، کرمانشاه، وە سەرجەم باشوور، خۆرهەڵات و خۆرئاوای پارس (جگە لە هەمەدان و ورمێ)، لە لایەن هەوڵەکانی کریستینابییەوە دەست لێنەدراون! پرۆپاگاندا (دژی ئاییینی کریستیان) لە ئاستێکی هێندە قیزەوندا، کاریگەریی لە سەر موسڵمانی ژێر هەبووە کە جێگای شەرمەزارییە، و زەرەری بۆ ئاییینی کریستیان هەیە کە دەڵێن نوێنەرایەتیی دەکات.

٢٨ی مای ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## سەفەرەکانی پارس و کوردستان نامەی ژمارە ٢٧

### بەشی یەکەم،

ورمێ، ١٤ی ئۆکتۆبر

ڕێژەیەکی کەم لە مسافیرانی ئوروپایی سەردانی ورمێ و دەشتە فرە نایابەکەی دەکەن، "بەهەشتی پارس"، ئەگەرچی ئەو تەنیا ١١٢ مایل لە تەوریز دوورە. باغەکان تا دیوارەکانی شار دێن، نزیکەی پەنجا مایل درێژ و هەژدە مایل پانە، هەمووی چیندراوە، بە دراستانی چغور، حەشیمەتێکی زۆر، و لە لای ڕۆژهەڵات سنوورەکەی بیابان نییە کە وشک و بێبەر بێ، بەڵکو ئاوی شینی گۆلی ورمێیە، و لە ڕۆژئاوا دەگاتە چیا سەرکێشەکانی کوردستان. شارەکە چەند مایل ئەولاتری گۆلەکە هەڵکەوتووە.

ورمێ بە گشتیی زۆر جوان و لە دۆخێکی باش دایە. گەڕەکی کریستیانەکان تەقریبەن جوان، باش دروستکراو و مەزن، و دیوی دەرەوەی خانووەکان بە گشتیی لە خشتەی سوورە. بازاڕەکان مەزنن و پڕن لە شتومەک، و بازرگانیی تیایاندا گەرمە. دیوارەکان و شەقامەکان لە دۆخێکی باش دان، و هەروەها قووڵکە مەزنەکە کە دەتوانێ پڕ کرێ لە ئاو، کە دەورەی داون. سەرجەم دەروازەکان شەقامێکیان بۆ کێشراوە کە ئەمبەرئەوبەرەی دارسنجو و دار میوەی دیکەن. باغەکانی دیوی ژوورەوەی دیوارەکانی شار گەلێک جوانن، و باغی میوە و ڕەزەکان، دەشتەکان و سنەوبەرەکان شاهیدی فرە بوونی ئاو و شێوەی فرەباشی بڵاو کردنەوەنی. دەڵێن بەرزاییەکەی ١٣٤١ میتر لەسەرووی ئاستی دەریایە. ڕێژەی حەشیمەتەکەی نێوان ١٢٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠ کەسە.

ئەگەرچی ١٤ ڕووبار دەڕژێنە ناو گۆلی ورمێ، کە هەندێکیان بچووکیش نین، و هیچ ئاوێک لەوێوە ناچێتەدەر، ئەو بەردەوام کەم دەکا و زەوییەکی ڕووتی خاون سامانی بەرچاو لەپاش خۆی جێدەهێڵێ و بە هێکتار خوێی درەوشاوە. ڕێژەیەکی کەم بەلەم لەوێن، و هیچکامیان بۆ گواستنەوەی مسافیران نابن. ئاوەکەی هێندە سوێرە کە ماسی تیایدا ناژی.

شوێنە کەوناراکانی سەرنجڕاکێش لە ورمێ لە کلیسای سریانی مارت - مەریەمە کە نێوەی لە ژێر ئەرد دایە و دەڵێن لە لایەن ماگی (سێ پیاوەکە کە دیارییان بۆ عیسای مەسیح بردبوو کە تازە لە دایک ببوو. و.) دوای گەڕانەوەیان لە بەیت ئەللەحم دروست کراوە! بورجێک و مزگەوتێک بە میعماریی عەرەبیی کە حەوت سەدە کۆنن، و هەندێک گردی دەرەوەی دیوارەکان کە نزیکەی بیست تا سی و سێ میتر بەرزن، کە لە خۆڵەمێش پێکهاتوون، شوێنی میحرابی بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمەکانی یەکێک لە پاکترین ئایینە کۆنەکان. وەک شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت، و بۆ ماوەی چەند سەردەمی بەدوای یەکدا شاری پیرۆزی ئاگر پەرستەکان و شوێنی نۆژەنکردنەوەی ڕیوڕەسمە میتراییەکان، ورمێ دەبێ هەمیشە سەرنجڕاکێش بێ.



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژەی دانیشتووانی کریستیان لە شارەکە زۆر نییە، بەڵام گریمانە دەکرێ کە ٢٠٠٠٠ کریستیانی سریانی لە گوندەکانی دەشتەکەدا دەژین. سریانییەکانی کە لە شار دەژین زۆربەیان وەزعیان باشە، کە بۆ بازرگانیکردن هاتوونە ورمێ. باشترین فەرشەکان، هەروەها باشترین وێنەگرەکان و بەرگ درووکان، سریانین، و ئەگەرچی لە ڕابردوودا موسڵمانان خۆیان لە کڕینی شت لە کریستیانەکان دەبوارد، بە هۆی ئەوەی کە پێیان وابوو ئەو شتانەی ئەوان دروستی دەکەن ناخاوێنن، پێشداوەرییەکان بەرەو نەمانن.

جێگر حاکمێکی لێیە کە پێی دەڵێن سەرپەرست، کە ئەرکی هەلسوکەوت لەگەڵ کریستیانەکانی لە ئەستۆیە. ئیدارەکە وێدەچێ بۆ پارێزگاریی لەوان بێ و لە سەر داوای دەوڵەتی ئینگلیس دروست بووە، بەڵام ئوروپاییەکان ئەوی وەک ئامرازێکی سەرکوت و پارە بەزۆر لێ ئەستاندن سەیر دەکەن، و خوازیاری نەهێشتنی ئەون. کانۆن مەکلین تا ئەو جێیە دەڕووا کە دەڵێ: چەندقات بوونی دادوەرەکان لە پارس بە مانای چەندقات بوونی نادادپەروەرییە، و چەند قات بوونی ئەو کەسانەی کە دەتوانن بە زۆر پارە لە خەڵکی چارەڕەش بستێنن." بژیوی سەرپەرست و تاقمی خزمەتکارەکانی تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەو جەریمەکردن و بەرتیلانەی ئەو لە کریستیانەکانی دەستێنێ، لە ئاکامدا ئەو کێشە ساز دەکا و لە هەموو شوێنێک خەڵکەکەی هاندەدا سکاڵای بێهۆ بکەن، بە هەموو پێوانەیەک سریانییەکان یەکێک لە بە سکاڵاترین خەڵکن.

من لە بارەی کریستیانەکانی ورمێ و دەشتەکەی بە ناوی سریانی دەنووسم چونکە ئەوان بەم ناوە خۆیان دەناسێنن. ئێمە لە ئینگلیس ئەوان بە ناوی نەسرانی دەناسین، بەڵام ئەمە نازناوێکە کە خەڵکی بیانیی پێیان داون، و من هیچ هۆیەک نابینم بۆچی ناوێک بۆ نەتەوەیەک بکار بێنین کە هاوماناى بەدناویی "بێ ئایینێکی" کەونارایە. ئەوان هەندێک جار بەناوی کلدانی بانگ دەکرێن و ئوسقوفی مەزنی کانتێربوری ناوی "ئاسۆری" زیندوو کردۆتەوە، کە هەرگیز بۆخۆیان کەڵکی لێوەرناگرن و هیچ ڕۆژهەڵاتییەکیش کە باسی ئەوان دەکا کەڵک لەم ناوە وەر ناگرێ. موسڵمانەکان کەڵک لە ناوی نەسارا (خەڵکی ناسرە) تەنیا بۆ کریستیانەکانی سریانی وەر دەگرن. ئەوان ئیددیعا دەکەن کە ئایینی کریستیان لە لایەن ماگی لە دوای گەڕانەوەیان لە بەیتەلەحم لە ناویاندا بڵاو کراوەتەوە. گریمانەی بەرزترین ڕێژەی ئەوان ١٢٠٠٠٠ کەسە کە زیاتر لە ٨٠٠٠٠ کەسیان لە تورکیە دەژین. سریانییەکانی پارس لە دەشتەکان دەژین، بە شێوەی سەرەکیی لە دەشتی ورمێ و سەلماس، شوێنێک زەوی بەپیت بە شێوەیەکی زۆر هەستیارانە لەلایەن ئەوانەوە دەچێنرێ.

من لە دوایین نامەکەمدا ئاماژەم بە دەوڵەمەندیی و شێوەی باغ بوونی دەشتی ورمێ کرد. ئەو ٢٠٠٠٠ سریانییەی لێرە دەژین لە گوندی جیا لە کورد، فارس و ئەرمەنی دەژین و لە گشت لایەکەوە لە لایەن موسڵمانی شیعەوە گەمارۆ دراون. خاوەن زەوی یا ئاغاکانی گوندەکانیان بە گشتی موسڵمانن، کە کرێگرتەکانیان بە شیوازی فیۆداڵی بەڕیوەدەبەن. زەوی سەرمایەگوزارییەکی جێی پەسندە لە پارس و بە هۆی لێهاتوویی پیشەیی سریانییەکان، "ئاغایەتی" گوندەکانیان نرخێکی بەرزی هەیە. ئاغاکان زۆر جار وەرزێڕەکان سەرکوت دەکەن، بەڵام گرێبەستی (گرێبەستی وەرزێر لەگەڵ ئاغا) ماڵەکان تا ڕادەیەکی زۆر پارێزراوە، و بە گوێرەی کانۆن مەکلین، کە من بۆ ئەم زانیارییە منەتباری ئەوم، سیستەمێکی وەک سیستەمی فیودالی سکۆتلەند (بەڵام بێ بەڵگەنامەی نووسراو) کاری پێدەکرێ. ئەگەر کەسێک بیهەوێ خانوێک دروست بکا، چەند کەڵە قەند و چەند قران وەک دیاریی دەبا بۆ ئاغا و داوای



سەرچاوە
Serchawe

شوێنێکی لێدەکا. دوای ئەوەی کە ڕێگای پێدرا ٤ شیلینگ و ٩ پێنی وەک کرێی بنەڕەتیی ساڵانە دەبێ بدا بە ئاغا، بەڵام ئەو دەتوانێ خانووەکەی بە مەیلی خۆی دروست بکا و تا ئەو کاتەی کرێی بنەڕەتییەکەی دەدا ناتوانن خانووەکەی لێ بستێنن. جگە لەوە، ئەو دەتوانێ خانووەکە بفرۆشێ و بەڵگەی یاسایی بدا بە کڕیارەکە، تەنیا بە یەک مەرج ئەویش ئەوەیە کە خاوەنی نوێ دەبێ ببێتە ڕەعیەتی ئاغا.

جگە لە کرێی بنەڕەتی، کریگرتەکە دەبێ ٢ شیلینگ باجی ساڵانە بۆ هەر گامێشێک، بۆ هەر مانگایەک ١ شیلینگ و بۆ هەر سەرە بزنی مێ ٦ پێنی بدا، دوای ئەوەی کە دەست بە زاوزێی دەکەن. جگە لەمە ئاغا لە هەر بنەماڵەیەک ساڵانە ٢ پەلەوەر، بارێک دەوە و هەندێک هێلکە، ٣ ڕۆژ کاری سۆغرە یا بەرامبەری نرخەکەی، و پارەیەک بۆ هەر زەماوەندێک دەستێنێ. هەروەها گشت بنەماڵەیەک ساڵانە ٨ پێنی باج و بارەدارێک دەدا بە سەرپەرستی ورمێ، فەرمانداری موسڵمانی کریستیانەکان. لە بەرامبەردا ئاغا یەک لەسەر سێ یا نیوەی کۆی باجەکە دەدا بە پاشا.

خانوێکی گوندی ئەگەر لە خشتیش دروست بکرێ زۆر بە دەگمەن زیاتر لە ٣٥ پاوندی تێدەچێ و زۆر جار نیوەی ئەوەشی ناوێ. تایبەتمەندییەکی مەزنی شوێنی ژیانی سریانییەک ئەوەیە کە بە پێداگرییەوە پێی دەگوترێ "ماڵەکە"، ژووری دانیشتن، خەو، جگەرەکێشان، چێشتخانە، نانەواخانە و ژووری کار، گشتی یەکە و شوێنی ژیانی یەک یا چەند بنەماڵەیە. ئەم ژوورە ناکرێ باڵەخانەی لەسەر دروستکرێ، چونکە سەربانەکەی کلاوڕۆژنەی هەن. تەویلەیەک، ئەمبار و ژووری دانەوێڵە بەوێوە نووساوە.

سریانییەکانی دەشتی ورمێ تا ڕاددەیەکی زۆر پشتیان بە ڕەزی ترێ بەستووە، جا بەرهەمەکانیان ترێ، مێوژ یا شەراب بێ، هەمیشە فرۆشی باشیان هەیە. ئەوان وەک ماڵەکان لەسەر یەک گرێبەستن و تا ئەو کاتەی مێوەکان لەئەردی دان، و کرێی بنەڕەتیی، کە ساڵی ٧ شیلینگ بۆ یەک تەناپە (تەناپ = زەوییەکی ٢٣٤ میتری چوارگۆشە) بدرێ، کریگرتەکە ناکرێ دەرکرێ. لەو شوێنانەی کە باغی ڕەز بەکرێ دەدرێنەوە، کرێیەکە بۆ هەر تەناپ لە ١٠ تا ١٢ شیلینگە. ئەگەر کرێگرتەیەک ملکێک لە ئاغا بکرێتەوە، باجی ساڵانە بۆ هەر تەناپ ٥ شیلینگە، لێرەوار و باغی میوە وەک ڕەزەکان لەسەر یەک گرێبەست و یەک کرێن. مەسەلەی کێڵگەکان جیاوازە. ئەگەر کرێگرتە تۆو و شتی دیکە دابین بکا، یەک لەسەر سێی بەرهەمەکە دەداتە ئاغا، و ئەگەر ئاغا دابینکەری تۆو بێ کرێگرتەکە دوو لەسەر سێی بەرهەمەکە بۆ ئاغا دەگەڕێنێتەوە. کرێگرتەی کێڵگەکان دەتوانێ ساڵ لەگەڵ ساڵ بگۆڕدرێ.

٣ی جووڵای ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی دووهەم.

### ئەم شێوە کرێیە هەر ئێستا لە گشت گوندێک

کەڵکی لێوەردەگیرێ و ئاغاکان بۆخۆیان بۆ پێشگرتن لە ساختەکاریی داوا دەکەن کە دانەوێڵەکە لە لای ئەوان بەباداکرێ. جگە لەمە، خزمەتکارەکانیان شەو و ڕۆژ بە نۆبە، لە شوێنێک کە وەک "کەپرێکی باغی خەیار" یا کاڵەک دەچێ، لەخی گەڵیان لەسەر چوار ئەستۆندەکی ٢ تا ٥،٢ میتری داناون، ئێشک دەکێشن. یاریدەدەری ئاغا هەر چەند وەخت جارێک دێ تا بەشە دانەوێڵەی ئاغا وەرگرێ. ئەم کارە بەشێوەیەکی دڵگیر پاشکەوتووانەیە.

ڕێککەوتنەکان وێدەچێ دادپەروەرانە بن، باجەکان مامناوەندی، و لە هەندێک ڕوانگەوە خاوەنزەوییەکان کریستیانەکان لە بەراورد لەگەڵ جیرانە موسڵمانەکانیان زۆرتر ناچەوسێننەوە. خەڵکەکە ئیعتراف بەوە دەکەن کە لەپەیوەندیی لەگەڵ سەرکوتدا، ئەوان ئێستا وەزعیان زۆر لەجاران باشترە، و لەو بارەوە بوونی میسیۆنەرە ئامریکاییەکان لە ورمێ بە قازانجی ئەوان بووە، چونکە ئەم جوامێرانە هەرگیز لە بەرزکردنەوەی بابەتێک، کە بە وردی بەڵگەی بۆ کۆکرابێتەوە، لەلای حاکمی ورمێ خۆ ناپارێزن، و وەک دوایین شوێن دەیبەنە لای حاکمی ئازەربایجان. چەوساندنەوەی کە لەلایەن ئاغاکان ئەنجام دەدرێ ئەستاندنی باجی زیادی، داوای کاری بەخۆڕایی (سۆغرە) و هەڵگرتنی کچە کریستیانەکان بۆ حەرەمسەرای خۆیان. ئەو یاسایەنە کە تایبەتی کریستیانەکانن و زەرەریان بۆیان هەیە ئامانەن:

١- شاهیدیی کریستیانێک دژی موسڵمانێک قبووڵکراو نییە.

٢- ئەگەر هەر ئەندامێکی بنەماڵەیەکی کریستیان ببێتە موسڵمان، ئەو دەبێتە خاوەنی تاقانەی "ماڵەکە"، کە کەم جار هەڵدەکەوێ کە لە دوو یا سێ بنەماڵان پێک نەیە. ئەو ئەندامەی کە ئایین دەگۆڕێ زۆر جار کچێکە، کە یا ئاشقی لاوێکی موسڵمان دەبێ یا هەڵدەگیرێ، و بە ڕاستیی یا بە درۆ (کچەکە) دەڵێ کە چۆتە سەر ئایینی کوڕەکە. حاکمێکی باش لە دۆخی ئەوتۆدا هۆشیارە، و هەندێک جار لە ملکی بنەماڵەکە تەنیا بەشی کچەکە دەدا، بەڵام حاکمێکی خراپ لەوانەیە یاساکە بەڕێوە ببات، یا وەک ئامرازی ئەستاندنی بەرتیلی ماڵوێرانکەر بەکاری بێنێ.٨٦

گشت کریستیانێکی سەرووی شازدە ساڵ ٣٠ شیلینگ باجی ساڵانە دەدا بۆ ئەوەی کە لە سەربازیکردن ڕزگاری بێ، بەڵام ئەم باجە کوێخای گوند، کە هەم کۆکەرەوەی باجە و هەم نوێنەری [ئاغا] ناگرێتەوە. ئەو وەک قەشە حیسابی بۆ دەکرێ و لە لایەن گوندییەکانەوە ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ. لە ڕوانگەی منەوە کوێخا کریستیانەکان وەک کوێخا فارسەکان بە ئەدەب و ئەمەگناسن.

ئەگەرچی دەوڵەتی پارس تا ڕاددەیەکی زۆر لە هێنانە ژێر ڕکێفی کوردەکانی ناو خاکی خۆی سەرکەوتوو بووە، کریستیانەکانی نشێوەکانی دەشتی ورمێ مەڕوماڵاتی زۆریان لە لایەن کوردە چیاوانەکانەوەن لێ دەستێندرێ، کە (دەبێ بگوترێ) سنووری تورکیە دەبەزێنن و بە دەسکەوتەکانیانەوە دەگەڕێنەوە ناو تورکیە.٨٧

میسیۆنەرە ئامریکایی و ئینگلیسیەکان پێیان وا نییە کە سریانییەکان بێخەوشن، بەڵام ئامریکاییەکان دەبێ ژیانێکی باشتریان بەخشیبێتە سەدان کەس بە هۆی بەخشەندەییانەوە و ئەوانیش بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی ژیانیان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر برایانیان هەبووبێ. لەو کاتەوە من هاتووم، چەندین ژنم دیتوون کە وەک باشترینەکانی لای خۆمانن و ئەوە هۆکارەکەی ڕاهێنان و کاریگەریی کۆلێژی ئایینی فیسکەیە. من زۆرتر کەیفم بە ژنەکانیان دێ تا پیاوەکانیان.

کریستیانەکان گلەییەکی زۆریان لە شێوەی بەڕێوەبەریی "دادپەروەرییە"، و بێگومان هیچ شتێک لەمە خراپتر نییە، بەڵام ئوروپاییەکان دەڵێن کە هۆکاری بەشێکی زۆری ئەم دژوارییانە خۆیانن لەبەر شکایەتکاریی ترسناک و عادەتی چوونە لای دادگا بۆ گشت شتێکی بێنرخ. وێدەچی ڕەزیلیی بەهێز تایبەتمەندییەکی سریانییەکانی دەشتی پارس بێ، و لە جێی مەتمانە نەبوون و درۆزنیدا بەتەواوی وەک ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکەن. دەڵێن ئەوان زۆر مەست و نەزان و خوراڤاتیین، و خراپەکاریی و وێرانیی بەرچاوی کلیساکەیان درێژەدەری هەرچی خراپە کە لە کاراکتەری نەتەوەییان دایە. دەڵێن ژنەکانیان پاکن و بە خۆشییەوە هەندێک لە خراپترین شێوەکانی بێ ئەخلاقیی لە ناو سریانییەکاندا نامۆن، ئەگەرچی ئەوان لەگەڵ موسڵمانەکانی دەوروبەریان هاموشۆ دەکەن. میوانپەروەرییەکەیان، سۆزیان بۆ ئایینەکەیان و بەستراوەییان بە بنەماڵەیانەوە دەبێ دادپەروەرانە وەک تایبەتمەندییە باشەکانیان بۆیان حیساب بکرێ، بەڵام بەگشتیی پێموایە لە ڕاددەبەدەر سەرنجراکێشن، و من زۆر بەهێز هەست دەکەم کە هۆیەکەی ڕابردوویانە نەوەک دۆخی ئێستایان.

لەم دەشتە، جلوبەرگی پیاوەکان زۆر لە هی فارسەکاندا ئاسیمیلە بووە، بەڵام ژنەکان کەڵک لە جلوبەرگی نەتەوەی خۆیان وەردەگرن. بەرگی ژێرەوە کراسێکی ڕەنگییە، لەسەر ئەوەوە سوخمەیەک لە ڕەنگێکی دیکە لەبەر دەکەن و لەسەر ئەویشەوە کوڵتێکی بێ دوگمە کە تا سەر ئەژنۆیان دێ لەبەر دەکەن. شەڵواری گوشاد کە وەک دامەن دەچێ لەپێ دەکەن، و زۆر جار بەرهەڵبێنە دەبەستن و کەمەری زیوی قورس لەسەر ویەوە دەبەستن. سەرپۆشەکەیان زۆر لێیان دێتەوە، و لە شەپکەیەکی بەرز لە قوماش یا ئاوریشم بە گوڵدۆزیی یا خشڵ ڕازاوە پێکهاتووە، بە لێچکەیەکی کەتانی سپی لەسەر ئەوی و بەسەرییەوە، بەڵام ڕوخسار بەدەرەوەیە، مەگەر ئەوەی کە شووی کردبێ، کە بەشێک لە لێچکەکە بەسەر دەمیاندا دێنن. شتێکی پەسندکراو نییە کە تووکی سەریان بەدەرەوە بێ.

شتێکی شێوە ئینجیلیی بە دابونەریت و شێوەی قسەکردنیانەوە دیارە. لە کاتی ژەمی شەو لە گۆک تەپە بۆم دەرکەوت کە ئەگەر پیاوێک پاروەنانەکەی لە شۆرباوەکەی هەڵکێشێ و بیدا بە یەکی دیکە ئەمە نیشانەی دۆستایەتییە، بیرەوەرییەکی هەستبزوێنەر. قەشە بە "سڵاو مامۆستا" سڵاوی لێدەکرێ، بە مامۆستای قوتابخانە دەڵێن "ڕەببان"، کاتی سڵاو کردن دەڵێن "ئاشتی لەگەڵتا بێ"، و وشەی وەک تالیثا کومی و ئێفاتا جار جار لە نێو قسە کردنە ناڕوونەکانیاندا دەگاتە بەر گوێ، زمانی ئارامیی سەردەمی

خواوەنـدەکەمان زۆر لە سـریانی کـۆن نزیـک بـووە، کە زاراوەی ئێسـتا گەشـەی کـردووە. هەر وەک لەنـاو موسـڵمانان، ڕسـتەی ئـایینی ئاسـایین. سریانییەک کە میهرەبـانیی لەگەڵـدا بکـرێ زۆر جـار دەڵـێ، "خواوەنـدی من پاشـایەتی بەهەشتت پـێ بـدا"، و کاتێک کە کەسێک شتێکی بکڕێ، یا بۆ خانوویەکی نوێ بگوێزێتەوە، یا جلوبەرگی تـازە بپۆشێ، بە پێـێ نەریت پێـی دەڵـێن، "خـودا مـاڵەکەت، جلوبەرگەکەت پیـرۆز بکـا" هتد. مناڵێک کە ئەلفوبێی فێردەکەن، فێری دەکەن کە لە کۆتـایی وانەکەدا بڵـێ "شکۆمەندیی بـۆ مەسیح پاشای ئێمە". کۆپیکارێک کە دەست بە نووسین دەکا، لە قەراغێک بە شێوەیەکی جوان دەنووسێ، "بە یـارمەتی هێـزی خواوەنـدی ئێمە عیسای مەسیح دەست بە نووسین دەکەین،" و کاتێک پیاوێک دەست بە کارێک دەکـا بە گـوتنی "ئەگەر خـوا بیهەوێ من تەواوی دەکەم" ڕێز لە فەرمـانی ئـایینی دەگـرێ٨٨. بە وتەی هەڤـاڵەکەم سریانییەکانی کێـوی خەڵکێکی جیـاوازن، و چیاوانێک لە شەقامەکاندا بە جوانیی خۆی و جلوبەرگەکەی دەناسرێتەوە.

هەشت ڕۆژ مانەوە لە ورمێ زۆر بە بە خۆشی و خێرایـی تێپەڕ بـوون، هـاتووچۆی بەردەوام لە نێـوان کـۆلێژ، کـۆلێژی ئـایینی فیسکە، مـاڵی قەشـەکان و خوشکەکانی ئینگلیسـی، میوانـداریی لە سریانییەکان لە مـاڵێ و پێشـوازیی لەوان لە نـاو شـار، سـەردانی حـاکم، سەردانی قوتابخانەی دواناوەندیی ئینگلیسی، شوێنێک کە فەقێکان، بە جلوبەرگی جوانی سریانییەوە و خەنجەری بەر پشتێند، زۆرتـر وەک چەتـان دەچن تـا قوتـابی ئایینی، و تێپەڕ کردنی ڕۆژێـک لە گـۆک تەپە، بـۆ سـەردانی هەتیوخـانەی شەماشە خانانێشـو (دیـاکۆن ئابراهام)، ژەمی شەوم لەگەڵ ئەو و هاوسەرە دڵڕفێنەکەی و هەندێک سریانیی دیکە بە جلوبەرگی سریانییەوە خوارد و چوومە کلیسای قەرەباڵغی گۆک تەپە، شوێنێک کە بەشێک لە ئەردەکەی لە لایەن ژنانێک داگیـر کرابـوو کە وەک گـوڵزاری درەوشـاوی گـوڵاڵە دەچوو. لێـرە، لە ناوەڕاستی نزاکردنەکەدا، قەشـەکە گـوتی کە خەڵـک، بەتـایبەتی ژنەکـان، زۆر بەپەرۆشـن بـۆ ئەوەی کە بـزانن من بـۆچی سەفەر دەکەم، کە وەک کۆنجکۆڵیی هۆشیارانە من لە ڕێگـای وەرگێـڕێکەوە وەڵامم دایەوە و شـانازییەکانی کلیسـای مێژوویـی ئەوان و خزمەتە میسیۆنەرییەکانیم وەبیر هێنانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٨

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی - مای ٢٠٢٠ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe



کوردی ساوجبڵاغ